# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٩)- (٣١)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢

کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئازادی • دیموکراسی • دادپەروەری

1946 PDK 2022

# کۆنگرەی ١٤

## دارشتنی نەخشە ڕێگە بۆ داهاتووی نیشتمانێک




# کۆنگرەی یازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان

## ٤٠

بۆ یەکەم جار بوو دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان، پارتی کۆنگرە ببەستێت، کۆنگرەیەکی یەکجار گرنگ بوو، بۆ ئێمە و هەموو لایەنەکانی کوردستانی و هەموو دۆست و ناحەزانی ناوخۆ و دەرەوەش، کۆنگرەیەکی گەورە و پڕ لە حەماس بوو.

کۆنگرەکە ڕۆژی ١٦ی ئابی ١٩٩٣، لە شاری هەولێر و لە هۆڵی سەرداپۆشراوی وەرزشی کە دواتر بوو بە هۆڵی زەرد، دەستی بە کارەکانی کرد، چەند مانگ بوو ئامادەکاریی بۆ دەکرا، بۆ ئەوەی بە جوانترین و سەرکەوتووترین شێوە بەڕێوە بچێت. یەکێک لە بڕیارە گرنگەکان بریتی بوو لەوەی کە یەکگرتن[1] چۆن دێتە ناو پارتی؛ هەروەها هەر یەکە لە یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، هەڤاڵ عەلی سنجاری و (حركة المسلمين الفيليين)، جەلیل فەیلی هاتنە ناو پارتی. ئەوەی ڕاستی بێت کادیری دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لەناو ئەو لایەن و حزبانەدا هەبوون و هاتنیان بۆ ناو پارتی بۆ خۆیان و بۆ پارتییش هەنگاوێکی گرنگ و گەورە و مێژوویی بوو.

لە بابەتی بەخشینی پلە پێیان کێشەمان نەبوو و، هەوڵێکی زۆرمدا بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەم کە هەست بە هیچ جیاوازییەک نەکەن، بۆ نموونە: مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا کرا بە بەرپرسی لقی دوو و مولازم کەریمیش بە لێپرسراوی لقی چوار دانرا و هەردووکیان زۆر بە دڵسۆزی و لێهاتووییەوە کار و ئەرکەکانیان جێبەجێ کرد هەتا ئەوکاتەی شەهید بوون، ئەوەی ڕاستی بێ زیادکردنی پاش ناوی یەکگرتوو بۆ ناوی پارتی و دەستکاریکردنی ئاڵای پارتی شتێکی زیادە بوو و پێویست نەبوو.

بەڕاستی وشەیەکی زیاد بوو، هەروەها لەوەش خراپتر دەسکاریکردنی ڕەنگی ئاڵای پارتی بوو[2]. دوای تەواوبوونی کۆنگرە و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارەتیی هەڤاڵان، حەمەی حاجی مەحموود وەک سەرپەرشیاری کەرکووک – سلێمانی دەسنیشان کرا.

---

(١) سۆشیالیست، گەل پاسۆك، یەكیان گرتبوو بەناوی یەكگرتن و بڕیاریان دا بێنە ناو پارتی

(٢) لە كۆنگرەی دوزادەی پارتیدا هەردوو هەڵەكە ڕاست كرانەوە

## چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی ڕۆمانی (هەنگە بچکۆڵەکە) لە نووسینی ڕۆماننووسی بەریتانی و نووسەر لە ڕۆژنامەی گاردیان (کریس کلیف) و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە (سیروان عوسمان) کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە، وەرگێڕی ڕۆمانەکە وتەی هەندێ ڕۆژنامەی بە بەڵگە هێناوەتەوە، کە باس لە ناوەڕۆك و کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە دەکەن، ڕۆمانی هەنگە بچکۆڵەکە ئەو ڕۆمانەیە کە زیاتر لە یەك ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە، بەشێك لەو ڕۆژنامانە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ڕۆمانێکی خێزانییە، یان تام و چێژ و سوپرایزێکی زۆر ڕازیبوون و دڵشکاندن، هاوکات دەگوترێت ئەم ڕۆمانە بوێر و بەرزخوازە، چونکە نووسەرەکەی کە (کلیف)ـە خوێنەر دەخاتە ناو کەسایەتییەکان و بە بڕوابەخۆبوون قەناعەت بە قسەکانی دەهێنێت و لە قسەکانیشی پاشگەز نابێتەوە، لە نووسراوێکی دیکەدا سەبارەت بەم ڕۆمانە هاتووە کە کلیف هەستاوە ڕووداوەکە یەك بە دوای یەك بە لێهاتوویی خوێنەر دەگوازێتەوە لە کەناری ڕووبارەکانی نایجیریا بۆ گەڕەکەکانی شاری لەندەنی پێشکەوتوو و سەرنجڕاکێشراو.

ئەم ڕۆمانە، بابەتییە لە چوارچێوەی خێزانی و کۆمەڵگادایە شێوازی توندوتیژی فرە، وەك توندوتیژی لە ئەنجامی فەرامۆشکردنی کاروبارەی ناوچەیی بەرامبەر کاروباری جیهان.

(کریس کلیف) لە نووسینی ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانەدا شێوازی هەڵچوونی تایبەت بەکاردەهێنێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەسەر شێوازی تێگەیشتنی خوێنەر و تاقیکردنەوەی ئەدەب و ئەخلاقی، چونکە کەسایەتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لەلایەن نووسەرەکەیەوە زۆر بە جوانی و لووتکەی سەرکەوتنەوە دەریان دەخات. جێی ئاماژەیە کاری پیتچنین و دیزایینی ناوەڕۆك و بەرگی ئەم ڕۆمانە لەلایەن هاوکارمان (شاخەوان جەعفەر) بە شێوە و ستایلێکی جوان و ناوازە ئەنجامدراوە.

دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم ڕۆمانە دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە، لە چاوەڕوانیی بەرهەمی زیاتر و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیدا.

# چاپكراوی نوێ




ADMINISRATIVE REGULATIONS
AFFECTING
THE RIGHTSIZING PROCESS OF
GOVERNMENTAL EMPOLOYEES


واتە: ڕێكارە كارگێڕییەكان كە كاریگەرییان دەبێت لەسەر جێبەجێكردنی پرۆسەی كەمكردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی حكومی.. ناونیشانی كتێبێكە لە نووسینی دكتۆر ئاگرین عەبدوڵڵا عەزیز، ئەم كتێبە كە نامەی دكتۆراكەی بوو بە كارگێڕیی كارو بە زمانی ئینگلیزییە، وەك لێكۆڵینەوەیەكی زانستیی ئەكادیمی پێشكەش بە زانكۆی قوبرسی نێو دەوڵەتی كراوە (Cyprus International University)،


بە گشتی لێكۆڵینەوەكە لەسەر ئەوەیە كە بە چ میكانیزمێك هاوكاریی حكومەتی هەرێم بكرێت بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی و ڕزگاربوونی لە باری مووچەی زۆر كە ساڵانێكە هەرێم پێوەی دەناڵێنێت و كاریگەریی لەسەر پرۆسەی پێشكەوتن و ئابووریی هەرێم كردووە، بۆ جۆرێك و سوود وەرگرتن لەو ڕێكارگیرییانەی لە دنیادا لەلایەن حكومەتەكان و كۆمپاینا و دەزگا جۆراوجۆرەكان بەكارهێنراون بۆ دەربازبوون لە كێشەی بودجەی گەورە بۆ مووچە، چەند ڕێكاری كارگێڕی خراوەتە ناو لێكۆڵینەوەكە كە بریتین لە: كەمكردنەوەی ماوەی كاركردنی فەرمانبەر لە هەفتەیەك و كەمتر مووچە وەرگرتن، كاركردنی هاوبەش لەنێوان چەند فەرمانبەرێك، خانەنشین كردنی پێش وەختە، واوهێنانی خۆویستی فەرمانبەرێتی و بە بوونی هاندانێك، گواستنەوەی فەرمانبەر و گۆڕانكاری لە ئەركی فەرمانبەر، گوێزانەوەی كاری فەرمانبەرێتی، كەمكردنەوەی گشتی، دوورخستنەوەی فەرمانبەری كەمتەرخەم.

شایانی ئاماژە پێدانە كە هەموو ئەو ڕێكارانە، هەروەها جۆری پلیە فەرمانبەرێتی كە بەر كەمكردنەوە بكەوێت و زیادبوونی توانستی كاركردنی حكومەتی هەرێم و باشتربوونی باری دارایی لە ڕاپرسییەكدا كۆكرایەوەو بە شێوەی فۆرم دابەشكرا و ڕای نزیكەی ٢٦٠ فەرمانبەری پلە باڵا لە ڕاوێژكارو بەڕێوەبەری گشتی وەرگیرا، لە هەموو دەزگا فەرمییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لە سەرتاسەری هەرێمی كوردستان و پاشان بە بەرنامەی ئیحسای (SPSS) شیكرایەوە و ڕێبازی بڕی بۆ شیكردنەوەی داتاكان و بەراوردكردنی لەگەڵ ئەگەرەكان بەكارهێنراو تازەترین و پێشكەوتووترین بەرنامە و میكانیزمی شیكردنەوەی ستاتیستیكی بۆ بەكارهێنرا.

دەستخۆشی لە دكتۆر ئاگرین عەبدوڵڵا عەزیز دەكەین و هیوای سەركەوتنی بۆ دەخوازین.

# چاپكراوی نوێ






چاپی یەكەمی كتێبی (پۆرترێتی داهێنەران) لە نووسینی یووسف عەبدولقادر بە بەرگێكی ناوازەو لە دووتوێی (٤٠٠) لاپەڕە كەوتە بەردەست خوێنەران و هەوادارانی ئەم هونەرە.

نووسەری ئەم كتێبە هەوڵی داوە داهێنەرانی هەر چوار پارچەی كوردستان دروست بكات، لە كوردستانی باشووردا بالانسی نێوان شارەكانی ڕاگرتووە، هەندێ لە گەنجەكانیشی لەم بەرگی یەكەمەدا دروست كردووە، كە ژمارەیان زۆر كەمە، هەوڵیش دەدات ئەوانی دیكەش لە بەرگی دووەمدا دروست بكات، هەر وەك نووسەر دەڵێت: هۆكاری ئەمەش ئەوە بووە كە وێنەكانیانی دەست نەكەوتووە، هاوكات ئاماژە بەوە دەكات كە بە پێویستی زانیوە وێنەكان بەپێی پیتی ئەبجەد دابنێت بۆ ئەوەی لە ڕێزكردنی ناوەكاندا گلەیی نەیەتە سەر.

یووسف عەبدولقادر جگە لە هەوڵەكانی خۆی بۆ نووسین و ئامادەكردنی كتێبەكەی، سوودی لە ئەرشیفی گۆڤاری (ڕامان) و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید وەرگرتووە، كە زۆر وێنەی لە وەرگرتووە، دیسان سەردانی كتێبخانەكانی هەولێر كردووە، كە وێنەی هەندێ لەو داهێنەرانەی دەست بكەوێت، بەڵام نەیتوانیوە بەدەستیان بهێنێت.

كتێبی (پۆرترێتی داهێنەران) جگە لە وێنەی خەباتگێڕو باوكی ڕوحیی كورد مستەفا بارزانیی نەمر، وێنەی هەر یەك لە خەباتگێران مهاتما غتدی و نیلسۆن ماندیللا و تاگوری تێدایە، نووسەر لەم بوارەدا درێغی نەكردووە، دیسان كتێبەكە پۆرترێتی هەندێ لە كەسایەتییە سیاسی و كۆمەڵایەتی و هونەرمەندو ئەدیب و شاعیرانی كلاسیك و ئێستای كوردی لەخۆ گرتووە.

دانیەكی ئەم كتێبەی یووسف عەبدولقادر بە دیاری پێشكەش بە گۆڤاری گوڵان كراوە، وێڕای دەستخۆشی هیوای سەركەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.

مونا قهوەچی :




## درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ڕێگر بوو لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی

نەوزاد شێخ کامیل :



## دەتوانین زیاتر لە ٧٠٠ هەزار تۆن گەنم لە جووتیاران وەربگرین

مامۆستا مەلا حەمە ئەمین کەلاری :



## یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان گوزارشت لە دەنگ و ڕەنگی مەلای کورد دەکات و بە تەنگ پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانەوەیە

ستیڤن بلانک :



## بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی پوتین نابێت مەترسیی شەڕی ناوکی فەرامۆش بکەین





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نوسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

کەمال محەمەد ساڵح

## پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوتی و بەگەڕخستنی پاڵاوتگەکان وەرچەرخانێکی ستراتیژییە لە کەرتی وزە و ئابووری و خزمەتکردنی هاووڵاتیان




وەفا ئەحمەد :

## هیوای سەرکەوتن بۆ ئەو خانمانە دەخوازم کە بوێرانە بژێوی ژیان پەیدا دەکەن



## بەکارهێنانی هاوێنەی لکاو مەترسیی گەورەی هەیە



## کامێرایەک بۆ سەیرکردن و گرتنی وێنەی سێ ڕەهەندی



## ئێمپاپێ ریکۆردی میسی شکاند








## هونەرمەند دەڕوات.. هونەر دەمێنێت



# بارزانی لە ڕیفراندۆمدا کۆدەنگیی نیشتمانی دروست کرد





**ساسان حیکمەت مەلا عەلی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕێگای پەنابردنە بەر ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانە لە کاتی ئێستادا زیاتر پەسەندە، لە نێویشیاندا ڕیفراندۆمی میللی، لەم بارەیەوە بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ژمارە (٦٣٧) کە لە (١٩٥٢/١٢/١٦)دا دەرچوو، جەختی لەسەر ئەم مافە کردووەتەوە. (جەختکردنەوە لە سەر ئارەزووەکانی گەلان ئەویش لە ماوەی دەنگدانی گشتی، یان هەر ئامرازێکی دیکەی دادان پێدا نراو، کە باشترە لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان پیادە بکرێت) . بە بۆچوونی ئێمە ئەم بڕیارە جەخت لە سەر سەروەرێتیی گەلان دەکاتەوە لە بڕیاردان لە سەر بابەتە چارەنووسسازەکانیان، ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە.

ڕیفراندۆم لە ڕووی یاساییەوە بۆ دوو ڕێگای سەرەکی پۆلێن دەکرێت:

**أ : فەرمی:**

ئەمە کاتێك ئەنجام دەدرێت دوو لایەن، یان زیاتر بە شێوەیەکی یاسایی ڕێك بکەون لەسەر ئەوەی ڕێگایەکی بێلایەنانە پەیڕەو بکرێت، کە چەند لایەنێکی دیاریکراوی دیکەش زۆر جار ئاگاداری دەبن. نموونەی ئەم جۆرە ڕیفراندۆمە لە تەیمووری خۆرهەڵات (١٩٩٩) و باشووری سوودان (٢٠١١) ئەنجام دراوە .

**ب : نافەرمی:**

ئەم جۆرەیان بە بێ ڕێککەوتن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدرێت، واتە لایەنێك یەکلایەنە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی بێ گەڕانەوە بۆ ئەوانی دیکە. دەتوانین بڵێین: ئەو ڕیفراندۆمانەی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی کراون، زۆربەیان لە جۆری نافەرمی بوون، نموونەی ئەم جۆرەش لە کریمیا (٢٠١٤) و هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا (٢٠١٧) ئەنجام دراون.

پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و یوگسلاڤیا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تاکوو ساڵی (٢٠١٧) نزیکەی (٤٠) وڵات ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی تێدا ئەنجام دراوە، لە نێو ئەو (٤٠) وڵاتەشدا (١٩) وڵاتیان سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، ئەوانیش سلۆڤینیا (١٩٩٠)، ئەرمینیا(١٩٩١)، ئازەربایجان

**سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەعی گەلی کوردستان، سەرکردەیەکی بوێر و لێهاتوو و ئەندازیاری دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بووە**

**پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و یوگسلاڤیا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تاکوو ساڵی (٢٠١٧) نزیکەی (٤٠) وڵات ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی تێدا ئەنجام دراوە**

**ڕیفراندۆم زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد و کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا**



(١٩٩١)، کرواتیا (١٩٩١)، ئەستۆنیا (١٩٩١)، جۆرجیا (١٩٩١)، لاتیڤیا (١٩٩١)، لیتوانیا (١٩٩١)، مەکەدۆنیا (١٩٩١)، ئۆکرانیا (١٩٩١)، تورکمەنستان (١٩٩١)، ئۆزبکستان (١٩٩١)، بۆسنە و هەرسك (١٩٩٢)، ئەریتریا (١٩٩٣)، مۆلدۆڤا (١٩٩٤)، ئەنجوان (١٩٩٧)، تەیموری ڕۆژهەڵات (١٩٩٩)، مۆنتینیگرۆ (٢٠٠٦)، باشووری سوودان (٢٠١١) و (١٦) وڵاتیش نەیانتوانیوە سەربەخۆ بن، سەرەڕای ئەوەش هەریەکە لە کۆسۆڤۆ (١٩٩١)،ناگۆرنۆکەرەباغ (١٩٩١)، ترانسنیستریا (١٩٩١)، ئۆسیتیای باشوور (١٩٩٢)، دۆنیستك (٢٠١٤)، لوجانسك (٢٠١٤) بە حوکمی دیفاکتۆ سەربەخۆ بوون، بەڵام دانیان پێدا نەنراوە .

سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی گەلی کوردستان، سەرکردەیەکی بوێر و لێهاتوو و ئەندازیاری دروستکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بووە، بۆیە توانرا ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش تێك بشکێندرێت و گەلەکەمان بپارێزرێت، دوای بەرەو کۆتاهاتنی دەسەڵاتی داعشیش توانی کوردستانییان بەرەو پرۆسەیەکی دیموکراسییانەی مەدەنی و ئاشتیخوازانە بەرێت و بە زۆرینەی دەنگی «بەڵێ» ئیرادەی گەلەکەی سەرخست بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەمەشدا هیچ دەوڵەت و لایەنێکی سیاسی و حزب و ئایدیۆلۆژیایەك نەیانتوانی لەبەردەم ویست و خواستی گەلی خەباتگێڕی کوردستان بوەستێنەوە، ئەمەش دوای مێژوویەکی دوور و درێژ و خوێناوی دێت لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هەر بۆیە ڕیفراندۆم زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد و کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

ڕیفراندۆم بە هەموو پێوەرەکان وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە مێژووی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. کورد بە ڕیفراندۆم توانی کوردستانییەتی ناوچە جێناکۆکەکان بگەڕێنێتەوە، کە لە ساڵی بیستەکانەوە ئەو کاتەی کوردستان بە عێراقەوە لکێندرا، تەعریب و تەرحیل و وێرانکاری و کوردی تێدا دەکوژرێت. کورد لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەزۆرپێکەوە لکێندراو و دەوڵەتێکی شکستخواردوو بەردەوام کێشەی خاکی هەبووە. خۆ ئەگەر گەلی کورد و سەرۆك بارزانی ڕیفراندۆمیان نەکردایە، ئەوا ئەو هەلە مێژووییەی لە دەست دەچوو کە دوای سەد ساڵ کورد ئەو ناوچانەی دەست کەوتەوە و بە شێوەی دیفاکتۆ هاتنەوە سەر هەرێم، بە پێچەوانەوە بە نەکردنی ڕیفراندۆم و کەوتنە ژێر فشار و هەڕەشەی داگیرکەران و فشاری بەرژەوەندیخوازانەی وڵاتانی دراوسێ و دەوڵەتانی زلهێزی جیهان هەلێکی مێژوویی گەورەمان لە دەست دەدا. چونکە ڕیفراندۆم ویست و خواستی گەلێکە و بە تێپەڕبوونی کات ناسڕێتەوە و هەر کاتێك لە چوارچێوەی عێراقدا کورد هەڕەشەی لەسەر بوو، یان وەکو هاوبەشێکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، سەرکردایەتیی کورد دەتوانێت ئەو کارتە بەکار بهێنێت و گەلەکەی بەرەو سەربەخۆیی ببات.

گەلی کۆسۆڤۆ لە ساڵی ٢٠٠٨دا وتیان ئێمە ڕیفراندۆممان لە ساڵی نەوەکاندا ئەنجام داوە و پێویست ناکات جارێکی دیکە ئەو پرۆسەیە دووبارە بکەینەوە و سەربەخۆییان ڕاگەیاند.

دەکرێ بڵێین: پرسی ڕیفراندۆم هەروا لەخۆڕا دروست نەبووە، بەڵکو مێژووییەکی قووڵی لە ناو هەزر و ویژدانی سەرکردە مێژووییەکانی

**هەر کاتێک لە چوارچێوەی عێراقدا کورد هەڕەشەی لەسەر بوو، یان وەکو هاوبەشێکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، سەرکردایەتیی کورد دەتوانێت ئەو کارتە بەکار بهێنێت و گەلەکەی بەرەو سەربەخۆیی ببات**

**گەلی کۆسۆڤۆ لە ساڵی ٢٠٠٨دا وتیان ئێمە ڕیفراندۆممان لە ساڵی نەوەکاندا ئەنجام داوە و پێویست ناکات جارێکی دیکە ئەو پرۆسەیە دووبارە بکەینەوە و سەربەخۆییان ڕاگەیاند**



گەلی کورددا هەبووە. ئەوان دەیانزانی خەڵك و میللەتەکەیان خوازیاری چین و داوای چی دەکەن. شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید و شۆڕشەکانی بارزان و شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی گوڵان و ڕاپەڕین هەمووی بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی کورد و سەربەخۆیی و دروستبوونی کیانێکی کوردی بووە، بەڵام لە ژێر ناو و ناونیشانی دیکەدا لەبەرانبەردا تووشی ڕەشەکوژی و کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید و دەربەدەری و ڕاگواستن و سڕینەوەی ناسنامە و دەیان دڕندایەتی دیکە بووەتەوە، هەمووشی لەبەر ئەوە بووە کە گەلی کورد ئامادە نەبووە لە ناو وڵاتێکی پڕ لە ئاشووب و فیتنە و ڕك و کینە ژێردەستە بێت و ناسنامە و کەلتوور و زمانەکەی بسڕدرێتەوە. ئەم واقیعە تاڵە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە شێوە و شێوازی نوێ بەردەوامی هەیە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٠ کورد گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە بە هەمان عەقڵییەتی پێشوو عێراق بەڕێوە دەبرێت و، هەر کاتێك دەوڵەتی مەرکەزی بەغدا بەهێز بوو، دەگەڕێتەوە سەر هەمان خووی پێشووی، بۆیە کورد خوازیاری مانەوە نییە لە ناو ئەم دەوڵەتە شکستخواردووەدا و هەرگیز کورد متمانەی بە عێراقێکی مەزهەبی و تائیفی و ئیتنی نییە. سەرۆك بارزانی بەهێزترین کارتی خۆی ڕوو کرد، ئیتر گرنگ نییە لەم قۆناغەدا پاڵپشتی و پشتگیریی نێودەوڵەتی و ناوچەیمان بەدەست نەهێنا، لەبەر زاڵبوونی چەمکی بەرژەوەندیخوازانەی سیستەمی نوێی جیهان، گرنگ ئەوەیە پرۆسەکە سەرکەوتنی خۆی بە دەست هێنا، بە تایبەتی لە سەلماندنی کوردستانییەتی ناوچە جێناکۆکەکان کە بە ڕێژەیەکی بەرز خەڵکی بەشداریی دەنگدانی ڕیفراندۆمەکە بوون و بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لەو ماوە کورتەدا دەرکەوت و گفتوگۆ و دانیشتن و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ چین و توێژەکان و پارتە سیاسییەکان کاریگەریی بەهێزی بۆ دروستکردنی کۆدەنگیی نیشتمانی و سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەکە هەبوو. ئەم کۆدەنگییە بە ڕادەیەك بوو کە بە سەر هەموو ئەو فشار و پاڵەپەستۆ و چاوسوورکردنەوەیانەدا زاڵ بوو، کە دەکرایە سەر سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی کورد بۆ دەستبەرداربوونی ڕیفراندۆمەکە.

هەر چۆنێك بێت ڕیفراندۆم فێری کردین کە هیچ کەس و لایەن و گرووپێکی بەرژەوەندیخواز ناتوانێت بەرانبەر ویست و خواستی گەل بوەستێت، ئەوە ئیرادەی گەلی کورد بوو کە سەرۆك بارزانی سازشی لەسەر نەکرد و بە سەرکەوتوویی پرۆسەکەی جێبەجێ کرد و بووە حەتمییەت و کارتێکی ستراتیژی کە ڕەنگە لە ئێستادا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بەسوود بێت، چونکە ڕیفراندۆم لەگەڵ ئەوەی کارتێکی سیاسییە لە هەمان کاتدا بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و جوگرافییە، پێویستە لە کاتی دانوستانەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق بە تایبەتی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەکار بهێنرێت .

لە کۆتاییدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە دوارۆژدا هەر وڵاتێکی بە زۆر پێکەوە لکێندراو چارەنووسی جیابوونەوەیە، چونکە میللەتێك کۆمەڵکوژ کرابێت و جەلادەکانی بەرپرسیارێتی مێژووییان هەڵنەگرتبێت و داوای لێبووردنیان نەکردبێت، واتا عەقڵییەتی شۆڤێنی و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر بەردەوامی هەیە.

**پرسی ریفراندۆم هەروا لەخۆڕا دروست نەبووە، بەڵكو مێژووییەكی قووڵی لە ناو هزر و ویژدانی سەركردە مێژووییەكانی گەلی كورددا هەبووە**

**ریفراندۆم فێری كردین كە هیچ كەس و لایەن و گرووپێكی بەرژەوەندیخواز ناتوانێت بەرانبەر ویست و خواستی گەل بوەستێت**

کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئازادی • دیموکراسی • دادپەروەری

1946 PDK 2022

# کۆنگرەی ١٤
# داڕشتنی نەخشە ڕێگە
# بۆ داهاتووی نیشتمانێک

**لە ماوەی ڕابەرایەتیی سەرۆک مسعود بارزانی (١٩٧٩-٢٠٢٢)، بۆ یەکەم جارە هاوکات لەگەڵ گرێدانی کۆنگرە «بارەگای بارزانی»یش بوونی هەبێت**

**ئێستا کە هەیکەلەی دامەزراوەی بارەگای بارزانی تەواو بووە، بووەتە ڕەشماڵێک بۆ کۆکردنەوەی تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و تەواوی نەتەوە و جیاوازەکان لە کوردستاندا**

**بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە (١٩٦١-٢٠٢٢) لە هەر قۆناخێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان لاواز بووبێت، ئەوا تەواوی گەلی کوردستان تووشی کارەسات و نەهامەتی بووە، لە هەر قۆناخێکیشدا پارتی بەهێز بووبێت، ئەوا گەلی کوردستان سەربەرز و کامەران و خۆشگوزەران بووە**

وا بڕیارە لەم هەفتەیەدا ١٤یەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری دهۆك دەست بەکارەکانی خۆی بکات و چەند ڕۆژێك دەخایەنێت.

ئەم کۆنگرەیە کە بە چاودێری و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆك مسعود بارزانی بەڕێوە دەچێت، مەزندەی ئەوەی لێ دەکرێت کە گوتاری سەرۆك و گوتاری سیاسیی کۆنگرە، بە هاوشێوەی گوتارەکەی «ژەنەراڵ مستەفا بارزانی لە پاکۆ» جەختکردنەوە بێت لە بونیادنان و پاراستنی کوردستانێکی بەهێز و لە هەمانکاتیشیدا دەرخستنی ڕەهەندە دیارەکانی ئەو سیاسەت و ستراتیژە بێت، کە لەناو کوردستانێکی بەهێزدا دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانی «دەوڵەت و نەتەوە» و بونیادنانی ژیانێکی خۆشگوزەران و کامەرانی لەناو قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا.

ئەم کۆنگرەیە بۆ شەخسی سەرۆك بارزانی و تەواوی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەیەکی جیاواز و ناوازەیە و لە ماوەی ١٢ساڵی نێوان کۆنگرەی (١٣ و ١٤)، جیهان بە گشتی و هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرچەرخان و گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە و، لەناو ئەم گۆڕانکارییە گەورانەشدا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی و تەحەددای ئەوتۆ بووەتەوە کە وەك دەڵێن زۆر جاران وجوودی ئەم قەوارە سیاسییە گەیشتووەتە کەناری هەڵدێر، بەڵام لۆژیك و شێوازی دەوڵەتمەداریی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو مەترسی و تەحەددایانە، نەك بوونە هۆکاری ئەوەی مەترسیی «نەمان» لەسەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دوور بخاتەوە، بەڵکو هاوکات لەگەڵ تێکشکاندنی هەموو ئەو مەترسی و تەحەددییانە، سەرۆك بارزانی نەخشەی بۆ کوردستانێکی بەهێز داڕشت و، هەر بەو دروشمەشەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٨وە چووە ناو سێ هەڵبژاردنی «عێراق و کوردستان»ـەوە و، لە دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا زۆرینەی گەلی کوردستان «بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم»یشەوە بە متمانەدانیان بە پارتی، پارتییان کردە خاوەنی بڕیاری کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا بە هەمان شێواز زۆرینەی هاووڵاتیانی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردە پارتی فەرمانڕەوا.

لە ماوەی ڕابەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی (١٩٧٩-٢٠٢٢)، بۆ یەکەم جارە هاوکات لەگەڵ گرێدانی کۆنگرە «بارەگای بارزانی»یش بوونی هەبێت، هەر بۆیە دامەزراندنەوەی «بارەگای بارزانی» لە ماوەی نێوان کۆنگرەی (١٣ و ١٤) دیسان دەستکەوت و وەرچەرخانێکی گەورەیە و ئێستا کە هەیکەلەی دامەزراوەی بارەگای بارزانی تەواو بووە، بووەتە ڕەشماڵێك بۆ کۆکردنەوەی تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و تەواوی نەتەوە و جیاوازەکان لە کوردستاندا، لە هەمانکاتدا بووەتە ناوەندی دروستکردنی بڕیار بۆ ئایندەی کوردستان و هەروەها ناوەندی دروستکردنی بڕیار بۆ شێوازی بەشداریکردنی گەلی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، هەر بۆیە دیفاکتۆی سەنگ و شکۆی «بارەگای بارزانی» پرسێکی گرنگیی بەردەم کۆنگرەی ١٤ دەبێت و، دەبێت کۆنگرە ئیقرای شکۆ و دەسەڵاتەکانی «بارەگای بارزانی» وەك مەرجەعێك بۆ هەموو کوردستان بکات.

### ● بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی و خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناخێکی نوێ

مسعود بارزانی کە ئەمساڵ (٦٠)ـەمین مۆمی تەمەنی پێشمەرگایەتیی خۆی کوژاندەوە، لەناو هزری مستەفا بارزانیدا بۆ پێشمەرگایەتی و کوردایەتی پەروەردە کراوە، هەر بۆیە بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی حزبی سیاسی وەك ئامراز سەیر دەکات، نەك ئامانج. لەمەش گرنگتر شێواز و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم ئامرازییە کە چۆن دەخرێتە خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستانەوە.

بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە (١٩٦١-٢٠٢٢) لە هەر قۆناخێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان لاواز بووبێت، ئەوا تەواوی گەلی کوردستان تووشی کارەسات و نەهامەتی بووە، لە هەر قۆناخێکیشدا پارتی بەهێز بووبێت، ئەوا گەلی

کوردستان سەربەرز و کامەران و خۆشگوزەران بووە. ئەم مێژووە پێمان دەڵێت: «پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان جمکن و لێك جیا ناکرێنەوە».

لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا، هێز و تواناکانی نەتەوە پێویستی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوە هەیە بۆ ئەوەی ئیرادەی نەتەوە بە بەهێزی دەربکەوێت و، بگاتە ئەو ئاستەی کە توانای بەرگریکردنی لە دۆزی نەتەوە هەبێت و، لەناو گێژاوی گۆڕانکاریەکاندا نەتەوە بەرەو کەناری ئارامی بەرێت و، هەموو ئەمانەش پێویستی بە پارتی پێشڕەوی نیشتمانی هەیە کە بتوانێت ئەم ئەرکە چارەنووسسازەی نەتەوە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

لەسەر ئەم ئاراستەیە سەرۆك مسعود بارزانی ماوەی ٦٠ ساڵە درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد داوە و، هەموو کات پێشبینیی گۆڕانکارییەکانی ئایندەی کردووە و، پێش هاتنی گۆڕانکارییەکان ئامادەباشیی بۆ کردووە، لەسەر ئەم بنەمایەش کۆنگرەی چواردەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان گرێ دەدرێت و، سەرۆك مسعود بارزانی پێشبینیی بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو هەیە و، لەوەش دڵنیایە هەموو گۆڕانکارییەك پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی نەتەوە بتوانێت خۆی لەگەڵی بگونجێنێت و ڕووبەڕووی تەحەددییەکانی ببێتەوە.

لای تەواوی خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە ڕوون بووەتەوە بەوەی ڕاستە لە کوردستان بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین حزب و ئایدیۆلۆژیای دیکەش بوونیان هەیە، بەڵام کاتێك چارەنووسی نەتەوە و هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە دووڕێیانی «مان و نەمان»، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکەی سیاسی بەرپرسیاریەتی هەڵنەگرتووە و خۆی لێ نەکردووەتە ساحێب و نەیتوانیوە بەرگری لە نەتەوە و نیشتمان بکات، تازەترین نموونە کارەساتی «خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧» بوو، کە لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بێجگە لە پارتی نەك هەر تەنیا توانای بەرگرییان نەبوو، بەڵکو هەڵهەڵەیان بۆ هێرشەکانی دوژمن لێ دەدا و مژدەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی گەیشتنە هەولێر! بەڵام دوای ئەوەی ئیرادە سەرۆك بارزانی و قارەمانیی پێشمەرگە هێرشەکانی دوژمنی تێکشکاند و خەونەکانیان نەهاتەدی، ئیدی حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان خۆیان لە حکومەت کشاندەوە و داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی ئینقازی وەتەنیان دەکرد.

کەواتە ئەو بەرپرسیاریەتییە گەورەی لەم قۆناخەدا لەسەر شانی سەرۆك بارزانییە، پێویستی بەوەیە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەخشە ڕێگەی سیاسەت و ستراتیژ بۆ ئایندەی نیشتمانێك دابڕێژرێت و، دەبێت پارتی دووبارە ئامادە بکرێتەوە بۆ ئەوەی باشتر هەموو هێز و تواناکانی نەتەوە کۆبکاتەوە و دووبارە ڕێکیان بخاتەوە، بۆ ئەوەی ئیرادەی نەتەوە بگاتەوە ئەو ئاستەی کە خۆی بۆ قۆناخێکی نوێ ئامادە بکات.

## ● حوکمڕانیی باش لەناو کوردستانێکی بەهێزدا

کاتێك ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بە قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە و ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی جەنگ بەتاڵ کرایەوە، میدیاکانی جیهان دەیانووسی: «بارزانی و پێشمەرگە پرۆڤەی پاراستنی دەوڵەت دەکەن»، بەڵام ئەم پرۆڤەیە تەنیا چوار ڕۆژ دوای خیانەتە گەورەکەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و لە ماوەی نێوان «(٢٠تا٢٦)ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و تەنیا لە ماوەی شەش ڕۆژدا، ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەیان نەك لەگەڵ تەنیا یەك هێز، بەڵکو لەگەڵ چەندین هێز، دەکردە شانۆی نمایشی پاراستنی دەوڵەت و بۆ مێژوویان تۆمارکرد.

سەرۆك بارزانی بە ڕاگەیاندنی سەرکەوتن و کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش لە بەرەی هێزی پێشمەرگەوە، ئامانجی ئەوە بوو جارێکی دیکە سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسی لە کوردستان ڕێك بخاتەوە و کۆتایی بە ئیرهابی فیکری و گەندەڵی و پاشاگەردانی سیاسیی

**پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان جمکن و لێک جیا ناکرێنەوە**

**سەرۆک مسعود بارزانی ماوەی ٦٠ ساڵە درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد داوە و، هەموو کات پێشبینیی گۆڕانکارییەکانی ئایندەی کردووە و، پێش هاتنی گۆڕانکارییەکان ئامادەباشیی بۆ کردووە**

**ڕاستە لە کوردستان بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین حزب و ئایدیۆلۆژیای دیکەش بوونیان هەیە، بەڵام کاتێک چارەنووسی نەتەوە و هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە دووڕێیانی «مان و نەمان»، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکەی سیاسی بەرپرسیاریەتی هەڵنەگرتووە و خۆی لێ نەکردووەتە ساحێب و نەیتوانیوە بەرگری لە نەتەوە و نیشتمان بکات**




**سەرۆک بارزانی لەسەر ئاستی یەکریزیی نێوماڵی کوردستان و کۆتاییهاتنی ئیرهابی فیکری، پرۆسەی ڕیفراندۆمی کردە پرۆسەیەکی نیشتمانی و لیژنەی باڵای ڕیفراندۆمی کوردستانی دامەزراند**

**لەگەڵ ئەوەی دەنگدانی گەلی کوردستان (بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە) ڕێژەی ٩٢٪ بە «بەڵێ»ی تێپەڕاند، بەڵام ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان نەگیرا و بە هۆی خیانەتەوە ئەو ئاواتە گەورەیە دوا خرا، بەڵام نەتوانرا لە بار بیرێت**

بهێنێت، سەبارەت بە عێراقیش ئامانجی ئەوە بوو دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعەی عێراق ئەقڵییەتی سیاسیی خۆیان بەرانبەر دۆزی کوردستان بگۆڕن و چیتر هەڵەی ١٠٠ساڵی ڕابردووی حوکمڕانیی عێراق درێژە پی نەدەن.

سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی کوردستان و لابردنی ئاستەنگەکان لە بەردەم پیادەکردنی حوکمڕانیی باشدا، سەرۆك بارزانی پێداگری کرد، کە هەرچی زووە یاسای چاکسازی کە لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی کابینەی هەشتەمەوە ئامادە کرابوو، لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ بدرێت و پەسەند بکرێت، ئەمەیان بە هۆی پاشاگەردانی لە ناو پەرلەمان متمانەی پێ نەدرا. سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان و کۆتاییهاتنی ئیرهابی فیکری، پرۆسەی ڕیفراندۆمی کردە پرۆسەیەکی نیشتمانی و لیژنەی باڵای ڕیفراندۆمی کوردستانی دامەزراند و، لەگەڵ ئەوەی دەنگدانی گەلی کوردستان (بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە) ڕێژەی ٩٢٪ بە «بەڵێ»ی تێپەڕاند، بەڵام ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان نەگیرا و بە هۆی خیانەتەوە ئەو ئاواتە گەورەیە دوا خرا، بەڵام نەتوانرا لە بار بیرێت.

لەناو گێژاوی ئەو کارەساتە گەورەیەی «خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر» سەرۆك بارزانی چۆن لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ داوای لە بەرەی کوردستانی کرد، هەڵبژارن ئەنجام بدرێت و دەوڵەتی یاسا لە کوردستان دابمەزرێت، بە هەمان شیوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ بڕیاری دا، دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانی پەرلەمانی عێراقەوە بۆ دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعەی عێراقی بسەلمێنێت کە پارتی هەڵقوڵاوی ئیرادەی لە بن نەهاتووی خەڵکی کوردستانە و تەنیا پارتی نوێنەرایەتیی شەرعیی ئەو ئیرادەیە دەکات و دەبێت ڕێز لەو ئیرادەیەش بگیرێت و، پاش کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان، پارتی بە کردەیی سەلماندنی نوێنەری ڕاستەقینە و شەرعیی خەڵکی کوردستانە و بە ناچاری نوێنەرانی حەشدی شەعبی (ئەو هێزەی هێرشی کردە سەر کوردستان) ناچار بوون ددان بەم



ڕاستییەدا بنێن، ئەگەرچی زۆریش بۆیان تاڵ بوو.

لە ئەیلوولی ٢٠١٩ و لە میانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا بە سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بسەلمێنێت، ئەوانەی لە ڕۆژانی تەنگانە پشت لە میللەتی خۆیان دەکەن و خۆیان لە بەرپرسیاریەتی دەدزنەوە و خیانەت دەکەن، میللەت لەسەر سندوقی دەنگدان سزایان دەدات، ئەمەش دوای کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان سەلمێندرا و پارتی بووە حزبی فەرمانڕەوا و زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست هێنا.

نەخشە ڕێگەی سەرۆك بارزانی بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەرجەمەکردنی هێزی شەرعیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ ڕاوەستاندنی گەندەڵی و کۆتاییهێنان بە پاشاگەردانی سیاسیی ناو پەرلەمان و حکومەت و هەنگاوهەڵگرتن بۆ حوکمڕانیی باش لەناو کوردستانێکی بەهێزدا.

لەم ڕوانگەیەوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، وێستگەیەکە بۆ تەرجەمەکردنی ئەو متمانە و هێزەی کە خەڵکی کوردستان بە پارتییان داوە، سەرکەوتنی ئەم تەرجەمەیە لە ژێر ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی سەرۆك بارزانیدا، دەبێتە بابەتێکی گرنگ و ژیاریی کۆنگرەی چواردەیەم و، جیا لەوەی جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی داوە، دەبێت بپارێزێت و فراوانتر بکرێت، لە هەمان کاتدا دەبێت باشتر هێز و تواناکانی پارتی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە «سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان و حکومەت» بخرێتە خزمەتی حوکمڕانیی باش و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە «پیادەکردنی دادپەروەری و پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی» بەشێکی گرنگی گفتۆگۆکانی ناو کۆنگرەی چواردەیەم دەبێت، لەسەر ئەم پرسەش هێز و شکۆی سەرۆك بارزانی پشتیوان دەبێت بۆ ئەوەی لە قۆناخی داهاتوو دادپەروەری ببێتە مەحەك و یاسا سەروەر بێت و ئاشتیی کۆمەڵایەتی پارێزراو بێت.

**ئەوانەی لە ڕۆژانی تەنگانە پشت لە میللەتی خۆیان دەکەن و خۆیان لە بەرپرسیاریەتی دەدزنەوە و خیانەت دەکەن، میللەت لەسەر سندوقی دەنگدان سزایان دەدات**

**نەخشە ڕێگەی سەرۆك بارزانی بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەرجەمەکردنی هێزی شەرعیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ ڕاوەستاندنی گەندەڵی و کۆتاییهێنان بە پاشاگەردانی سیاسیی ناو پەرلەمان و حکومەت و هەنگاوهەڵگرتن بۆ حوکمڕانیی باش لەناو کوردستانێکی بەهێزدا**

**مامۆستا مەلا حەمە ئەمین کەلاری**
**شارەزا لە بواری شەریعەت و فیقهی ئیسلامی بۆ گوڵان:**

# یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان گوزارشت لە دەنگ و ڕەنگی مەلای کورد دەکات و بە تەنگ پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانەوەیە



**کورد دینداریی خۆی لە بەینی خۆی و خودا دەکات و تێکەڵی هیچ ئیسلامییەکی سیاسی و مەرام و بەرژەوەندییەکی ناکات**

**مامۆستا مەلا حەمە ئەمین کەلاری مامۆستا و زانایەکی هەڵکەوتووی شارەزایە لە بواری شەریعەت و فقهی ئیسلامی و، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستانە، بە درێژایی تەمەنی خزمەتێکی گەورەی شەریعەتی کردووە و لە قوتابخانە ئاینییەکان وانەی وتووەتەوە، لە ناو مەلا و مامۆستایانی ئاینیدا ڕێزێکی زۆری هەیە، لە بواری نەتەوەییشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و بەردەوام لەگەڵ گەلەکەیدا بووە و چەندین ساڵ ئەرکی مەکتەبی تەنفیزیی زانایانی پێ سپێردراوە. سەبارەت بە پێکەوە ژیان و لێبووردەیی ئاینی لە ناو گەلی کوردستاندا و ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی لە پتەوکردنی گیانی تەبایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەنجام دا و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** میللەتەکەمان لە قۆناغێکی هەستیاردایە، کەچی حزبە کوردستانییەکان هەریەکەو لە لایەك گوتاری بۆ دۆخەکە هەیە، ئایا لەم بێ سەروبەرییەی ئێستادا ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی چییە و مامۆستایانی ئاینی بۆ ئەرکی نیشتمانی دەبێت چۆن هەنگاو بنێن؟**

- میللەتەکەمان لە قۆناغەکانی ڕابردوودا هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، قۆناغی ئێستاشمان لەو پەڕی هەستیاریدایە، کەچی پرەنسیپی حزبایەتی پەرتەوازەیی زۆری پێوە دیارە و دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کەم بووەتەوە، ئەمەش ئەرکی مامۆستایانی ئاینی قورستر کردووە، مامۆستا دیار و ڕەسەنەکانی کوردستان زیاتر هەست بەم بارودۆخە دەکەن و هەروەکو چۆن لە ناکۆکییەکان و سەردەمی شەڕی ناوخۆ و ناخۆشییەکانی گەلەکەماندا مامۆستایانی ئاینی ڕۆڵی دڵسۆزانەی خۆیان گێڕاوە، ئێستاش دەبێت هەموو زانایان و مامۆستایانی ئاینی هەستیاریی دۆخەکە لەبەرچاو بگرن و بە ئەرکی نیشتمانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەڵسن و، وتار و کردار و چالاکییەکانیان هەمووی بخەنە خزمەتی دۆزی ڕەوای نیشتمان و میللەتەکەیانەوە، بە تایبەتی لە ئێستادا کە میللەتەکەمان دوژمنی لە هەموو کات زۆرترە.

*** یەکێك بوویت لەو مامۆستایانەی لە مەولوودی پێغەمبەر (د. خ) ئەمساڵ لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێزتان لێ نرا. تا چەند گرنگە مامۆستایانی ئاینی و سەرۆکی حکومەت لە یەك نزیك بن، بۆ ئەوەی وەکو جاران لە مێژوودا ڕۆڵ و پێگەی مامۆستایانی ئاینی لە پاراستنی نەتەوە و نیشتماندا بگەڕێتەوە؟**

- بە درێژایی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی گەلەکەمان مەلاکان بەشدارییەکی کارا و کاریگەرییان لە هەموو کایەکاندا هەبووە و لە ئازار و خۆشی و ناخۆشیی گەلەکەیاندا بەشداریی ڕاستەوخۆیان هەبووە، هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بوون لە نەتەوەکەیان و لە ناوەندی بڕیاریشەوە، ئەمە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستامان حەتمییەتی زیاترە، بەو پێیەی زانایانی ئاینی تێکەڵاوی ڕاستەوخۆی خەڵکن و خەڵکی بەو پەڕی ڕێزەوە لە پەیام و تێڕوانینەکانیان دەڕوانن، لە هەموو کات زیاتر ئەرکیانە پەیوەندییان لەگەڵ کاربەدەستدانی دەوڵەتدا هەبێت. زانایانی ئاینی هەمیشە داوا و پەیامیان لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکدا بووە، هەر ئەمەش وای کردووە سەرکردە سیاسی و دەوڵەتدارەکانی کوردستان بەوپەڕی بایەخەوە گرنگی بە زانایانی ئاینی و پەیامەکانیان بدەن. زانایانی ئاینی لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی گەلەکەماندا ڕێزلێگیراوترین چین بوون لای سەرکردەکانی کورد، پێشکەشکردنی سوپاس و پێزانین لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە بە ئێمەی زانایانی ئاینی، نزیکترین بەڵگەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانم.

*** هەندێك کەس دەڵێن ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووەتە کەرەستەیەك بۆ بیدعەی سیاسی، ئەمەش وای کردووە سۆفیگەری و تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئیسلام بشاردرێتەوە، ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی بازرگانی و حزبایەتی بە ئاین نەکرێت؟**

**گلەییم لە برادەرانی پارتی و ڕاگەیاندنەکانیان هەیە کە باس و ناوی مەلا مستەفا بارزانی دێت، زۆرجار پێشگری (مەلا)ی لێ دەکەنەوە، خۆ ئەگەر خۆی کۆچی دوایی نەکردایە، هەرگیز ئەمەی قبووڵ نەدەکرد**

**پرەنسیپی حزبایەتی پەرتەوازەیی زۆری پێوە دیارە و دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کەم بووەتەوە، ئەمەش ئەرکی مامۆستایانی ئایینی قورستر کردووە**

**ئەو کەسەی ئیسلامی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکار هێنابێت و ویستبێتی بەرژەوەندیی تایبەتی بچنێتەوە، هەر زوو ڕووی ڕاستەقینەی دەرکەوتووە و مەرامەکانی ئاشکرا بووە**

- مێژوو ئەوەی سەلماندووە و لە ئەمرۆژیشدا نموونەی زیندوومان زۆرە، ئەو کەسەی ئیسلامی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکار هێنابێت و ویستبێتی بەرژەوەندیی تایبەتی بچنێتەوە، هەر زوو ڕووی ڕاستەقینەی دەرکەوتووە و مەرامەکانی ئاشکرا بووە. سوپاس بۆ خودای گەورە میللەتی ئێمە پاکترینی گەلانین و دۆست و دوژمن ئەو شایەتییەمان بۆ دەدات، کورد تێگەیشتنێکی خوداویستانە و چاکەخواست و بێگەردی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەبووە، هەر کەسێك هەڵسابێت بە خزمەتکردنی ئەم دینە، لە هەموو کەس زیاتر بووەتە جێگای شانازی بۆ نەتەوەکەمان و دینەکەمان، نزیکەی ٩٠٪ی میللەتەکەمان موسڵمانە، کەچی ئەو هەموو لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە هەن و ژمارەی ئەندام و لایەنگرانیان ناگاتە دەیەکی شوێنکەوتەی ئایینەکە، هەمیشە کوردە دینپەروەرەکە ویستوویەتی دینداریی خۆی لە بەینی خۆی و خودا بکات و تێکەڵی هیچ مەرام و بەرژەوەندییەکی نەکات.

***میللەتی کورد زۆرینەی موسڵمانە، ئیتر بۆچی کەسانێك پەیدابوون بە ناوی ئایینەوە دەیانەوێت ببینە ئیسلامی، یان لە لایەن ڕژێم و حکومەتەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانەوە کوردی موسڵمان قەتڵوعام دەکرێت؟**

- میللەتی کورد تاکە میللەتە لە یەك کاتدا ویژدانی زیندووە و نیشتمانی خۆی خۆش دەوێت و دینی خۆی بە پاکی مومارەسە کردووە، تەنانەت هەست و سۆزی بەرامبەر دوژمنەکانیشی هەیە، دەست پاك و داوێن پاك و پارێزەری شیرازەی خێزانە و دژی زوڵم و ستەمە و میواندۆست و بەوەفایە، ئیسلام لەمە زیاتر داوای چیدی کردووە، بەدبەختیی ئەم میللەتەی ئێمە لەوەدایە کە هەرچیمان هەیە، خستوومانەتە خزمەتی ئایینەکەمانەوە، کەچی هەرچی ستەممان بەرامبەر کراوە، بە ناوی دینەوە کراوە، شارەکانمان پڕ مزگەوتن و گوندی بێ مزگەوتمان نییە، هەرچی کانی و کارێزێکە بەردە نوێژ و شوێنی نوێژی لەسەر دروست کراوە، گەرموگوڕترین مزگەوتەکانی سەر ڕووی زەوی مزگەوتەکانی کوردستانن، بە حوکمی ڕێکخراوەییم کە چەندین ساڵ ئەرکی مەکتەبی تەنفیزیی زانایانم بینیوە، زۆر وڵات و جێگە و مەجلیسی دینی و نەتەوەییم بینیوە، میللەت نییە لەسەر گۆی ئەم زەوییە لە کورد زیاتر جوانتر و باشتر و ڕاستگۆیانەتر ئیسلامی وەرگرتبێت و پەیڕەوی کردبێت، بەداخەوە نەیارەکانمان دەمارگیری و مردوویەتی ویژدانیان ڕێگەی پێ نەداون ددان بەم ڕاستییەدا بنێن.

*** بۆچی میللەتی کورد نەیتوانیوە وەکو گەلانی دیکەی ناوچەکە، بە تایبەتی عەرەب و فارس و تورك سوود لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ پاراستنی کیان و سەربەخۆیی خۆیی و گەیشتن بە دەوڵەت وەربگرێت؟**

- پەرۆشی و دڵسۆزی و ڕاستگۆییمان هەمیشە وای لێ کردووین، بەرژەوەندیی دینەکەمان بخەینە پێش دۆزە ڕەواکەمانەوە، لە کاتێکدا میللەتانی دەوروبەرمان باوەشێکی ڕووکەشیان بۆ دین کردووەتەوە و بەکاریان هێناوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بەڵام ئێمە باوەشی قووڵمان بۆ کردووەتەوە و تەنانەت بەرژەوەندیی نەتەوەییمان خستووەتە خزمەتی دینەکەمانەوە، ئەمە حاڵیبوونی ئێمە لە دین و ناحاڵێتیی گەلانی دیکەیە بۆ دین و هیچی دیکە نییە.

*** لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و زۆربەی سەرکردەکانی دیکەی کورد، کە ئەهلی مزگەوت و خانەقا و کەسانی ئایینی بوون، هاوکات مامۆستا و زانایانی ئیسلامییش لە دەوری بوون، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕایەوە و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشی ئەیلوولدا چۆن بوو، بۆ نموونە لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانیدا مامۆستایانی ئایینی ئیعتیباراتی شۆڕشەکەیان ڕاگرتبوو، کەچی ئێستا خاوەنی گوتاری خۆیان نین و ناتوانن دژی تەفرەقە و فیتنە و خیانەت بوەستنەوە؟**

- شانازییەکی گەورەیە بۆ ئێمەی مەلای کوردەواری کە زۆرێك لە شۆڕشەکانی گەلەکەمان ڕابەر و سەرکردە و هەڵسوڕێنەریان مەلا و کەسایەتییە ئایینیەکان بووە، من بۆ خۆم شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی گەلەکەشمانم بە چاوی خۆم بینیوە و بەشداریم تێدا کردووە، شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی ڕۆڵی گەورەی دابوو بە مەلای کورد و ڕێز و تەقدیری زۆری بۆیان



هەبوو، سەرپەشتیی ڕاستەوخۆی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانی کرد، لە هەموو لق و ناوچەکاندا مەلایەك دانرابوو قسەی ئەو مەلایە بڕیاری کۆتایی بوو. من گلەییم لە برادەرانی پارتی و ڕاگەیاندنەکانیان هەیە کە باس و ناوی مەلا مستەفا بارزانی دێت، زۆرجار پێشگری (مەلا)ی لێ دەکەنەوە، خۆ ئەگەر خۆی کۆچی دوایی نەکردایە، هەرگیز ئەمەی قبوڵ نەدەکرد، لەم سەردەمەشدا زۆربەی جار سەرکردە و دەوڵەتمەدارەکان خۆیان دەێنە لامان و بەردەوام جەخت لەسەر ڕۆڵی مەلا و مامۆستا و زانایانی ئیسلام دەکەنەوە لە پاراستنی گیانی تەبایی و خزمەتکردنی ئایین و نەتەوە و پاراستنی نیشتمان و بەها پیرۆزەکانی نەتەوەکەمان، سوپاس بۆ خودا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری مەلا و مامۆستا و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ژێر چەتری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستاندان و پابەندن بە پاراستنی هەموو بەها پیرۆزە نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، زۆر کەمن ئەو دەنگانەی نامۆن و نائاشنان بە ڕێباز و ئاراستەی مەلا ڕەسەن و ئایینپەروەرەکانی کوردستان.

*** ئەگەر قسەیەکت مابێت و ئێمە پرسیارمان نەکردبێت، دەتوانن باسی بکەن؟**

- من وای دەبینم ئێستاش لە جاران زیاتر یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان کە گوزارشتە لە دەنگ و ڕەنگی مەلای کورد، بە تەنگ پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانەوەن، تەفرەقەچییەکان لە بازنەیەکی دەوروبەری خۆیاندا دەخولێنەوە، ڕێکخراوی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە هەموو وێستگە و ڕووداو و قۆناغەکانی گەلەکەماندا هەڵوێستی بوێرانە و بەرپرسانەی هەیە و، ئەنجومەنی فەتوامان ئەنجومەنێکی زۆر کارا و کاریگەرە و لە هەموو پرسەکاندا فەتوا و بۆچوونی تایبەتی هەیە.

**سوپاس بۆ خودا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری مەلا و مامۆستا و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ژێر چەتری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستاندان و پابەندن بە پاراستنی هەموو بەها پیرۆزە نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانەوە**

مونا قهوەچی
سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ڕێگر بوو لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی

■

## لەم خولەی پەرلەماندا ٤٨٩٣ پرسیار ئاراستەی حکومەت کراوە و زیاتر لە ٩٠٪ی وەڵام دراونەتەوە

■

## هەتا ئێستا هیچ فراکسیۆن و پەرلەمانتارێک بە فەرمی داوای دەست لە کار کێشانەوەی پێشکەش نەکردووە



دوای ئەوەی نەتوانرا پڕۆژە یاسای هەموارکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و پاشان پەسەند بکرێت، پەرلەمانی کوردستان ناچار بوو پرسی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بخاتە دەنگدانەوە و توانی بە دەنگی ٨٠ پەرلەمانتار یاساکە پەسەند بکات و، بەپێی ئەم یاسایەش دوو وەرز بۆ پەرلەمانی کوردستان درێژ کرایەوە. بۆ قسەکردن لەسەر هۆکاری درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و هەروەها پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان حکومەت و پەرلەمان لەم خولەدا و هۆکاری چارەسەرنەکردنی ماوە بەسەرچوونی هەردوو دامەزراوەی «دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی»و چەندین پرسی دیکەی پەیوەندیدار، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** پەرلەمانی کوردستان پێ دەنێتە وەرزێکی دیکەی پەرلەمانی و یەکەمین وەرزە کە تەمەنی خۆی بۆ دوو وەرز درێژ کردووەتەوە. ئایا یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم وەرزە کەی دەست پێ دەکات و چ پڕۆژە یاسایەکی نوێتان لەبەر دەستە بۆ ئەوەی بیخەنە بەرنامەی کارەوە؟**

- ئێمە وەك دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا و

لە دەستپێکدا سەردانی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانمان کرد و لە سەرووی هەموویان جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و داوامان کرد، هاوکار و هاوسۆز بن بۆ ئەوەی بتوانین سەرجەم ئەو پرۆژە یاسایانەی دێنە پەرلەمان لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان پەسند بکرێن. لەم بارەشەوە جەنابی سەرۆك بارزانی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پاڵپشتیی خۆیان دەربڕی. هەروەها داوامان کردووە لەم خولەی پەرلەماندا کار بکەین بۆ ئەوەی ببین بە خاوەن دەستووری خۆمان، خۆشبەختانە پاڵپشتیمان لەلایەن جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و گشت حزب و لایەنە کوردستانییەکان و هەموو پێکهاتەکانەوە وەرگرتووە. ئێمە وەك دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان زۆر هەوڵمان دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کات و ساتی خۆی ئەنجام بدرێت و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسومی دەرکرد کە هەڵبژاردن لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی پەرلەماندا لە کاتی خۆیدا بکرێت، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە (١١) کۆبوونەوەمان ئەنجام دا. بەڵام ئەوە بوو لە لایەن لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە چەند پڕۆژەیەك هێنرایە پەرلەمان کە بینیمان لە سایەی ئەو پڕۆژانەوە ناکۆکی هاتە ئاراوە. بەڵام بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی دروست نەبێت، پێشنیار کرا، یاسایەك بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم خولەی پەرلەمان ئامادە بکرێت و ئەو یاسایەش بە واژووی ٨٥ پەرلەمانتار پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا، پاشان خوێندنەوەی بۆ ئەنجام درا کە بە دەنگی ٨٠ پەرلەمانتار یاساکە پەسند کرا، کە تەمەنی پەرلەمان بۆ یەك ساڵ، یان بۆ دوو وەرزی پەرلەمانی درێژ بکرێتەوە، ئەگەر لە ڕووی یاسایی پرسیار بکەین: ئایا ئەم درێژکردنەوەیەی پەرلەمان یاسایی و تەندروستە؟ ئەوە لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، نە یاساییە و نە تەندروستیشە، چونکە خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵ دەنگی بە ئەندامانی پەرلەمان داوە، بەڵام دۆخەکە وا دەخوازێت کە نەهێڵین بۆشایی یاسایی لە کوردستان دروست بێت، کە بۆی هەیە دۆخێکی نەخوازراو بهێنێتە ئاراوە، بۆیە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان باشترە لەوەی ئەو بۆشاییە یاساییە دروست بێت.

*** دیارە ئەو فراکسیۆنانەی ناڕازی بوون لەسەر درێژکردنەوەی پەرلەمان بڕیاریان داوە لە دوای ٦ی نۆڤبەرەوە دەست لەکار بکێشنەوە، ئایا ئەگەر دەستیان لە کار کێشایەوە، بە چ میکانیزمێك ئەو شوێنانە پڕ دەکەنەوە؟**

- ئەندام پەرلەمان لە ناو پەرلەماندا سوێند دەخوات لە پاشان شەرعییەتی وەك پەرلەمانتار پێ دەدرێت، هەروەها دەبێت دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتاریش بە هەمانشێوە لەناو پەرلەمانەوە و بە زۆرینەی دەنگ پەسند بکرێت، کە ئەمەش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە و هەموو پەرلەمانتارێك ئازادە کە دەست لەکار دەکێشێتەوە، یان بەردەوام دەبێت. لەلایەکی دیکەوە هەندێ فراکسیۆن و ئەندام پەرلەمانی کوردستان دژی درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بوون، بە بیانووی ئەوەی کە ئەمە ڕێزنەگرتنە لە دەنگی خەڵك، بەڵام ئەوە بوو بە دەنگی ٨٠ پەرلەمانتار ماوەی پەرلەمان کوردستان درێژ کرایەوە، بۆیە درێژکردنەوەکە شەرعییەتی خۆی وەرگرتووە و بۆ دڵنیایی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان- تا ئەو ساتەی کەمن بۆ گۆڤاری گوڵانی ئازیز لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان قسە دەکەم- هیچ ئەندام پەرلەمان و فراکسیۆنێکی دیاریکراو لە ئۆپۆزسیۆن داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی بە فەرمی پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان نەکردووە، بەڵکو تەنیا لە ڕاگەیاندنەکان و فەیسبوك و سۆشیاڵ میدیاوە گوێبیستی ئەو دەست لەکارکێشانەوانە دەبین، ئەمەش چونکە بە فەرمی نییە، ناچێتە بواری یاساییەوە. بەڵام ئەگەر پەرلەمانتارێك، یان فراکسیۆنێك بە فەرمی داواکاری بۆ دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، ئەو کات بەپێی یاسای کۆمیسیۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە لە یاسای کۆمیسیۆندا دەستنیشانی ئەوە کراوە کە هەر فراکسیۆنێك دەست لەکار دەکێشێتەوە، ئەوە دەبێت یەکەمجار نییەتەکەی

سەردانی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانمان کرد و لە سەرووی هەموویان جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و داوامان کرد، هاوکار و هاوسۆز بن بۆ ئەوەی بتوانین سەرجەم ئەو پڕۆژە یاسایانەی دێنە پەرلەمان لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان پەسند بکرێن

داوامان کردووە لەم خولەی پەرلەماندا کار بکەین بۆ ئەوەی ببین بە خاوەن دەستووری خۆمان، خۆشبەختانە پاڵپشتیمان لەلایەن جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و گشت حزب و لایەنە کوردستانییەکان و هەموو پێکهاتەکانەوە وەرگرتووە

دیاری بکات، کە ئایا ئەو پەرلەمانتارانە دەست لەکار دەکێشنەوە و، پەرلەمانتاری دیکە لە هەمان فراکسیۆن لە جێگایان دادەنێت، یان ئەو فراکسیۆنە بە یەکجاری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەکشێتەوە. لەو کاتەی کە فراکسیۆنێك بە تەواوی ئەندامەکانی لە پرۆسەکە بکشێتەوە، ئەوە دەبێت دەستبەرداری هەموو ئیمتیازات و مووچە و دەرماڵە و مافێکی خۆیان بن و شوێنەکانیان بەو لیستانە پڕ دەکرێتەوە کە دوای ئەوان زۆرترین دەنگیان هێناوە.

*** یەکێك لە کێشەکانی ئەم خولە کە ناچاربوون تەمەنی پەرلەمانی بۆ درێژ بکەنەوە، هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بوو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە و کارکردنەوەی کۆمسیۆنی باڵا نەخرانە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ بکرێت و پەسەند بکرێت؟**

- ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و پرسیاری هەموو خەڵك و پێکهاتەکانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانە بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیشەوە، ئێمەش دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان نەمانویست ببینە بەربەستێك، بەڵکو دەرفەتمان ڕەخساند بۆ فراکسیۆنەکان کە خۆیان یەکلا بکەنەوە و پڕۆژە یاسایەکی گشتگیر و گشتی و نیشتمانی ئامادە بکەن کە ڕاوبۆچوون و سەرنجی گشت فراکسیۆنەکانی لەخۆ گرتبێت، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و پێکەوە ژیان و مافی پێکهاتەکان، پڕۆژەیان پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، ئەگەرچی بەندە وەك نوێنەری پێکهاتەکان لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بە هێچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نەبووم، ئەو پڕۆژە یاسایە بۆ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بچێتە بواری جێبەجێکردن، چونکە ئەو فراکسیۆن و لایەنانە بە بێ پرس و ڕاوەرگرتنی پێکهاتەکان و ڕەچاوکردنی مافەکانیان لە بەرژەوەندیی تەسکی سیاسی و حزبایەتیی خۆیان پڕۆژەیان ئامادە کردبوو. هەروەها ئێمە وەك پێکهاتەکان پابەندیی خۆمان دەربڕی و ڕامانگەیاند کە هیچ حزبێکی سیاسیی کوردستانی بۆی نییە دەستکاریی کورسیی کۆتاکان بکات. هاوکات کارانەکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان یەکێك بوو لەو بەربەستانەی بەردەم هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی کوردستان و کاتێك کە ئەو کۆمیسیۆنە دانرا، مافی پێکهاتەکانی کوردستانی تێدا پێشێل کرا، هەر بۆیە لە کاتی کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان داوامان کرد ئەندامانی کۆمیسیۆن لە ٩ ئەندام بەرز بکرێتەوە بۆ ١١ ئەندام، تاوەکو کاندیدی پێکهاتەی تورکمان لەلایەن فراکسیۆن و لایەنەکانی پێکهاتەی تورکمان هەڵبژێردرێت، نەك حزبێکی سیاسیی کوردی، هەر بۆیە داوامان کرد لە کاتی کاراکردنەوەدا نوێنەری تورکمان و کلدان، ئاشوور، سریان لەلایان خۆیانەوە دەستنیشان بکرێن، کە ڕێگرییان لەمەش کرد، بۆیە بۆ ئەوەی دۆخی نەخوازراو دروست نەبێت، وەك پێکهاتەی تورکمان و کلدان، ئاشوور، سریان دەستپێشخەرییەکمان کرد بۆ ئەوەی کۆمیسیۆن کارا بکرێتەوە، بەڵام بە هەمان میکانیزم و کاندیدیش لەلایەن پێکهاتەی تورکمانەوە دەستنیشان بکرێت، ئەمەشیان قبووڵ نەکرد.

*** یەکێك لەو بڕگە تازانەی خرابووە ناو هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، پرسی کۆتای پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بوو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی دەستێوەردان لە مافی پێکهاتەکان دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە دەبێت زیاتر مافەکانیان دابین بکرێت؟**

- ئێمە لە خولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانمان پەسند کرد، بەڵام ئەم یاسایە بەپێی پێویست جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە ئێمە وەك پێکهاتەی تورکمان پێنج ئەندام پەرلەمانمان لە پەرلەمانی کوردستان بەپێی سیستەمی کۆتا هەیە، بەڵام ئایا بەشێك لەو حزبە سیاسییانەی کوردستان چۆن ڕێگایان بە خۆیان داوە کە دەستکاریی کورسیی کۆتا بکەن، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕاوبۆچوونی پێکهاتەکان؟ ئەگەرچی

**ئەو فراکسیۆن و لایەنانە بەبێ پرس و ڕاوەرگرتنی پێکهاتەکان و ڕەچاوکردنی مافەکانیان لە بەرژەوەندیی تەسکی سیاسی و حزبایەتیی خۆیان پڕۆژەیان ئامادە کردبوو**

**ئێمە وەک پێکهاتەکان هاوپەیمانیی ڕاستەقینەمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە و ئەمە شتێکی شاراوە نییە و بە شانازییەوە ئەو هاوپەیمانییەمان هەیە، هەر وەک ئەوەی لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا پارتی هاوپەیمانیی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان دروست کردووە**

پێکهاتەی (تورکمان و کلدان، ئاشوور، سریان، ئەرمەن و...)یان تۆمەتبار دەکرد کە هاوشان بە سیاسەتی حزبێکی سیاسیی دیاریکراو کار دەکەن، بەڵام ئێمە ئەو کات و ئێستاکەش ئەوە ڕەت دەکەینەوە، بەڵکو ئێمە وەك پێکهاتەکان هاوپەیمانیی ڕاستەقینەمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە و ئەمە شتێکی شاراوە نییە و بە شانازییەوە ئەو هاوپەیمانییەمان هەیە، هەر وەك ئەوەی لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا پارتی هاوپەیمانیی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان دروست کردووە، بە هەمان شێوەش پارتی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان هەیە. بۆیە لێرەدا دەڵێین ئەو هاوپەیمانییە چۆن بۆ حزبە کوردستانییەکان ڕەوایە، ئاواش بۆ تورکمان و پێکهاتەکان ڕەوایە و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان ڕەوایە کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لایەن و حزبە بکەین کە زۆرترین مافەکانمان پێ بە ڕەوا دەبینێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە. هەرچەندە سەرجەم مافەکانی تورکمان دەستەبەر نەکراون، بەڵکو بەپێی سیستەمی کۆتا پێنج کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان دیاری کراوە، کە ئێستا هەندێ لایەن و حزبی کوردستانی دەیانەوێت ئەو پێنج کورسییەش بەپێی بەرژەوەندیی حزبی دابەش بکەن، بۆ ناوچەی سەوز و ناوچەی زەرد کە ئەمەش بە هیچ جۆرێك قبووڵمان نییە.

**بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان ڕەوایە کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لایەن و حزبە بکەین کە زۆرترین مافەکانمان پێ بە ڕەوا دەبینێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە**

*** وەك سکرتێری پەرلەمانی کوردستان کە سەر بە نەتەوەی تورکمانی چۆن سەیری ئەم دەستتێوەردانەی لایەنە سیاسییەکان دەکەیت بۆ کەمکردنەوە، یان پەرتکردنی داتاکانی ئێوە؟ ئایا بێجگە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکە دژی ئەم بڕگەیە ڕاوەستایەوە؟**

- پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا پۆستی پێکهاتەی تورکمانە و بە شانازییەوە سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین کە دەستپێشخەری نواند و سوور بوو لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا کە لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان پۆستێك بۆ پێکهاتەکان بێت، کە لەم خولەدا پێکهاتەی تورکمان ئەو پۆستەی وەرگرت و ئەمەش بۆ ئێمە جێگای شانازییە و بە بێ جیاوازیی حزبی و نەتەوەیی وەك کوردستانییەك لە خزمەت گەلی کوردستانداین. بۆیە لێرەدا دەڵێم با ئەو لایەن و حزبانەی ئێمە تۆمەتبار دەکەن کە پاڵپشتی و خزمەت بە ئەدا و سیاسەتی حزبێکی کوردستانی دەکەین، با ئەوانیش دەستپێشخەری بکەن و لە کاتی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان هاوکار و پاڵپشتی ئێمە و پێکهاتەکان بن و وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوان و هاوکاری ڕاستەقینەمان بن بۆ بە دەستهێنانی مافەکانمان.

*** یەکێك لە گرنگترینی ئەو یاسایانەی ئەم خولەی پەرلەمان پەسەندی کرد، یاسای چاکسازی بوو، بەڵام هاوکات هەندێك دامەزراوەی گرنگ هەن وەك «دیوانی چاودێری، دەستەی دەستپاکی» وادەی یاساییان تەواو بووە و ئێوەش بە یاسا تەمەنی ئەو دامەزراوەیانەتان درێژ نەکردووەتەوە، ئایا ئەم دوو دامەزراوە گرنگە بۆ سەرخستنی یاسای چاکسازی گرنگ نین، کە لێی بێخەم بوون؟**

- گەورەترین دەستکەوت بۆ کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان پەسندکردنی یاسای چاکسازی بوو، ئەگەرچی ئەم یاسای چاکسازییە لە خولی ڕابردووی پەرلەمان هاتە ناو پەرلەمان و پەسندیش کرا، بەڵام لە ژێر فشاری ئەو کەسانەی لە بەرژەوەندییان نەبوو ئەو یاسایە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، یاساکە گەڕێندرایەوە بۆ پەرلەمان و لەم خولەدا کە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانە، توانرا یاساکە تێپەڕێندرێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێك هەتا ڕێگری بکرێت لە بەهەدەردانی سامانی گشتی، بێگومان دوو دامەزراوەی گرنگ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە هەردووکیان پاڵپشت و هۆکاری سەرخستنی یاسای چاکسازین، کە ئەوانیش چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکییە کە بەداخەوە ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە پۆستەکان بە پشك پشکێنە و حزبایەتی دابەش دەکرێت، ئەو دوو دامەزراویەش لەو چوارچێوەیەدان و پەرلەمان هەوڵی داوە ئەو دوو دامەزراوەیە لەو بارودۆخەی تێیدان، ڕزگار بکات.

**گەورەترین دەستکەوت بۆ کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان پەسندکردنی یاسای چاکسازی بوو**




*** لەم خولەی پەرلەماندا حکومەت وەڵامدانەوەی جددی بۆ پرسیار و بەدواداچوونەکانی پەرلەمان هەبووە، بێجگە لە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی، سەرجەم وەزیرەکانیش لە پەرلەمان ئامادە بوون بۆ ئەوەی وەڵامی پەرلەمانتاران بدەنەوە. ئایا ئەم ئامادەباشییەی سەرۆکی حکومەت بۆ چاودێری و لێپرسینەوەی پەرلەمانی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لەم خولەی پەرلەمان لەگەڵ کابینەی نۆیەم لە هەماهەنگیەکی باش بووین لەگەڵ یەکتر و دوو سەنگەری جیاواز نەبووین وەك سەنگەری پەرلەمان و سەنگەری حکومەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو بە یەکەوە لەسەر یەك ئایدیا کارمان کردووە و لەیەك سەنگەردابن، تاوەکو بتوانین بە باشترین شێوە خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکەین. لەم خولەدا بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگر و هەموو وەزیرەکانی کابینەکە هەموو کات ئامادە بوون بۆ گفتوگۆ و کاراکردنی زیاتری یاساکان بۆ زیاتر و باشتر جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانی حکومەت لەو کارنامەی ڕاگەیاندران. هەر بۆ نموونە لەم خولەی پەرلەماندا تا ٢٠٢٢/١٠/١١ کۆی ئەو پرسیارانەی لە حکومەت کراون بە زارەکی و بە نووسراو (٤٨٩٣) پرسیار بوون کە (٤٤٢٩) پرسیار وەڵامەکانی بۆ ئەندام پەرلەمانەکان گەڕاوەتەوە، کە ئەمەش دەگاتە ڕێژەی زیاتر لە (٩٠٪)، ئەو پرسیارنەشی کە وەڵامیان نەهاتووەتەوە (٤٦٤) بەشێکی زۆریان پرسیاری دووبارە بوون و چەندین پرسیاریش بە نووسراو جەختیان لەسەر کراوەتەوە و دووبارە بۆ حکومەت ڕەوانە کراونەتەوە تەنیا (٤٦) پرسیارە کە ئەمەش زۆر کەمە.

**لەم خولەی پەرلەمان لەگەڵ کابینەی نۆیەم لە هەماهەنگیەکی باش بووین لەگەڵ یەکتر و دوو سەنگەری جیاواز نەبووین وەک سەنگەری پەرلەمان و سەنگەری حکومەت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو بە یەکەوە لەسەر یەک ئایدیا کارمان کردووە و لەیەک سەنگەرداین**

# پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوتی و بەگەڕخستنی پاڵاوتگەکان وەرچەرخانێکی ستراتیژییە لە کەرتی وزە و ئابووری و خزمەتکردنی هاووڵاتیان





**کەمال محەمەد ساڵح**

وەزیری کارەبا و وەزیری سامانە سرووشتییەکان (بە وەکالەت )

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



**فرەچەشنکردنی ئابووری و بایەخدان بە کەرتی وزە و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات بە خاڵێکی گرنگ و ستراتیژیی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت**

**ڕاسپاردەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتییەکانی وای کردووە هەنگاوەکانی پشتبەستن بە خۆمان و بووژانەوەی کێڵگە و کارپێکردنی پاڵاوتگەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەڕێوە بچێت**

**ئێمە لە وەزارەتی کارەبا زۆر پاڵپشتیی ئەوە دەکەین کە کارگە گەورەکانی کوردستان خۆیان وێستگەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە دابمەزرێنن و تەواوی ئاسانکاری و پاڵپشتیان دەکەین، بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر کارەبای ماڵان و هاووڵاتیان دروست نەکەن**

بەگەڕخستنی پاڵاوتگەی لاناز ئاستی پاڵپشتی و پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و بووژانەوەی ئابووریی هەرێم و خزمەتکردنی هاووڵاتیان، فرەچەشنکردنی ئابووری و بایەخدان بە کەرتی وزە و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات بە خاڵێکی گرنگ و ستراتیژیی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لەم پێناوەشدا لە سێ ساڵی ڕابردوودا کاری جددی و گەورە لە کەرتەکانی (نەوت و پیشەسازیی نەوت و گازی سرووشتی و بەرهەمهێنانی کارەبا) ئەنجام دراون، ئاست و بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا بەرز کراوەتەوە و لەم کابینەیەدا نزیکەی ٧٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم هاتووە، خەرجییەکی زۆری کارەبا کەم کراوەتەوە و ئەو پارەیە بۆ بودجە و مووچەی مووچەخۆران گەڕاوەتەوە. ژێرخانی کارەبا لە ڕووی سێکتەرەکانی (بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردن)ـەوە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بووژانەوە کردووە، خۆ ئەگەر سووتەمەنیی پێویست لە ڕووی گازی سرووشتییەوە زیاد بکرێت، کە لە پلان و بەرنامەدایە لە کێڵگەی کۆرمۆر ئەو بڕە غازە سرووشتییەی کە ئێستا بەرهەم دەهێنرێت، زیاتر بکرێت، ئەم گازە بۆ کارپێکردنی ئەو یەکانەی وێستگە غازییەکانی کارەبا بەکار دەهێنرێت و بەشێکی سەرەکی و زۆری گرفتی کارەبای هەرێم ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات، خۆ ئەگەر ژمارەی ئەو وێستگانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن باس بکەین لە پاڵ سەدان کیلۆمەتر دامەزراندنی تۆڕی پاڵەپەستۆی بەرز، ئەو کات هەنگاوەکانی بونیادنانەوەی ژێرخانی کارەبا زیاتر دەردەکەوێت .

لە بواری کەرتی نەوت و گازی سرووشتیدا بەو پێیەی ماوەی چەند مانگێکە ئەرکی بەڕێوەبردنی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانم بە وەکالەت پێ ڕاسپێردراوە و لە نزیکەوە کار بۆ یەکخستن و پەرەپێدانی کەرتی وزە دەکەین لە ڕووی نەوت و گازی سرووشتی و بەنزین و پێداویستییەکانی دیکەی سووتەمەنییەوە، بە ڕوونی ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی دێتە بەردەم پەرەپێدانی ئەم سێکتەرە گرنگ و ستراتیژییە، ڕاسپاردەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتییەکانی وای کردووە هەنگاوەکانی پشتبەستن بە خۆمان و بووژانەوەی کێڵگە و کارپێکردنی پاڵاوتگەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەڕێوە بچێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ پاڵپشتیی نرخی کارەبا بۆ دابینکردنی کارەبای ماڵان و دابینکردنی نەوتی سپی و پاڵپشتیی نرخی بەنزین و کۆنترۆڵکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتییەکەی و زیادکردنی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتی، هەموو ئەم بابەتانە نەك لە وڵاتانی دواکەوتوو، بگرە لە ئێستادا لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی دونیاش بووەتە گرفت و کێشەی گەورە و سەرەکی، بۆیە پشتگیریکردن و پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت و هاندانی زیادکردنی وەبەرهێنان بە یەکێك لەو ستراتیژییانەی باشکردنی دۆخەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان دادەنرێت.

لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا لە ڕێوڕەسمی بەگەڕخستنی «پاڵاوتگەی لاناز»دا ئەم پاڵپشتییەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بۆ کەرتی تایبەت و هاندانی وەبەرهێنان لە کوردستاندا دەرکەوت. پاڵاوتگەی لاناز بە یەکێك لە پاڵاوتگە پێشکەوتووەکان دادەنرێت و لە ساڵی ٢٠١٧ پاڵاوتگەکە چوار یەکەی بۆ پاڵاوتنی نەوتی خاو بۆ زیاد کرا. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩ گرێبەست لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای بەناوبانگی ئەمریکی (HONEYWEL-UOP) کرا، بەمەش بەرزترین و پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیا کاری پێ کرا و ئاستی بەرهەمهێنان و کوالێتی بەرهەمەکانی پاڵاوتگەکە بەرز بووەتەوە و لە ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییە پێشکەوتووەکانی دونیایە. ئەم پاڵاوتگەیە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی ٧٥ هەزار بەرمیل نەوتی خاو و ملیۆنێك و ٧٠٠ هەزار لیتر بەنزین و پێنج هەزار تۆن قیر و چەندین جۆری بەرهەمی دیکەی هەیە، لە کاتژمێرێکدا توانای بارکردن و ناردنی ٢٤٠ مەتر سێجا نەوت و ٢٧٠ مەتر سێجا گازوایل و ٢٥٠ تۆن قیر و ٣٣٠ مەتر سێجا بەنزینی هەیە، پاڵاوتگەکە ٣٧ مێگاوات



کارەبای پێویستە، کە لە لایەن وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای خۆیانەوە بەرهەم دەهێنرێت و هیچ بارگرانی و قورساییەکی لەسەر تۆڕی کارەبای نیشتمانیی هەرێمی کوردستان نییە، ئێمە لە وەزارەتی کارەبا زۆر پاڵپشتیی ئەوە دەکەین کە کارگە گەورەکانی کوردستان خۆیان وێستگەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە دابمەزرێنن و تەواوی ئاسانکاری و پاڵپشتیان دەکەین، بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر کارەبای ماڵان و هاووڵاتیان دروست نەکەن، لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانیش زۆر پاڵپشتی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی دەکەین، مەرجی ئەوەشمان لەسەر داناون کە پرۆژە و کارەکانیان دۆستی ژینگە بن، هەروەکو چۆن ئەم پاڵاوتگەیە دۆستی ژینگەیە و بۆ سەلامەتی و تەندروستیی هاووڵاتیان گرنگە، هەرواش لە وەزارەتی کارەبا زۆرترین وێستگە و بەرهەمهێنانی کارەبامان بە وزەی پاك و وزەی خۆر و وزە نوێبووەکان بە کار خستووە و، جێگەی ڕەزامەندی و دەستخۆشیی هاووڵاتیان و نوێنەری وڵاتان و ڕێکخراوە ژینگە دۆستەکان بووە.

هەرچی ئەم پرۆژانەیە جگە لەوەی لە ڕووی ئابووری و دابینکردنی سووتەمەنییەوە گرنگیی زۆری بۆ بووژانەوە و بژێوی ژیانی خەڵکی هەیە و کەرەستەیەکی سەرەکیی ڕۆژانەی ژیانیان بۆ دابین دەکات و، چیتر ئەوەندە ناکەوینە بەر ڕەحمەتی گەمارۆ و بڕینی ناردنی پشکی هەرێم لەو پێداویستییە، هاوکات بۆ بەدەستهێنانی هەلی کاریش ژمارەیەکی زۆری گەنج و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەم کێڵگە و کۆمپانیا و پاڵاوتگە و وێستگانە بە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ هەلی کاریان دەست

**تەنیا لە پاڵاوتگەی (لاناز) بە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ ١٠ هەزار هەلی کار دابین کراوە**

**حکومەتی ناوەندی وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکانی و نەدانی پشکی هەرێمی کوردستان لە سووتەمەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئاستەنگی گەورەشی لەسەر پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان و وەبەرهێنان و بووژانەوەی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان داناوە**

**بۆ دژایەتیکردنی هەرێم پەنا براوەتە بەر بڕیاری سیاسی و نادەستووری، بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکانی دادگای فیدراڵی بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستانە**

**بە هۆی نەبوونی سووتەمەنی، بەتایبەتی گازی سرووشتی، لە ئێستادا سەرووی ٣٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنین، بەڵام لە پلان و بەرنامەدایە پەرەپێدان لە کێڵگەی غازی کۆرمۆڵ زیاد بکەین**

کەوتووە و، مەرجی بەگەڕخستنی زۆرترین هاونیشتمانیمان لەسەر داناون. ئەوەتا تەنیا لە پاڵاوتگەی (لاناز) بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ١٠ هەزار هەلی کار دابین کراوە. خۆ ئەگەر هەموو کێڵگە و کۆمپانیا نەوتییەکان و غازییەکان هەژمار بکرێت، ئەوا جگە لە ڕووی کەڵکی ئابوورییەوە، زۆرترین هەلی کاری ناوخۆ لەم کۆمپانیا و وێستگە و کێڵگانەی نەوت و غازی سرووشتی فەراهەم بووە، کە لەگەڵ فراوانکردنی پڕۆژە و کارەکانیاندا ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی کار دەکەن لە وێستگە و پرۆژەکانی نەوت و پیشەسازیی نەوتدا، ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەمەش بۆ جووڵەی بازاڕ و بازرگانی و کاسبکاران گرنگیی زۆری هەیە.

گرنگیدان بە کەرتی وزە و چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و بەنزین و گاز و کارەبا بە یەکێك لە ڕیزبەندیی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە حکومەت گرنگیی بە کەرتەکانی دیکە نەداوە، بەڵکو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیارییش بایەخی تایبەتی پێ دراوە و لە ڕێگەی هەمەجۆرکردنی ئابووری و زیادکردنی داهات و پڕکردنەوەی کورتهێنانەوە، توانراوە گرنگییش بە کەرتی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە و ڕێگەوبان و شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ بدرێت.

حکومەتی ناوەندی وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکانی و نەدانی پشکی هەرێمی کوردستان لە سووتەمەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئاستەنگی گەورەشی لەسەر پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان و وەبەرهێنان و بووژانەوەی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان داناوە، ئەمەش ئەو ساڵانەمان بیر دێنێتەوە کە حکومەتی ناوەندی پشکی هەرێمی کوردستانی لە کارەبا بڕی، ئەو دەمە تەنیا بڕە کارەبایەکی کەم لە هەر دوو بەنداوی «دووکان و دەربەندیخان»مان هەبوو، هەرێمی کوردستانیان خستەبەردەم قەیرانێکی گەورەی کارەبا، بە تێپەڕبوونی کات و پشتبەستن بە ئیرادەی ناوخۆ، توانرا ژێرخانی کارەبا بووژێندرێتەوە و نەك هەر پێویستیمان بە بەغدا نەبێت بۆ کارەبا، بەڵکو بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە هاووڵاتیانی کوردستانی خۆمانن، بڕە کارەبایەکیان بدەینێ لەو یەکانەی بە هۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە کار ناکەن. لە ئێستاشدا لە مەسەلەی بواری نەوت و گازی سرووشتیدا بە هەمان شێوە بۆ دژایەتیکردنی هەرێم پەنا براوەتە بەر بڕیاری سیاسی و نادەستووری، بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکانی دادگای فیدراڵی بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستانە، بەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بە هیچ شێوەیەك ڕێگری ناکات لەوەی خەڵکی کوردستان سوود لە سەرچاوەی سرووشتیی خۆی وەربگرێت و سامانی ژێرخاك و سەرخاکی خۆی بۆ خزمەتی گەلەکەی و ئابووریی کوردستان و بگرە بووژانەوەی ئابووریی هەموو عێراق وەرگرێت. وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پێکەوە توانیویانە ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بگەیەننە سەرووی ٧٠٠٠ مێگاوات کارەبا، هەرچەندە بە هۆی نەبوونی سووتەمەنی، بەتایبەتی گازی سرووشتی، لە ئێستادا سەرووی ٣٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنین، بەڵام لە پلان و بەرنامەدایە پەرەپێدان لە کێڵگەی غازی کۆرمۆڵ زیاد بکەین، بەمەش زۆربەی یەکە لەکار وەستاوەکانی وێستگەکانی غازی بەرهەمهێنانی کارەبا دەست بە بەرهەمهێنان دەکەن، لە کۆتایی مانگی داهاتووشدا ٥٠٠ مێگاوات کارەبا لە بازیان بەگەڕ دەخەین و ئاستی بەرهەمهێنان بەرز دەکەینەوە، ئەمە وێڕای بەردەوامیی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وێستگەی هەڵمیی خەبات و وێستگەی غازیی گەرمیان و وێستگەکانی دیکەی غاز و، نزیکبوونەوەی بەگەڕخستنی وێستگەی دیرەلۆك و دانانی بەردی بناغەی چەندین وێستگەی دیکەی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە بە وزەی پاك و وزەی خۆر کار دەکەن و بە ژینگەدۆستی بەناوبانگن. بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی عێراق وێستگەیەکی هەڵمیی خەبات بەگەڕ خراوە و وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای دیکەش لە کەلار لە غازی بەفیڕۆچووی کێڵگەی نەوت بە

توانای ١٦٥ مێگاوات کارەبا بەسەرکەوتوویی ساڵانێکە بەگەڕ خراوە، هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ سوودوەرگرتن لەو غازە بەفیڕۆچووەی لە کێڵگەکانی نەوت هەیە، بۆ ئەوەی لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا سوودی لێ وەربگرین، کە بۆ ژینگە و تەندروستیی هاووڵاتیان بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە. هەوڵەکانی باشکردنی کارەبا تەنیا کەرتی بەرهەمهێنانی کارەبای لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو بۆ ژێرخانی کارەبا لە بواری گواستنەوە و دابەشکردنی کارەباشدا هەنگاوی گرنگ و گەورەمان ناوە، ئەوەتا تۆڕی کارەبای پارێزگای دهۆکمان بەستەوە بە تۆڕی کارەبای نیشتمانی کوردستانەوە و تۆڕی کارەبای ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و سۆرانمان زیاد کرد، لە پارێزگای سلێمانیش تا کۆتایی ئەمساڵ دوو هێڵی گەورەی ستراتیژی بۆ ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەرین و سەیدسادق تەواو دەکەین و، هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزمان بە دەیان وێستگەی نوێی گواستنەوە و دابەشکردنەوە بەستەوە، گرنگترین پرۆژەمان لە کەرتی دابەشکردنی کارەبا کە پێوەری زیرەك بوو بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرد و، کۆتاییمان بەو هەموو سەرپێچی و بێ سەروبەرییەی نەبوونی پێوەر و نەبوونی هاوبەشی و سەرپێچیکردنە سەر تۆڕی کارەبا هێنا و، لە هەردوو وەرزی هاوین و زستاندا سەرجەم هاوبەشانی کارەبا لە ژێر کۆنترۆڵی خۆماندایە و دەتوانین ڕێگە لە کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا بگرین، وەکو ئەزموونی هەنگاوێکی نوێشمان دەست پێ کردووە و چەند یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە دهۆك و سلێمانی و بازاڕی لەنگەی هەولێر و بازاڕی دهۆکمان کردووە بە سیستەمی پریپەید، کە جگە لەوەی بووەتە جێگای ڕەزامەندیی هاوبەشان، هاوکات بارزۆری بە ڕێژەیەکی زۆر باش ڕووی لە کەمی کردووە، یاسای وەزارەتی کارەبامان هەموار کردەوە و سکاڵا و پۆست و مامەڵەی ئەلیکترۆنی ئۆنلایمان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا گەیاندنی سکاڵا و داواکارییەکانمان جێبەجێ کرد، بۆ دابینکردنی نەوتی سپی بۆ ماڵانیش ئەنجومەنی وەزیران بڕی ٧٠ ملیار دیناری بۆ کڕینی نەوتی سپی بۆ ماڵان دابین کردووە و لە ٢٠ی مانگی ١٠وە لە ناوچە شاخاوییەکان دەست بە دابەشکردنی کراوە.

کەڵك وەرگرتن لە سامانی سرووشتی و بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەلەکەمانی خستووەتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێك کە بە ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و پاڵپشتیی گەلەکەی بەدەست هاتووە و، کاروانی ئاوەدانی و چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان لەسەر ڕێگەی ڕاست و دروستە، ئەوەتا لە کەرتی نەوت و پیشەسازیی نەوتیدا ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی بەگەڕخستنی پاڵاوگەی لاناز جەختی لەسەر گرنگیی سامانی سرووشتی هەرێمی کوردستانی کردەوە، کە هەر وەکو بەڕێزیان لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کرد: «هەرێمی کوردستان خاوەنی سامانێکی سرووشتیی زۆر دەوڵەمەندە، بەداخەوە لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوودا ئەم سامانە لە جیاتی ئەوەی لە خزمەتی خەڵکی کوردستان و عێراق بەکار بهێنرێت، بۆ کڕینی چەك و خۆپڕچەککردن و شەڕ و کاولکاریی بەکارهاتووە». هاوکات سەرۆکی حکومەت ئومێدی هەبوو لە دوای دەستبەکاربوونی حکومەتی نوێی عێراق بتوانین بە یەکەوە یاسای نەوت و گاز ئامادە بکەین، کە لە خزمەتی هەموو خەڵکی عێراق و کوردستاندا بێت، سەرۆکی حکومەتیش لە دوای متمانەپێدانی سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق دڵنیای کردەوە کە پشتیوانی دەکات لە پێناو دەستپێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە وڵات پێویستی بەم جۆرە هاوبەشییە هەیە، سەرۆکی حکومەتی نوێی عێراقیش ویستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای نەشاردەوە و، هەمووان چاوەڕوانن لە ڕووی کردارەکییەوە هەرێم و بەغدا لە پێناو گەلی عێراق و گەلی کوردستان کۆتایی بەو کێشانە بهێنن و بە چارەسەرکردنی کێشەکانیش، بە تایبەتی دۆسیێی نەوت و غاز، وڵات پێ دەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە و، کەرتی وزە لە عێراق و کوردستان سەقامگیرییەکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت.

**لە هەردوو وەرزی هاوین و زستاندا سەرجەم هاوبەشانی کارەبا لە ژێر کۆنترۆڵی خۆماندایە و دەتوانین ڕێگە لە کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا بگرین**

**بۆ دابینکردنی نەوتی سپی بۆ ماڵانیش ئەنجومەنی وەزیران بڕی ٧٠ ملیار دیناری بۆ کڕینی نەوتی سپی بۆ ماڵان دابین کردووە و لە ٢٠ی مانگی ١٠وە لە ناوچە شاخاوییەکان دەست بە دابەشکردنی کراوە**

**کەڵک وەرگرتن لە سامانی سرووشتی و بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەلەکەمانی خستووەتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێک کە بە ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و پاڵپشتیی گەلەکەی بەدەست هاتووە**



نەوزاد شێخ کامیل

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەتوانین زیاتر لە ٧٠٠ هەزار تۆن گەنم لە جووتیاران وەربگرین

# ئەمساڵ زیاتر لە ٣٢٢ هەزار تۆن گەنمان وەرگرتووە و سەرجەم جووتیارانیش پارەیان پێ دراوە

**کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك و بایەخدان بە بەرهەمی ناوخۆیی، هەنگاوی کرداری بەخۆیەوە بینیوە و دەرئەنجامی بەرچاویشی بەدەست هێناوە، ئەم پرسە بووە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان.**

*** سەرەتا دەمانەوێت ئاماژە بەو کارە گرنگ و ستراتیژییانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانیی کوردستان بکەن و خوێنەرانی گوڵان بزانن کار و پلانەکانتان چی بووە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی ئەرکێکی قورسمان لەسەرە، بەوەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش چاودێریی بازرگانی بە بەردەوامی لە بازاڕەکاندا چاودێریی کاڵا و کەلوپەلەکان دەکەن لە ڕووی کواڵیتی و ماوەبەسەرچوونەوە، تاوەکو هاووڵاتیان تووشی زیان نەبن، لە لایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرایەتیی دانەوێڵە و بەڕێوەبەرایەتیی بازرگانیی کەلوپەلی خۆراکمان هەیە، کە هەموو ئەو خۆراکانەی لە بەغداوە دێن لە ڕێگەی ئێمەوە بەسەر بریکارەکانی خۆراکدا دابەش دەکرێت و دەدرێت بە هاووڵاتیان. لەلایەکی دیکەوە ساڵی ڕابردوو بە هۆی ئەو لافاوەی لە هەولێر ڕووی دا، چەندین خێزان زەرەرمەند بوون، ئێمە داوامان لە وەزارەتی بازرگانیی عێراقی فیدراڵ کرد کە بەشی ٦٠٠ خێزان بەشە خۆراك بنێرێت بۆ ئەو لێقەوماوانە، ئەو بوو وەزارەتی بازرگانی ئەو بەشە خۆراکەی نارد و لە ڕێگەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە سەر ئەو ٦٠٠ خێزانەدا دابەش کران. هاوکات لەم کابینەیەدا ڕێنمایەکانی هاوردە و هەناردە و چاودێریی بازرگانی کراوە و هەموار کراونەتەوە و، لە وەقائیعی کوردستانی ژمارە ٢٧٦ بڵاومان کردووەتەوە و ئاسانکاریمان بۆ بازرگانان کردووە، بە چەشنێك ئەو کۆمپانیانەی تەنیا تایبەت بوون بە هێنانی یەك کاڵا، بۆیان کراوە بە هەمەجۆر، بە مەرجێك ئەو کاڵایانەی دەیهێنن لە کواڵیتی کۆنترۆڵ پشکنینی بۆ بکرێت. هەروەها بۆ ئاسانکاریی بۆ بازرگانان نووسینگەیەکمان لە شاری دهۆك کردووەتەوە، هەر کەسێك بیەوێت کۆمپانیای بازرگانی بکاتەوە، دەتوانێت سەردانی ئەو نووسینگەیە بکات بۆ مۆڵەت وەرگرتن و، پێویست ناکات بێنە لای ئێمە لە هەولێر. لەلایەکی دیکەوە دوو ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق ئیمزا کراوە، یەکێکیان بۆ ئەوەیە ئەو پارەی لە هاووڵاتیان وەردەگیردرێت لە بری ئەو بەشە خۆراکەی پێیان دەدرێت، کە نەفەری ٥٠٠دینارە بدرێتەوە و ئەوانیش هەموو ئەرکی گواستنەوەی بەشە خۆراکەکە و نۆژەنکردنەوەی کۆگا و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە لە ئەستۆ بگرن. هەروەها کار لەسەر ئەوە کراوە کە بازرگانان بۆ هەنارده و هاوردە ناچار نەبن سەردانمان بکەن، بەڵکو هەر لەلای خۆیانەوە و لە ڕێگای ئەپلیکیشنێکەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و مۆڵەت وەربگرن، ئەمەش بە دیجیتاڵیکردنە کە بەشێکە لە ستراتیژیەتی حکومەت، کە دەیەوێت حکومەتی ئەلیکترۆنی هەموو بوار و سێکتەرێك بگرێتەوە و ئاسانکاری

**چاودێریی بازرگانی بە بەردەوامی لە بازاڕەکاندا چاودێریی کاڵا و کەلوپەلەکان دەکەن لە ڕووی کواڵیتی و ماوەبەسەرچوونەوە، تاوەکو هاووڵاتیان تووشی زیان نەبن**

**کار لەسەر ئەوە کراوە کە بازرگانان بۆ هەنارده و هاوردە ناچار نەبن سەردانمان بکەن، بەڵکو هەر لەلای خۆیانەوە و لە ڕێگای ئەپلیکیشنێکەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و مۆڵەت وەربگرن**



**ساڵی ٢٠٢٢ ئێمە زیاتر لە ٣٢٢ هەزار تەن گەنممان وەرگرت و هەموو جووتیارەکان پارەی خۆیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت و هیچ کەس پارەی لەلای حکومەتی هەرێم نەماوە**

**پارەی گەنمی جووتیاران لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لەلای حکومەتی عێراقی ماوە و ئێستا چەکەکەی هاتووەتە هەرێمی کوردستان کە بڕی ٣٤ملیار دینارە و لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو پارەیە بەسەر جووتیارەکاندا دابەش دەکرێت**

**ئەمساڵ زیاتر لە (٢٧٠٠ تا ٢٨٠٠) مۆڵەتی بازرگانی دراوە، کە بەراورد بە ساڵانی پێشوو مۆڵەتەکە کەمتر بووەتەوە، بەڵام ئاڵوگۆڕی بازرگانی زۆر زیاتر بووە**

بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر ببێت و ڕۆتین نەمێنێت، یان زۆر کەم ببێتەوە. لە پەیوەندی بە سایلۆکانەوە، ئەوا هەر ئەمساڵ توانراوە سێ سایلۆ تەواو بکرێت کە یەکێکیان لە کەلار و دووەمیان لە ڕۆڤیا و سێیەمیان لە زاخۆ بووە، هاوکات چاودێریی بازرگانیی زاخۆ و سۆران کراونەتەوە.

*** ئەو قەرزەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان کە هی چەند ساڵێکە لەلای حکومەتی عێراقی فیدڕاڵە، کەی دێت و بەسەر جووتیارەکاندا دابەش دەکرێت؟**

- سەرەتا پێم باشە ئاماژە بەوە بکەم کە ساڵی ٢٠٢٢ ئێمە زیاتر لە ٣٢٢ هەزار تەن گەنممان وەرگرت و هەموو جووتیارەکان پارەی خۆیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت و هیچ کەس پارەی لەلای حکومەتی هەرێم نەماوە، بەڵام پارەی گەنمی جووتیاران لە ساڵی ٢٠١٤ ئێستا چەکەکەی هاتووەتە هەرێمی کوردستان کە بڕی ٣٤ملیار دینارە و لە هەفتەی داهاتوو ئەو پارەیە بەسەر جووتیارەکاندا دابەش دەکرێت. هەروەها پارەی گەنمی جووتیاران لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لە وەزارەتی بازرگانیی عێراقە و ئەویش کێشەی نەماوە و دواتر دەینێرن و بەسەر جووتیاراندا دابەشی دەکەین. هەروەها پێویستە هەموو لایەك ئەوە بزانن کە ئێمە لە جووتیاران گەنم وەردەگرین و پارەکانیان لەلای عێراقەوە بۆمان دێت و منەتیش نییە لەسەرمان، چونکە بڕی ئەو پارەی گەنمە لە بودجەی سیادی دەگێڕدرێتەوە، هەرچۆنێك بێت کار و کۆششی ئێمە، بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمدا، بۆ ئەوەیە کە ئاسایشی خۆراکی خۆمان دابین بکەین و بیپارێزین، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین پڕۆژە و سایلۆی گەورە و ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان دروست کراون، یان لە ژێر جێبەجێکردن و پلاندان، ئەو شار و شوێنانەش کە لە بەرنامەدان سایلۆیان لێ دروست بکرێت، هەڵەبجەی شەهید و زاخۆ و هەریر و سۆرانە، جگە لەو سایلۆیانە هەر ئێستا دەتوانین زیاتر لە ٧٠٠ هەزار تەن گەنم لە جووتیاران وەربگرین و ساڵ لە دوای ساڵیش ئەو ڕێژە و بڕە دەگۆڕێت و هەوڵەکان هەمووی بەو ئاراستەیەن ساڵ لە دوای ساڵ بتوانرێت گەنمی جووتیارنی خۆمان زیاتر وەربگرین.

*** ئایا جموجووڵی بازرگانی لەگەڵ عێراقی فیدڕاڵ لەچ ئاستێکدایە؟**

- لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدڕاڵدا هێنان و بردنی کاڵا لە هیچ خاڵ و دەروازە و سنوورێك ڕێگری و بەربەستی لە بەردەمدا نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاسانکاری بۆ هەموو بازرگان و کەسێك دەکرێت کە پێداویستی و کاڵای کواڵێتیی باش و گونجاو بهێنێت، بە تایبەت ئەو کەلوپەل و کاڵایانەی لە بەندەری «ئوم قەسر» شاری بەسرا، کە بازرگانان دەیهێنن بە ڕێژەیەکی زۆر باش و بە جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییەکان دەگوازرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و، بازرگانان لە دەروازەی سنوورەکانی هەرێمیش کەرەستە و کاڵا لە وڵاتی ئێران و تورکیا دەهێنن و پاشان زۆر بە ئاسانی دەیبەن بۆ شارەکانی دیکەی عێراق، هەر ئەمساڵ زیاتر لە (٢٧٠٠ تا ٢٨٠٠) مۆڵەتی بازرگانی دراوە، کە بەراورد بە ساڵانی پێشوو مۆڵەتەکە کەمتر بووەتەوە، بەڵام ئاڵوگۆڕی بازرگانی زۆر زیاتر بووە و تا کۆتایی ساڵ جموجووڵی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران لە ٦ملیار بۆ ١٢ ملیار دۆلار دەبێت.

*** هاوکاریی کەرتی بازرگانیی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا چەند گەشەی کردووە؟**

- ئێمە سەردانی دوولایەنەمان هەیە لەگەڵ کونسوڵگەرییەکانی وڵاتانی بیانی لە هەولێر و لە




ڕێگەی ئەو کونسوڵگەرییانەوە هەندێ لە وڵاتان داوایان کردووە ژووری بازرگانیی هاوبەش دروست بکەین، لەوانە ژووری بازرگانیی کوردستانی و ئەمریکی، ژووری بازرگانیی کوردستانی و بەریتانی و چەندین کونسوڵگەریی دیکەش هەمان داواکارییان هەیە، ئەمەش واتە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کونسوڵگەرییان لە هەرێمی کوردستان هەیە، داوا دەکەن هەماهەنگیی بازرگانی لەگەڵ یەکتر دروست بکەین، لەوانە سەنتەر و کۆمەڵگە دروست بکەن، بۆ نموونە دەیانەوێت سەنتەرێکی بازرگانی لە هەریر دروست بکەن، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین هەماهەنگی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان زۆر باشە و بووەتە هۆی بەرەوپێشچوون و گەشەی بازرگانیی نێوان هەرێم و وڵاتانی دونیا.

*** ئایا ئەو ڕووداوانەی لە ناوچەکە و جیهاندا هەیە، بە تایبەت شەڕی ئۆکرانیا تا چەند کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بووە؟**

- بێگومان هەموو بارودۆخێك کاریگەریی خۆی لەسەر جموجووڵی بازرگانی هەیە، بەڵام بە هۆی سەقامگیرییەوە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش، بە تایبەتی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، نەبنە هۆی ڕاوەستانی بازرگانی لە نێوان هەرێم و ئەو وڵاتانەی کە بازرگانیمان لەگەڵ دەکەن.

*** ئایا سەبەتەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان دەمێنێت و گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بە تایبەتی لە زیادبوونی جۆر و چۆنیەتیی ئەو بەشە خۆراکە؟**

- ئەو سەبەتەی خۆراکە گرنگی و زەرووڕەتی خۆی تا ئێستاکە لە عێراق لەدەست نەداوە، لە هەرێمی کوردستانیش خەڵکێکی زۆر هەیە ئەو بەش و سەبەتە خۆراکە بەکار دەهێنن، دابەشکردن و بەردەوامیی ئەو پرۆسەیە کاریگەریی زۆری لەسەر جێگیربوون و گراننەبوونی خۆراکەکان هەیە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین بەردەوامیی دابەشکردنی سەبەتەی خۆراك لە بازاڕەکانی عێراق و هەرێم سەقامگیرییەکی زۆری لە ڕووی نرخەوە دابین کردووە و لە ڕووی چۆنیەتیی خۆراکەکان هەر هەمووی هەر لە برنج تا دەگاتە شەکر و دۆشاوی تەماتە، جۆری ستاندارد و باش و بێ گرفتن بۆ بەکارهێنان و خواردن، لە چەند مانگی ڕابردووشدا بەتایبەت لە ئەمساڵەدا چەند جۆرێك لە خۆراکەکان بۆ سەبەتەکە وەك فاسولیا و نیسك و لەتکەنۆك زیادی کردووە، ئومێدەکە ئەوەیە حکومەتی عێراق لە دوای پەسندکردنی بودجە و دابینکردنی پارە بۆ ئەو بەشە خۆراکە جۆری دیکە لە خۆراکە پێویستییەکان لە سەبەتەکە زیاد بکات. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی سەردانی کردین و دەیانەوێت گۆڕانکاری لە پسووڵەی بەشە خۆراکدا بکەن، بە چەشنێك هەر خێزانیك لەبری ئەو پسوولەیە، ناسنامەیەکی تایبەت بەو بەشە خۆراکەی هەبێت و بە ئەلیکترۆنییش بکرێت، لەلایەکی دیکە دەیانەوێت ئەو کەسانەی داهاتیان باشە (بە دیاریکردنی سەقفێکی دیاریکراو) ئەو بەشە خۆراکەیان پێ نەدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەیانەوێت پارێزگای دهۆك بە نموونە وەربگرن، تێیدا دەست بەکار و مامەڵەکانی گۆڕینی پسوولە بە ناسنامەکە بکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسی بەشە خۆراك، ئەوا ساڵی ڕابردوو تا ئەم کاتە شەش بەشە خۆراك دابەش دەکرا، بەڵام ئەمساڵ تا ئێستا نۆ بەشە خۆراك دابەش کراوە و دوو بەشی دیکەش تا سەری ساڵ دابەش دەکرێت، کەواتە لەم ڕووەوە دابەشکردنی بەشە خۆراکی ئەمساڵ لە ساڵی ڕابردوو باشتر و زیاتر بووە.

**تا کۆتایی ساڵ جموجووڵی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران لە ٦ملیار بۆ ١٢ ملیار دۆلار دەبێت**

**لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی سەردانی کردین و دەیانەوێت گۆڕانکاری لە پسوولەی بەشە خۆراکدا بکەن، بە چەشنێک هەر خێزانیک لەبری ئەو پسوولەیە، ناسنامەیەکی تایبەت بەو بەشە خۆراکەی هەبێت و بە ئەلیکترۆنییش بکرێت**

**ساڵی ڕابردوو تا ئەم کاتە شەش بەشە خۆراک دابەش دەکرا، بەڵام ئەمساڵ تا ئێستا نۆ بەشە خۆراک دابەش کراوە و دوو بەشی دیکەش تا سەری ساڵ دابەش دەکرێت**

ستیڤن بلانك توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئیرۆئاسیا لە ئەنستیتۆتی توێژینەوەی سیاسەتی دەرەکی، شارەزا و تایبەتمەند و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، کاروبارە سیاسی و سەربازییەکانی ئاسیا و ئەورووپا و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەر لەم ڕووەوە چەندین کتێب و توێژینەوە و وتاری نووسیوە، هەروەها لەلایەن ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگریی ئەمریکا و چەندین ناوەندی توێژینەوەوە ڕاوێژی پێ کراوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئەگەرەکانی هەڵکشانی ئەم شەڕە و هەڕەشە و مەترسیی بەکارهێنانی چەکی ناوکی و هۆکار و پاڵنەرەکانی درێژەکێشان و بەردەوامبوونی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## ستیڤن بلانک

توێژەر و تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ گوڵان:

# بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی پوتین نابێت مەترسیی شەڕی ناوکی فەرامۆش بکەین

دیمانەی تایبەت



*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن و پێتان وایە ئەم شەڕە لە چ قۆناغێکدایە و ئایا پێشبنی دەکرا پەرەسەندن و پێشهاتەکان بەم ئاقار و ئاراستەیەدا بڕۆن؟ ئایا هیچ ئەگەرێك لە ئارادا ماوە بۆ ئەوەی ڕووسیا بتوانێت شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە؟**

لە ڕاستیدا ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین تا ئەم ساتەوەختە ڕووسیا دۆڕاوی ئەم شەڕەیە و بە گوێرەی دوایین زانیاری کە من هەمە، سوپای ئۆکرانیا بەردەوامە و درێژە بە پێشڕەویی خۆی دەدات. ڕووسیا تا ئێستا نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە تووشی کێشە و پاشەکشە بووەتەوە، بۆیە بەردەوام دەبێت و درێژە بە هەڕەشەی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی دەبات. هەرچۆنێك بێت پێم وانییە ئەم هەڕەشەیە ببێتە هۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕ بە سەر بارودۆخە سەربازییەکەی شەڕەکەدا بهێنێت، بە چەشنێك لە بەرژەوەندیی ڕووسیا یەکلا ببێتەوە و کۆتایی پێ بهێنرێت. خۆ ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا پێم وانییە -کە ڕەنگە زۆرێك لە شرۆڤەکارانیش لەگەڵمدا هاوڕا بن - کە ڕووسیا بتوانێت براوەی ئەم شەڕە بێت و لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلای بکاتەوە لەم ساتەوەختەدا.

*** بەڵام ئەوەی جێی هەڵوەستە و سەرنجدانە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ڕووسیا تووشی چەندین پاشەکشەی سەربازی بووەتەوە، بەڵام هێشتا سوورە لەسەر درێژەدان بە شەڕەکە و جار لە دوای جار هەوڵە سەربازییەکان بەم ئاراستەیەدا چڕ دەکاتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم پێداگرییەی ڕووسیا لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم پێداگرییە لەوەوە

**سەرۆک ڤلادمیر پوتین هیچ بایەخ و گرنگییەک نادات بە ڕووسیا و بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و ئەمەی نەکردووە بە چەقی بەرنامە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی**

**دەبێت پیشەسازیی سەربازیی ئەمریکا و ئەورووپا بە چەشنێک بخرێنەگەڕ و درێژەیان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەک هاوکاریی ئۆکرانیا بکرێت کە بتوانێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە شکست بە ڕووسیا بهێنێت**

سەرچاوەی گرتووە کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین بەرگەی ئەوەی ناگرێت لەم شەڕەدا تووشی شکستخواردن و دۆڕان ببێتەوە، چونکە دەرئەنجامێکی لەم چەشنە دەسەڵاتی لە ناوخۆی وڵاتەکەدا دەخاتە مەترسییەوە.

*** بەڵام ئەگەر لە بارودۆخەکە بڕوانین و هەروەك ئێوەش لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان پێ کرد، ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە ڕووسیا بتوانێت بەم نزیکانە شەڕەکە بباتەوە و دۆخەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا کێشەکە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین هیچ بایەخ و گرنگییەك نادات بە ڕووسیا و بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و ئەمەی نەکردووە بە چەقی بەرنامە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی، بەڵکو خەمی سەرەکیی ئەو تەنیا و تەنیا درێژەدان و پارێزگاریکردنە لە دەسەڵاتەکەی، چونکە ئەوەتا بە هۆی ئەو شەڕەی هەڵیگیرساندووە و درێژەی پێ داوە، بە بەدەیان هەزار کەس کوژراون، ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و چەندین سەربازیش بە دیل گیراون و بە سەدان هەزار کەسیش وڵاتیان جێهێشتووە، کەواتە من لێرەدا ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەگەر بە ڕاستی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین لە خەمی وڵاتەکەیدا بووایە ئەوا شەڕەکەی ڕادەگرت و کۆتایی پێ دەهێنا.

*** کەواتە لە ئێستادا و بەلەبەرچاوگرتنی ئەم پێداگرییەی سەرۆك پوتین، چ شتێك زیاتر ئێوە نیگەران دەکات؟**

- ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە مایەی نیگەرانییە بۆ من — و ئەمە نیگەرانییەکە لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوادا گوزارشتی لێ دەکرێت- ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکییە، کە ئێستا ئەوە بەدی دەکەین کە هەڕەشەی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی ئەم چەکە دەکرێت.

*** ئەمەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن ڕاستە، چونکە تەنانەت جۆ بایدن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمە کاولکارییەکی سەرتاسەری دەخولقێنێت، بەڵام لە ڕوی واقیعییەوە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە بگاتە ئەم ڕاددەیە؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ئێمە لە کەسایەتیی خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین و ئەو کەسانە بڕوانین کە لە نزیکەوە لەگەڵیدا کار دەکەن، کە هەمان بیرکردنەوە و هەستیان هەیە، کە پێیان وایە نابێت ڕێگە بدرێت ئۆکرانیا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئارادا بێت و بوونی هەبێت، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەم ئەگەرە لەوە زیاترە کە خەڵکی پێشبینی دەکەن. هەر چەندە ئەمە بەو مانایە نییە کە بە شێوەیەکی حەتمی ئەمە ڕوو دەدات، بەڵام پێم وایە ئەگەرەکە لەوە زیاترە کە پێشبینی دەکرێت، ئەویش بە هۆی کەسایەتیی پوتین و ئەو دۆخە سیاسییەی لە ئارادایە، کە بەرگەی ددانپێدانان بە دۆڕان ناگرێت. دواتر من پێم وانییە بەکارهێنانی چەکی ناوکی ئاکامی ئەوتۆی سەربازی هەبێت، بەڵکو ئەمە زیاتر وەك گوزارشت دەبێت لە جۆرێکی دیاریکراوی بیرکردنەوەی سیاسی، کە هاوتەریبە



لەگەڵ هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ تێکشکاندن و وێرانکردنی ژێرخانە بنەڕەتییەکانی ئۆکرانیا- وەك وزە و کارەبا-. کەواتە مەبەستم ئەوەیە ئەم مەترسییە لە ئارادایە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت.

*** کاردانەوە و پەرچەکرداری وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی دەبێت ئەگەر ڕووسیا ئەم چەکە بەکار بهێنێت؟**

- ڕەنگە ئێمە نەتوانین بزانین چی لە بیرکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆدا دەگوزەرێت لە پەیوەندی بە کاردانەوەیان لە بەرانبەر بەکارهێنانی ئەم چەکە، بەڵام هەر چۆنێك بێت، من پێم وایە پەرچەکردارێکی بەهێزیان دەبێت و لەم ڕووەوە هیچ گومانێکم نییە.

*** چ هەڵسەنگاندنێکت هەیە بۆ ئەدای ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە ئاست ئەم شەڕەدا، کە ئاشکرایە ئەمریکا هاوکارییەکی گەورەی سەربازیی بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر کردووە و سزاشی بە سەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئایا پێویست بوو ئەمریکا کاری زیاتر، یان کەمتر، یان جیاوازتری بکردایە لەم ڕووەوە؟**

- ئەگەر هەموو لایەنەکانی ئەدای ئەم ئیدارەیە لەبەرچاو بگرین لە پەیوەندی بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شەڕەدا، ئەوا پێم وایە ئەمریکا ئەدایەکی باشی هەبووە، ئەوەی لە ئێستاشدا پێویستە ئەم ئیدارەیە ئەنجامی بدات، ئەوەیە وڵاتە ئەورووپییەکان قەناعەت پێ بکات بۆ ئەوەی چەکی زیاتر دەستەبەر بکەن بۆ ئۆکرانیا. لە هەمان کاتدا کار و کۆشش بکات بۆ ئەوەی ڕای گشتیی نێوخۆی ئەمریکا بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بۆچی درێژەدان و بەردەوامیدان بە پشتیوانیکردنی ئۆکرانیا و دەستەبەرکردنی هاوکاری بۆ ئەو وڵاتە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا دەشکێتەوە. خاڵێکی دیکە کە ئەم ئیدارەیە کاری لەسەر بکات، ئەوەیە کە دەبێت پیشەسازیی سەربازیی ئەمریکا و ئەورووپا بە چەشنێك بخرێنە گەڕ و درێژەیان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك هاوکاری ئۆکرانیا بکرێت کە بتوانێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە شکست بە ڕووسیا بهێنێت، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە ڕووسیا بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژە لە شەڕ و ململانێدایە لەگەڵ ڕۆژئاوا و مەسەلەکە هەر تەنیا لە پرسی ئۆکرانیادا کورت نابێتەوە.

**ڕووسیا بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژە لە شەڕ و ململانێدایە لەگەڵ ڕۆژئاوا و مەسەلەکە هەر تەنیا لە پرسی ئۆکرانیادا کورت نابێتەوە**

*** لە پەیوەندی بە سزا و ڕێکارە ئابووری و داراییەکانەوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندوویانە بە سەر ڕووسیادا، ئایا ئێوە چۆن لە کاریگەرییەکانی ئەم سزایانە دەڕوانن، بە تایبەتی کە هەندێك پێیان وایە کاریگەریی پێچەوانە و نەخوازراویان هەبووە و بە هۆی گرانبوونی نرخی وزەوە ڕووسیا داهاتێکی زیاتر بەدەست دەهێنێت و بەم هۆیەشەوە توانیویەتی درێژە بە شەڕەکە بدات؟**

- من پێم وایە سزا و ڕێکارە ئابوورییە سەپێنراوەکان بەسەر ڕووسیادا کاریگەری و دەرئەنجامی گەورەیان بووە و ئابووریی ڕووسیا لە کێشەدایە و خودی سەرۆك پوتینیش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی وڵاتەکەیدا ئاماژەی پێ کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە پێویستە سزای بەهێزتر و قورستر بە سەر ڕووسیادا بسەپێندرێت، بە تایبەتی بە سەر کەرتی وزەی ئەو وڵاتەدا.

**سزا و ڕێکارە ئابوورییە سەپێنراوەکان بەسەر ڕووسیادا کاریگەری و دەرئەنجامی گەورەیان بووە و ئابووریی ڕووسیا لە کێشەدایە و خودی سەرۆک پوتینیش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی وڵاتەکەیدا ئاماژەی پێ کرد**






**ئارنێ کیسلێنکۆ**

پرۆفیسۆری مێژوو لە زانکۆی ڕایرسۆن لە کەنەدا بۆ گوڵان:

# پوتین گیرۆدەی ئەو شکستانە بووە کە بەسەر خۆیدا هێناوە

**ئارنێ کیسلێنکۆ پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو لە زانکۆی ڕایرسۆن لە شاری تۆرینتۆ لە کەنەدا، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، مێژووی دیپلۆماسییەتی سەدەکانی نۆزدە و بیست، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاسایشی نەتەوەیی و چەندی بوارێکی دیکە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای جیهان، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەری و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕ و پەرەسەندنانە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستمی جیهانی.**

*** وەك ئاشکرایە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا باس و خواسێکی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە لە پەیوەندی بە ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی نێوان هێزە مەزنەکان و خودی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، بە دید و تێڕوانینی ئێوە ئایا ڕەوایە، یان وەسفکردنێکی وردە ئەگەر بڵێین جیهان پێی ناوەتە نێو ڕۆژگارێکی نوێی شەڕی ساردەوە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە هۆکاری ئەوە لە ئارادا بێت کە وامان لێ بکات، بڵێین ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی لە ئێستادا هاتوونەتە ئاراوە و دەگوزەرێن، بە شەڕێکی دیکەی نوێی سارد ناوزەدی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو هەلومەرج و دۆخەی ئێستا لە ئارادایە لە زۆر ڕووەوە جیاوازە. هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە، ئەوا هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە شەڕی سارد هیچ کاتێك کۆتایی نەهاتووە و نەبڕاوەتەوە، واتە پێیان وایە لە کاتێکدا کە کۆمۆنیزم لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا داڕووخا و دەسەڵاتی لەدەست دا، بەڵام پرس و ناکۆکی و کێشە جیۆپۆلەتیکییە درێژخایەنەکان درێژەیان کێشا و بەردەوام بوون، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی وڵاتی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیوەندییەکی گرفتئامێز و بارگرژ بووە. دید و تێڕوانینی من لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ئێمە خۆمان زۆر سەرقاڵ نەکەین بەوەی چ مشتومڕێك بکەین، یان چ دەستەواژە و زاراوەیەك بەکار بهێنین بۆ وەسفکردن و شرۆڤەکردنی ئەوەی دەگوزەرێت و لە ئارادایە، بەڵکو پێم وایە پێویستە لەبری ئەوە جەخت بکەینەوە و هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە لەسەر واقیعی شەڕەکە و لەسەر ئەو نائارامی و

**پلان و هەوڵەکانی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین لە بەرامبەر وڵاتی ئۆکرانیاندا قەیسەر و دیکتاتۆرەکانی ڕۆژگاری یەکێتیی سۆڤیەتمان بیر دەخەنەوە**

**زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپا ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە بەرگەی کەمبوونەوەی وزە بگرن و تێچوویەکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن بۆ بەدەستهێنان و بەردەوامی و درێژە بە پشتیوانییەکانیان بۆ ئۆکرانیا**

**پوتین ئومێدی ئەوە دەکات کە ئەم بارودۆخە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی وزە وەک چەکێک و ناچارکردنی ئەورووپییەکان بۆ ئەوەی پێویستیان بە ڕووسیا ببێت**

**ئێمە ناتوانین ئەگەری بەکارهێنان، یان هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوکی، یان بەکارهێنانی چەکی بایەلۆژی و کیمیایی و...هتد لەبەرچاو نەگرین**

**پوتین لە زۆر پرس و بابەتدا بە هەڵەدا چووە و لە ئێستادا وەک کەسێک وایە کە دەخرێتە گۆشەیەکەوە و ڕەنگە لە ترسان کاردانەوە و پەرچەکرداری هەبێت**

نادڵنیاییە توندەی بارودۆخی ئەم شەڕە لەسەر ئاستی جیهان خوڵقاندوویەتی، لەبەر ڕۆژشنایی ئەم هەلومەرجەشدا، من باوەڕم وایە بارودۆخی ئێستای جیهان پتر پەیوەستە بە سیاسەتی نێوان هێزە جیهانییە مەزنەکانەوە، ئەگەرچی لە هەلومەرج و بارودخێکی نوێدا، پلان و هەوڵەکانی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین لە بەرامبەر وڵاتی ئۆکرانیاندا قەیسەر و دیکتاتۆرەکانی ڕۆژگاری یەکێتیی سۆڤیەتمان بیر دەخەنەوە.

*** لەم دواییانە وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژەی بەوە کرد کە ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی ڤلادمیر پوتین پایەکانی سیستمی جیهان- ئەوەی پێی دەگوترێت سیستمی تەوەربەند لەسەر ڕێساکان- هەڵتەکاندووە، ئایا پێت وایە دەکرێت بڵێین ئەم شەڕەی ڕووسیا دژی ئۆکرانیا بەرپای کرد، بزمارێکی دیکە بوو لە تابووتی ئەم سیستمە جیهانییە درا؟**

- بە دڵنیاییەوە دەستدرێژکاری و داگیرکارییەکەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین هۆکارێك بووە بۆ درووستکردنی تەحەددی و دژواری، بۆ ئەوەی پێی دەگوترێت سیستمی تەوەربەند لەسەر ڕێساکان، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە بە وریاییەوە دەستەواژە و پێناسەکان دابڕێژین و بەکاریان بهێنین، چ جای ئەوە هەوڵی ئەوە بدەین پێشبنی لەبارەی کۆتاییهاتن و ئاوابوونی ئەم سیستمەوە بکەین. زۆر کەس ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنن بۆ ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەری هەڵدا و هاتە ئاراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕێساکانەوە، ئەوا ئەم ڕێسایانە پێشتریش هەبوون و بگرە لەگەڵ پەرەسەندن و هاتنەئارای ڕووداوە نوێیەکان و سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیاکاندا گۆڕانکارییان بەسەردا هات، دواتر دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە چەندین پرس و ڕووداو هاتنە ئاراوە، کە دژواری و تەحەددییان بۆ خودی ئەم سیستمە خوڵقاند و تەنانەت لایەنەکانیان ناچار بە سازشکردن و گۆڕینی سیاسەت و هەڵوێستەکانیان کرد. لەوەش زیاتر، بەدەر لە شەڕی ئێستای نێوان هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیا، زۆرێك لە پرس و کێشەکان بوونە سەرچاوەی تەحەددی و دژواری بۆ سیستمە نێودەوڵەتییەکە: تمووح و ئامانجەکانی وڵاتی چین، ئەو هەژارییەی لەسەر ئاستی جیهان لە ئارادایە، گۆڕانی کەشوهەوا و...هتد. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین و ڕووسیا بوونەتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر سیستمە کۆنەکە، بە تایبەتی و دیاریکراوی ئەگەر ڕووسیا لەم شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، یان وڵاتانی دیکەش هەمان سیاسەت و هەڵوێست بگرنەبەر، بۆ نموونە ئەگەر وڵاتی چین بڕیاری هێرشکردنە سەر تایوان بدات. هەرچۆنێك بێت، لە هەندێ ڕوو و ڕەهەندەوە ئێمە دەتوانین ئەم تراژیدیا و کارەساتەی بەسەر وڵاتی ئۆکرانیادا هاتووە، وەك بەڵگەیەکی ڕوونی لایەنی باشی سیستمی تەوەربەند لەسەر ڕێساکان بەدی بکەین و لێکی بدەینەوە، لەم ڕوانگەیەی کە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بە سەرزەنشت و سەرکۆنەی دەستدرێژکاری و داگیرکاریی ڕووسیایان کرد و هەوڵ و کۆششی خێرایان گرتەبەر بۆ پشتیوانیکردن لە ئۆکرانیا.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، بینیمان کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە چەشنێکی خێرا چەندین سزا و ڕێکاری ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاند، لە بەرامبەریشدا ڕووسیا هەوڵیدا چەکی «وزە» بەرامبەر وڵاتانی ئەورووپا بەکار بهێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك شەڕە و ئەم هەڵوێستەی ڕووسیا وڵاتانی ئەورووپای ناچار کردووە کە پێداچوونەوە بە حیساباتی پەیوەست بە ئاسایشی وزەی خۆیان بکەنەوە؟ ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی ئەم کیشوەرە دەبێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەم شەڕەی هەڵگیرساوە، بە چەشنێکی بنەڕەتی و بنچینەیی تەحەددی و دژواریی بۆ ئاسایشی وزەی ئەورووپا دروست کردووە، بە شێوەیەك زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپا پێداچوونەوە بە پرسی ئەوەدا بکەن، کە لە چ سەرچاوەیەکەوە وزە بەدەست بهێنن و چۆن بەکاری بهێنن، هەندێکیان بیر لە گرتنەبەری ڕێکاری ڕیشەیی خۆپاراستن دەکەنەوە، یان هەندێکیان تاوتوێی ئەوە دەکەن، پێویستە چ سەرچاوەیەك بەکار بهێنن و لە کوێوە بەدەستیان بهێنن و هاوردەی بکەن، دواتر ئەگەر ئێمە تێکڕای بارودۆخی شەڕەکە و



بڕیارەکانی ڕووسیا لەبەرچاو بگرین لە پەیوەندی بە سنووردارکردنی دەستەبەرکردن و هەناردەکردنی نەوت و غازەوە، ئەوا ئەم دۆخە کاریگەری و دەرهاویشتەی ڕوونی لەسەر تێکڕای جیهان هەبووە لە پەیوەندی بە خواست و خستنەڕووەوە، هاوشان بە دەرئەنجامی سیاسی و ئابوورییەوە، لە کاتێکدا کە ئێمە لە وەرزی زستان نزیک دەبینەوە، ئەوا نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ڕوون بەدی دەکرێت لە نێو ئەوروپادا لە پەیوەندی بەوەی چۆن کەمیی وزە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ لاوازکردنی ئابووریی ئەم وڵاتانە، کە ڕەنگە ئەمەش لە کۆتاییدا کاریگەری هەبێت لەسەر ئامادەیی ئەم وڵاتانەی بۆ پشتیوانیکردن و پاڵپشتیکردنی وڵاتی ئۆکرانیا. ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆخی ئێستاوە، ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپا ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە بەرگەی کەمبوونەوەی وزە بگرن و تێچوویەکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن بۆ بەدەستهێنان و بەردەوامی و درێژە بە پشتیوانییەکانیان بۆ ئۆکرانیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئومێدی ئەوە دەکات کە ئەم بارودۆخە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی وزە وەك چەکێك و ناچارکردنی ئەورووپییەکان بۆ ئەوەی پێویستیان بە ڕووسیا ببێت.

*** چۆن لە چارەنووسی ئەم شەڕە دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە ئاسۆی هیچ ئەگەرێکی هاتنەئارای ئاگربەست و ئاشتی لە ئارادایە، یان بە پێچەوانەوە پێشبینی ئەوە دەکەن بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت و تەنانەت بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار و ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکی بچێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی مایەی بەدبەختییە ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین ئەگەری بەکارهێنان، یان هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوکی، یان بەکارهێنانی چەکی بایەلۆژی و کیمیایی و...هتد لەبەرچاو نەگرین، چونکە ئێمە دەزانین کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە زۆر ڕووەوە، یان لە زۆر پرس و بابەتدا بە هەڵەدا چووە، ئێستاش گیرۆدەی شکستەکانی خۆی بووە، پێم وایە لە ئێستادا وەك کەسێك وایە کە دەخرێتە گۆشەیەکەوە کە ڕەنگە لە ترسان کاردانەوە و پەرچەکرداری هەبێت.

# پڕۆژەی پێوانەکردن و چاودێریکردنی بڕی پیسکارەکانی هەوا

نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠١٩ وە بڕیاری دا کە ڕۆژی حەوتی سێپتەمبەری هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانیی هەوای پاك و ئاسمانی شین بناسرێت، بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەم ڕۆژە جیهانییە یاد کرایەوە. دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش لە ڕووی کردارییەوە زۆر هەنگاوی ناوە، کە ئەمانەی لای خوارەوە هەندێکن لەو هەنگاوانە:

١. دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢١ی تایبەت بە پاراستن و چاککردنی هەوا کە لە ٢٦ ماددە و حەوت پاشکۆ پێکهاتووە و، لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارەی ٢٧٥ لە ٢٠٢١/١٢/٩ بڵاو کراوەتەوە.

٢. کارکردن بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ ڕێکخراوی (جی. ئای. زێد)ی ئەڵمانی لە ئامادەکردنی توێژینەوەیەکدا، بۆ دیارکردنی ڕاددەی پیسبوونی هەوا لە هەرێم و تەواوکردنی توێژینەوەکە و ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ کارکردن لەسەر ڕاسپاردەکانی.

٣. داواکردن لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی ژینگەدۆست.

٤. هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بۆ بە ٢٤ سەعات کردنی کارەبا و، بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە سەرچاوەی وزە نوێبووەوەکان و، دانانی کاتێك بۆ کۆتاییهێنان بەکاری موەلیدەکان.

٥. ناردنی نووسراو بۆ هەرسێ وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، وەزارەتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گومرگ بۆ قەدەغەکردنی هاوردەکردن و ژمارەپێدان و کارکردنی هەر ئۆتۆمبێلێك کە بەردی ساڵەنسەی دەرهێنرابێت.

٦. هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان بۆ ئەوەی توێژینەوەی دواساڵی خوێندکاران لەسەر بابەتەکانی پیسبوونی هەوا و گۆڕانکاریی ئاو و هەوا بێت.

٧. ناردنی نووسراو بۆ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ پێداچوونەوە و چاودێریکردنی کوالێتیی سووتەمەنی بە گشتی و بەنزین بە تایبەتیی.

٨. داواکردن لە وەزارەتی گواستنەوە بۆ کارکردن بە سیستمی گواستنەوەی گشتی وەك پاس و شەمەندەفەڕ و ئەوانی دیکە.


٩. هەماهەنگی لەگەڵ کونسوڵخانەی وڵاتی چین و هەوڵدان بۆ چاککردنی جۆری هەوا و، ئامادەییان بۆ بنیادنانی پارکێکی ژینگەیی.

١٠. هەماهەنگی لەگەڵ کونسوڵخانەی بەریتانیا و ئامادەییان بۆ نۆژەنکردنەوەی تاقیگەکانی دەستەی ژینگە بە ئامێر و کەرەستەی نوێ، بۆ پێوانەکردنی پیسکارەکانی هەوا و ئاو و خاك.

١١. پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی ژینگە بۆ سزادانی پیسکاران، ئەوەش بە هۆی هەموارکردنی ماددەی ٤٢ لە یاسای ژمارە هەشتی ساڵی ٢٠٠٨ ی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

١٢. هەماهەنگی لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و وەزارەتی ژینگەی عێراق لە ڕێگەی بەشداربوون لە ئامادەکردنی بەڵگەنامەی پشکدارییە دیارکراوە نیشتمانییەکان، بۆ کەمکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا، وەك جێبەجێکردنێك بۆ پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەی پاریس.

١٣. ئامادەکردنی پڕۆژەی پێوانەکردن و چاودێریکردنی بڕی پیسکارەکانی هەوا بەم شێوەیەی لای خوارەوە و، پێشکەشکردنی بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان:



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

- یەکەم- ناوی دامەزراوە: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە
- دووەم- ناوی پڕۆژە: پێوانەکردن و چاودێریکردنی بڕی پیسکارەکانی هەوا
- سێیەم- ئامانج لە پڕۆژە: پیشاندانی بڕی پیسکارە سەرەکییەکانی هەوا وەك: یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن، دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین، دووەم ئۆکسیدی گۆگرد، ئۆزۆنی زەمینی و وردە گەردیلەکان.

**وردە گەردیلەکان:**

بریتین لەو گەردیلانەی نێو هەوا کە دەچنە هەوای هەناسەوەرگرتنەوە و تیرەکانیان یەکسانە بە دە مایکرۆمیتەر، یان کەمتر و دەبنە گرفت بۆ ئەوانەی کە هەناسەتەنگی و هەوکردنی بۆڕییەکانی هەوایان هەیە.

**ئۆزۆنی زەمینی:**

ئەم جۆرە لە ئۆزۆن لە نزیك ڕووی زەوی دروست دەبێت لە ئەنجامی کارلێکردنی ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و پێکهاتە ئۆرگانییە هەڵواسراو و پژاوەکان (ڤۆ ئۆ سی) کە بەرهەمی ئەگزۆزی ئۆتۆمبێل و هەڵمی بەنزین و تواوە کیمیاوییەکانن بە بوونی گەرمیی تیشکی ڕۆژ.

ئەم ئۆزۆنە زەمینییە ماددەیەکی ژەهراوی و بۆندارە، گرفتی تەندروستی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە هەناسەتەنگی و کێشەیان لە سییەکاندا هەیە، لەکاتی زۆربوونی بڕەکەشیدا کۆکە و سووربوونەوەی گەروو دروست دەکات و زیانیش بە ڕووەك و سیستمی ئیکۆلۆژیی دەگەیەنێت.

**دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین :**

ئەم گازە بەکارلێکردنی لەگەڵ ئاودا ترشی نیتریك پێك دەهێنێت، بەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی پیسبوون بە ترشەڵۆکە باران.

ئەم گازە لە ئەگزۆزی ئۆتۆمبێل و لە سووتاندنی خەڵوز و پاشماوە ئۆرگانییەکان و غازی سرووشتی و نەوتی خاو پەیدا دەبێت، هەروەها لە پیشەسازییەکانی پلاستیك و ڕۆن و مس و تایەی ئۆتۆمبێل و نتراتی ئەمۆنیۆم و ترشی نتریکیش پەیدا دەبێت، ئەم گازە ژەهراوییە و کار لە کۆئەندامی هەناسە دەکات.

**دووەم ئۆکسیدی گۆگرد:**

ئەم گازە لە ئەنجامی سووتانی سووتەمەنییە بەردینەکان و لە وێستەگەکانی بەرهەمهێنانی وزە و دەرهێنانی کانزاکان پەیدا دەبێت و، گرفتی تەندروستی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە هەناسەتەنگی و هەستیاری و کێشەیان لە سییەکاندا هەیە.

**یەکەم ئۆکسیدی گۆگرد:**

گازێکی ژەهراویی بێ تام و بێ بۆن و بێ ڕەنگە، لە ئەنجامی سووتاندنی سووتەمەنییەکانی وەك بەنزین و ئەو ماددانەوە دەبێت کە کاربۆنیان تێدایە و، کاریگەریی خراپی لەسەر مرۆڤ هەیە لە گشت تەمەنێکدا و، تەنانەت تا ڕاددەی مردنیش.

- چوارەم- شوێنی پڕۆژە: پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان، بە دانانی وێستگە بۆ پێوان و پێشاندانی ڕاستەوخۆی بڕی پیسکارە هەواییەکان لە سایتی ئەلکترۆنی.
- پێنجەم- ئامانجە گشتییەکان: بەدیهێنانی بەشێك لە حەڤدە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، وەك ئامانجەکانی ژمارە حەوت و یازدە و دوازدە و سێزدە، کە خۆیان دەبیننەوە لە: دابینکردنی وزەی خاوێن، شار و کۆمەڵگە نێوخۆییە بەردەوامەکان، بەکاربردن و بەرهەمهێنانی بەرپرسیارانە، گۆڕانکاریی ئاو و هەوا.
- شەشەم- لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژە: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و لایەنی هاوکار.
- حەوتەم - کەرتی سوودمەند لە پڕۆژە: کەرتی ژینگە و تەندروستی.

# گەورەیی و گرنگیی کار و کاسبیکردن لە ئیسلامدا

(١)

**هەروەکو چۆن لەسەر نوێژ و ڕۆژ و باقی کار و کردەوە چاکەکان خوای پەروەردگار پاداشتمان دەداتەوە، بە هەمان شێوە لەسەر کار و کاسبی و کرین و فروشتن و ئەزیەت و ئازار و نارەحەتی و ئەو ماندووبوونەی تووشمان دەبێت لە کاتی و کار و کاسبیدا پاداشت دەدرێینەوە**

بە ناوی خوای گەورە ولێبووردە و بە بەزەیی

سوپاس و ستایش بۆ خوای تاك و تەنیا و بێ شەریك و دروود و ڕەحمەت و بەرەکەت ومیهربانیی خوا برژێتە سەر گیان وڕۆحی هەمیشە زیندووی سەرداری پێغەمبەران و چاوی ساغ و تکاکاری مەحشەرمان محەمەد دروودی خوای لەسەر بێت و بۆ سەر ماڵ و خاوخێزانی و بۆ سەر یار و یاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.

خوێنەرانی ئازیزو خۆشەویست سڵاو. ڕەحمەتی خوای گەورەتان لی بێت. خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم جاریکی دیکەش لە خزمەتاندام کە تیشکێك بخەمە سەر بابەتێکی یەکجار گەورە وگرنگ لە چوارچێوەی فەرمووده بەرز و بەنرخەکانی خوای پەروەردگار لە قورئان و فەرموودە ئازیز و خۆشەوێستەکانی نووری چاومان پێغەمبەری خوا محەمەد دروودی خوای لەسەر بێت، کە ئەویش بریتییە لە «کار و کاسبیکردن».

خۆشەویستانم ئێمە کە بە خۆمان دەڵێین ئیماندار و باوەڕی تەواومان هەیە بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەمان، دەبیت لە پێشەکیی ئەم بابەتدا ئەوە بزانین کە ئیمان چییە؟ (ئیمان یان باوەڕ) بریتییە لە دوو بەش، یەکەم: وشەی شایەتمانە کە دەڵێین: (أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ وَأَنَّ مُحَمَّـدًا رِسُـولُ اللَّـهُ)، واتە شایەتی دەدەم کە هێچ خوایەك شایانی پەرستن وعیبادەت بۆ کردن نییە، ئیلا زاتی پاکی خوا نەبێت و تاك و تەنیایە و شەریك وهاوبەش و هاوشێوەی نییە و شایەتی دەدەم کە محەمەد پێغەمبەری خوا و ڕەوانەکراوی خوای باڵادەستە. دووەم: بریتییە لە کردوەی چاك و بە گشتی کارکردن بە قورئان و فەرموودە بەرز و بەنرخەکانی پێغەمبەرمان دروودی خوای لە سەربێت.

دەمەوێت لەم پەیامە کورتدا ئەوەتان عەرز بکەم کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام واتە (کارکردن) بۆ قیامەت و ژیانی پاشەڕۆژ و هەتا هەتایی.

خوێنەری بەڕێز جا یەکێك لە کار و کردەوە چاکەکان بریتییە لە کاروکاسبیی حەڵاڵ و دەبێت ئەوە بزانین هەروەکو چۆن لەسەر نوێژ و ڕۆژ و باقی کار و کردەوە چاکەکان خوای پەروەردگار پاداشتمان دەداتەوە، بە هەمان شێوە لەسەر کار و کاسبی و کڕین و فروشتن و ئەزیەت و ئازار و نارەحەتی و ئەو ماندووبوونەی تووشمان دەبێت لە کاتی و کار و کاسبیدا پاداشت دەدرێینەوە، بەڵام بە مەرجێك بەو شێوازە کار و کاسبی بکەین کە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا بە حەڵاڵیان دانابێت. هەروەها پێنج فەرزە نوێژکان و جومعە و جەماعەتی لەسەر نەفەوتێنین و کار و کردەوە هەڵسوکەوتێك نەکەین کە ببێتە مایەی ئازاردان و نارەحەتکردنی خەڵك و خواردنی پارە و سامان و موڵك و ماڵی موسڵمانان نابەحەق، ئەوەی لەم سەردەم و ڕۆژگارە بەداخەوە دەبینین و ڕۆژانە دەبیستین، بە گشتی.

خوێنەرانی خوشەویست، ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەر بریتی نییە لە چەند توقسات و ڕمووزاتێك وەکو باقی ئایینەکانی دیکە، بەڵکو لە هەموو کایەکانی ژیاندا دەوری هەیە و یاسای داناوە بۆ هەموو شتێك و لە ناویشیاندا کاروکاسبی و هەر فێرمان ناکات کە چۆن نوێژ بکەین و حەج و ڕۆژوو و زەکات ئەنجام بدەین، بەڵکو هانی مرۆڤ



مامۆستا هێمن شارەستێنی

پیش نوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی جافان/ رانیە

و شوێنکەوتووانی دەدات کە بچن کار و کاسبییش بکەن وهەوڵ و هیممەت و قوەت و هێز و بازووی خۆیان بخەنەگەڕ بە مەبەستی بەدەستهینانی بژێوی ژیانی خۆیان و ماڵ ومنداڵیان، هەتا چاویان لە دەستی خەڵکەوە نەبێت و دەست پان نەکەنەوە لەبەر ئەم و ئەو. خوای گەورە لە قورئان دەفەرموێت: (فَٱمْشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْمِن رِزْقِهِ)، واتە بچن بە هەموو گۆشە و کەنارێکی دونیادا هەوڵی بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی خۆتان بدەن و بازرگانی بکەنە پیشەی خۆتان و لە ڕزق و ڕۆزییەکەی بخۆن.

خوای گەورە لە ئایەتیکی دیکەدا دەفەرموێت: (فَٱبْتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُواْ لَهُۥٓ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ)(العنکبوت :١٧). واتە بڕۆن بە سەر زویدا بگەڕێن و هەوڵ و هیممەتی خۆتان بخەنە گەڕ وکاروکاسبی بکەن، بەڵام بەو شێوازی کە خوای گەورە بۆی حەڵاڵ کردوون لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە و فەرمانی پێتان کردووە و پشت بە خوا ببەستن و تەنیا لای خوای گەورە بپاڕێنەوە و داوای ڕزق و ڕۆزیش هەر لە ئەو بکەن، هەر ئەویش بپەرستن و سوپاس وستایشی خوا بکەن لە سەر ئەو هەموو ناز و نیعمەتانەی کە پێ بەخشیون. لە ئایەتیکی دیکەدا دەفەرموێت:(وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ) (المزمل:٢٠). واتە موسڵمانان بە سەر زەویدا دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی پارە و سامان و بازرگانی و کار و کاسبیکردن بە فەزڵی خوا بۆ کارو کاسبیکردن بچنە سەفەر بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات و ئەمسەر و ئەوسەری دونیا هەتا تاجر و بازرگانیش بێت.

پێغەمبەری خوا دروودی خوای لە سەر بێت، ڕوو لە برا و خوشکە بازرگانەکان دەکات و دەفەرموێت: (التَّاجِرُ الصَّدُوقُ تَحْتَ ظِلِّ العَرْشِ يَوْمَ القِيامَةِ). واتە بازرگانێکی ڕاستگۆ و دەستپاك و ئەمین خیانەت لە میللەتەکەی خۆی ناکات، بەڵکو کەلوپەلێك دەهێنێت کە چاك و باشە و دوورە لە هەموو فرتوفێڵ وغەل وغەشێك، مادام ئاوایە لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە لە ژێرسێبەری عەرشی خۆیدا حەشری دەکات. کە لەو ڕۆژدا هیچ سیبەرێك نییە، جگە لە سێبەری عەرشی خۆی نەبێت. هەروەها دەفەرموێت: (التَّاجِرُ الصَّدُوقُ لا يُحْجَبُ مِنْ أَبْوابِ الجَنَّةِ). واتە بازرگانێکی ڕاستگۆ و ئەمین و دەستپاك هیچ شتیك ڕێگری لی ناکات و نابێتە بەربەست لەوەی خوای گەورە لێی خۆش نەبێت و نەیخاتە بەهشتە نەبڕاوەکەی و ژێر ڕەحمەتی و میهرەبانیی خۆی. لەو کەسانە بین ئینشائەڵڵا..

هەمیشە پێویستە خەڵك هەوڵی ژیان بدات و چاوەڕوان نەبێت تا خوا بۆی ببارێنێ، وەك پێشەوا (عومەر) خوا لێی ڕازی بێت ڕۆژێك چووە مزگەوتی پێغەمبەر کە کاتی نوێژ نەبوو، خەڵکێکی بێکاری بینی خەریکی عیبادەت بوون. گوتی: ئێوە کێن و چین ئاوا بێکار و ئیش لێرەن؟ گوتیان: ئێمە قەوم و گەلێکین پشتمان بە خوا بەستووە، بۆیە ئیش و کارناکەین. ئەویش پێی گوتن: نەخێر، ئێوە گەلێکی بێکار و تەمەڵن. هەستن بڕۆن بۆ دەرەوە و کار و کاسبییەك بکەن، ئەوجا پشت بە خوا ببەستن.

والسلام علیکم ورحمەالله وبرکاتە

**ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە هەموو کایەکانی ژیاندا دەوری هەیە و یاسای داناوە بۆ هەموو شتێک و لە ناویشیاندا کاروکاسبی و هەر فێرمان ناکات کە چۆن نوێژ بکەین و حەج و ڕۆژوو و زەکات ئەنجام بدەین، بەڵکو هانی مرۆڤ و شوێنکەوتووانی دەدات کە بچن کار و کاسبییش بکەن**

# لە پێناو نەخوڵقانی ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی، داوا دەکرێت دەرفەتی کار بۆ گەنجان فراوانتر بکرێت



**لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەهۆی کۆمەڵێك قەیران بێکاری لە ئاستی جیهاندا رێژەی پێوانەیی تۆمار کرد. لەم نێوەندەشدا عێراق پشکی شێری لەم رێژەیە بەرکەوتووە بە هەرێمی کوردستانیشەوە. بەپێی توێژینەوەکان زۆربەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیی راستەوخۆیان بە بارودۆخی ئابووریی خێزانەکانەوە هەیە و دوور نییە دەرهاویشتە خراپەکانی بێکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنیش قەیرانی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت. لە راپۆرتێکی گۆڤاری گوڵان پرسی بێکاری شەن و کەو دەکرێت و بەشداربووان لە دیدی خۆیانەوە پرسەکە هەڵدەسەنگێنن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی دوایین ئاماری بانکی نێودەوڵەتی رێژەی بێکاری لەنێو گەنجانی عێراق گەیشتووەتە ٣٦٪ بەشێوەیەك لە هەر سێ کەس یەکێکیان بێکارە، هاوکات بانکی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکات کە رێژەی بێکاری لە عێراق بەراورد بە ٣٠ ساڵی رابردوو لە ئێستادا بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە.

لە دەستپێکدا عیسا بۆتانی، نووسەر و رۆژنامەنووس، هێما بۆ ئەوە دەکات کە شتێکی دیار و روونە مەبەست لە کارکردن لەلایەن هەر کەسێکەوە ئەوەیە داهات و بژێوی بەدەست بهێنێت، واتا مرۆڤەکان کاتێك بێکار دەبن لە ئەنجامدا ناتوانن هۆکارەکانی ژیانکردن کە خۆی لە نان و پێداویستی دەبینێتەوە زامن بکەن و، بەشێوەیەکی گشتی رێگە لە بەردەمیان نامێنێت تاکو خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆیان و ماڵباتەکانیان دەستەبەر بکەن.

هاوکات گوتی: «ئا لێرەدا رەنگدانەوەی بێکاریی و بێ بژێوی گرێدراوە بە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئاخۆ کە مرۆڤەکان بێکار دەبن بە دۆخی هەژاریی و نەبوونی دەستەوئەژنۆ رادەوەستن و رازی دەبن، یانیش پەنا بۆ هەر رێگەیەك دەبەن کە لێیەوە بژێن، بێجگە لەوەی کە بووەتە هۆی تەشەنەسەندنی کێشەی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشانەوەی خێزان و زیادبوونی رێژەی تاوان و دزی و و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە و پێشێلکردنی یاسا. لە توێژینەوەکان کە سەبارەت بە هۆییەکانی سەرهەڵدانی بێکاری ئەنجام دراون، ئاماژە بە لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کراوە. باس لەوە کراوە کە بە هەڵگیرسانی شەڕ و ئاشوب و ناسەقامگیری و کەمتەرخەمی حکومەتەکان لە پشتیوانیکردنی کەرتی کار بێکاری دروست دەبێت. هەروەها بە

**بە هۆی هەڵکشانی رێژەی دانیشتووان و زۆربوونی ژمارەی فەرمانبەران و دەرچووی زانکۆکان حکوومەت ناتوانێت هەلی ئیشکردن بڕەخسێنێت، هێنانی کرێکارانی بیانی کاریگەری دروست دەکات کە لە ناوەخۆدا هاووڵاتیان وەکو پێویست کاریان دەست نەکەوێت**

**بێکاریی نەک تەنها وا دەکات مرۆڤەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ژیانی خێزانییەوە تووشی کێشە ببن، بەڵکو کاردانەوەی بەسەر هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی خاک و وڵاتەوە هەیە**




هۆی هەڵکشانی ڕێژەی دانیشتووان و زۆربوونی ژمارەی فەرمانبەران و دەرچووی زانکۆکان حکوومەت ناتوانێت هەلی ئیشکردن بڕەخسێنێت، هێنانی کرێکارانی بیانی کاریگەری دروست دەکات کە لە ناوەخۆدا هاووڵاتیان وەکو پێویست کاریان دەست نەکەوێت. ئەگەر بە وردی لە مەسەلەی بێکاری بڕوانین ئەوا دەبینین ساڵانە ئەو کێشەیە زیاتر تێبینی دەکرێ، بە پێشکەوتنی زیاتری کەرتی پیشەسازی و ئەلیکترۆنی خواست لەسەر دەستی کاری مرۆیی کەمتر دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر کارگەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی پێویستی بە پەنجا کرێکار بووبێت لە ئێستادا پێویستی بە بیست کرێکارە و لە بری ئەوان ئامێرەکان ئەو کارانە دەکا کە لە رابردوودا ئەوان دەیانکرد. ئەو پێشکەوتنە تەنانەت کۆمەڵگا گوندنشینەکانیشی گرتۆتەوە و کەوتوونەتە بن رکێفی کێشەی بێکاری و ئامێری کێڵانی زەوی و دروێنەکردن و چاندن و بژارکردن و ... هتد، بوونەتە جێگرەوەی مرۆڤەکان. بێکاریی نەك تەنها وا دەکات مرۆڤەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ژیانی خێزانییەوە تووشی کێشە ببن، بەڵکو کاردانەوەی بەسەر هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی خاك و وڵاتەوە هەیە. بەردەوام هەمووان شایەتی کۆچی گەنجانین کە لە دەرەنجامی هەستکردن بە نەبوونی ئاسۆیەك بۆ دۆزینەوەی کار و پێکهێنانی پاشەڕۆژێکی رۆشن و ژیانێکی شەرەفمەندانە رێگەی پەناهەندەیی دەگرنە بەر. ئەگەر ئەمە بۆ گەنجێك وەها سەخت بێت کە بەرپرسیارێتی خێزان و منداڵی لەئەستۆ نییە، ئاخۆ هاوسەردارێك کە بەپرسە لە دابینکردنی ژیار بۆ خانەوادەکەی دەبێت چۆن بێت. کە قەیرانێکی وەها مەترسیدار لەسەر دۆخ و واقیعی کۆمەڵگە بەڕێوە بێت و رۆژانە کاریگەرییەکانی زیاتر بەدەر بکەوێت».

عیسا بۆتانی لە درێژەی ئاخاوتنەکەیدا گوتی: «پێشینان گوتوویانە (شەڕ لە بەتاڵی باشترە)، ئاخر ئەمە قسەیەك نییە بەسەریدا گوزەر بکەین بێ ئەوەی ئاوڕێکی جیددی لێ نەدەینەوە، ئەم گوتەیە لە هەناوی میللەتەکەمان هاتووە و دەربڕە لە تێڕوانین و باوەڕی ئەو گەلە و واتایەکی لێ دەبیندرێ کە لەدەرەنجامی بەتاڵی (بێکاری) ئاژاوە سەر هەڵدەدات و مرۆڤەکانی ئەو نیشتمانە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی گوتوویانە کە پاروو لە دەمی شێر دەردێنن. ئەو قەیرانە تەنها پەیوەست نییە بە هەرێمی کوردستان و زۆر لە وڵاتانی جیهان گیرۆدەی ئەو دەردەن و هەر یەکەو لە راستەخۆی کار بۆ سووککردنی ئاسەوارەکانی دەکا، هەرێمی کوردستانیش دەبێ درك بەوە بکا کە مەسەلەی بێکاری مەترسییەکی جیددییە بۆ ئەمڕۆ و پاشەڕۆژ. دیاردەی سواڵکردن و منداڵانی سەرشەقام و زیادبوونی رێژەی جیابوونەوە و کەڵەکە بوونی ژمارەی دەرچووان و سەختیی لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، ئاخۆ ئەمانە و زۆرانی دیکە ئاماژە نین بۆ ئەو مەترسییە، لە ئێستادا پێویستە ئاوڕ لە دوێنێ بدرێتەوە و پەنجەی پەشیمانی بگەزین کەوا چ هەڵەیەکمان کرد کاتێك رێگامان بەوەدا گوندنشینان رانە مەڕەکانیان بفرۆشن و بە کارمەندی حکومەت دامەزرێن ... زەوی و زارەکان بکرێن بە مەزرەعە و جوتیاران بە کیلۆ تەماتەی هاوردەکراو بکڕن ... گەوڕی مانگا و کولانەی مریشکەکان بڕۆخێن و سفرەی ماڵباتەکان لە جیاتی هێلکە و رۆن و ماستی خۆماڵی پەنیری ماوەبەسەرچووی هاوردەکراوی لێ دابندرێ، چۆن وامانکرد کاری گوندییەکانمان تێکوپێك بچێ و چاویان لەوە بێت لە دامەزراوەیەك بە بەردەست دامەزرێن... کەمترین نمرە بۆ وەرگرتن لە بەشەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی دابندرێ و بەرزترین بۆ کۆلیژی یاسا تاکو وڵات پڕ بێت لە پارێزەری بێکار و خوازیارن بە وانەبێژ لە قوتابخانەیەك دابندرێن.. جادە و بازاڕ پڕ بێت لە کرێکاری بەنگلادێشی و فلیپینی و گەنجێکیش عەوداڵی دۆزینەوەی کارێك بێت بە دووسەد هەزار دیناری مانگانە.

خۆسازدان بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەی بێکاری دەبێت لە هەموو جومگە و کایەکانەوە بێت و پێداچوونەوەی بە سیستەمی کاری کەرتی گشتی و تایبەت بکرێ، کەڵك لە ئەزموونی وڵاتانی دنیا وەربگیرێت تاکو لەو قەیرانە زیاتر تەشەنە نەسێنێت».

سەبارەت بە هەمان پرس سەیران سابیر مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی، سەرەتا ئەوە راستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە بێکاری تاڕادەیەکی زۆر ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدا خولقاندووە، هەروەها دەڵێت: «بێکاری بەجۆرێك نائومێدی لە ناخی تاك دروست دەکات و زیاتر ورەی دەڕووخێنێت و سەر لێ شێواوی دەکات، لە بەرامبەردا تا دێ پێداویستییەکانی ژیان ڕوو لە زیاد بوون دەکەن و نرخی کاڵاو شتومەکەکانی ژیان کردن بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، گرانبوونی نرخی خواردن و نرخی سووتەمەنی و نرخی دکتۆر و دەرمان و......هتد، ئەوەش وادەکات خێزان بڕی زیاتری لە داهات پێویست بێت، بەداخەوە هەر کاتێك ڕێژەی بێکاری زیادی کرد بێگومان خێزان و کۆمەڵگە تووشی کێشەو گیرو گرفت و داڕمان دەبن و کۆمەڵگە دوا دەکەوێ و ڕێژەی هەژاریش بەرز دەبێتەوە».

سەبارەت بە چارەسەریش سەیران سابیر ئاماژە بەوە دەکات: «بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری پێویستە حکومەت و کەرتی تایبەت و سەرمایەداران بۆ گەنجانی ناوخۆ هەلی کار بڕەخسێنن و دووربکەونەوە لە دامەزراندن و خستنەسەرکاری کەسانی بیانی. گەنجەکانمان توانای مرۆیی و سەروەتێکی



**لە ئێستادا پێویستە ئاوڕ لە دوێنێ بدرێتەوە و پەنجەی پەشیمانی بگەزین کەوا چ هەڵەیەکمان کرد کاتێک ڕێگامان بەوەدا گوندنشینان رانە مەڕەکانیان بفرۆشن و بە کارمەندی حکومەت دامەزرێن**

**بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری پێویستە حکومەت و کەرتی تایبەت و سەرمایەداران بۆ گەنجانی ناوخۆ هەلی کار بڕەخسێنن و دووربکەونەوە لە دامەزراندن و خستنەسەرکاری کەسانی بیانی**

**گەنجەکانمان توانای مرۆیی و سەروەتێکی گرنگی ئەم نیشتیمانەن، و پێویستە گرنگی بەتواناکانیان بدرێت و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێندرێ و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت**

گرنگی ئەم نیشتیمانەن، و پێویستە گرنگی بەتواناکانیان بدرێت و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێندرێ و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، چونکە گەنجەکان توانایەکی ڕادەبەدەریان هەیە، هاوکات پێویستە گەنجەکانمان هەوڵ بۆ فێربوونی زمان و خۆڕۆشنبیر کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان بدەن.

هەر لەمبارەیەوە هێمن شێخ زادە نووسەر و چالاکی مەدەنی، ئەوە دەخاتەڕوو کە نەبوونی هەلی کار دیاردەیەکی جیهانییە و زۆربەی کۆمەڵگە و وڵاتانی جیهان گیرۆدەی ئەو دیاردە ترسناکە بوونەتەوە. گوتیشی: «هەرچەندە حکومەت پلانی ورد و دوورمەوداشی هەبێت ناگات بەو ئەنجامەی کە بتوانێت هەلی کار بگەیەنێتە ئاستێك کە بێکاری (١٠٠٪) بنبڕبکات، ئەویش بەهۆی بەرزی ڕێژەی بێکاری.

بێکاری دەردێکی کوشندەیە و ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر شیرازەی کۆمەڵایەتی تاك و کۆمەڵگە بەگشتی، چونکە ڕەفتارەکانی کەسی بێکار دەبنە بنەمایەکی ناشیرین کە کۆمەڵگەش گیرۆدە بکات بەخۆییەوە، بەداخەوە نەبوونی دەرفەتی کار وا لە مرۆڤ دەکات هانا بۆ کاری نادروست و تاوانکاری بەرێت و لە ڕێگەی نایاساییەوە بژێوی ژیانی بەدەست بێنێت، لەوانە کوشتن و ڕێگری کردن و دزی و ڕفاندن و پشێوی و نانەوەی ئاژاوەگێڕی ترسناك، کە ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێرمەترسییەوە.»

هەروەها گوتی: «ئەو مەترسییە وادەکات هەنگاوەکانی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سەردەمیانە بەرەودواوە بگەڕێتەوە و کۆچی بەکۆمەڵی گەنجان دەست پێ بکات تا دەگاتە حاڵەتێك بەداخەوە یاخی بوونی نیشتیمانی لێ ڕەنگبداتەوە، گەنجان سامانێکی گەورەی گشت کۆمەڵگاکانن و قوربانی سەرەکی بێکارین، لەنەبوونی دەرفەتی کاردا سەرلێشێواو دەبن و بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان هانا بۆ نێرگەلە و ماددە هۆشبەرەکان و کرداری ناتەندروست دەبەن، بێگومان ئەم کردارانە ئاسایشی کۆمەڵاتی و ڕەفتارەکانی کۆمەڵگە بەگشتی مەترسیی گەورەی لێدەکەوێتەوە و ئاستی زانست و زانیاری و پەروەردە لاوازدەبێت و ڕۆشنبیری و داهێنان و پێشکەوتن کپ دەکرێت، ڕەفتارەکانی بێکاری ڕەنگدانەوەی خێرایان بەسەر کۆمەڵگەوە دەبێت».

هێمن چێخ زادە، ئەوەشی خستەڕوو: «بێکاری، پەرتەوازەیی خێزانی لێ دروست دەبێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات و لە ناویان دەبات، هاوکات توندوتیژی خێزانی لێدەکەوێتەوە و ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران زۆر دەبێت و لە بەرامبەردا هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە، گرفتەکان بەڕێژەیەك بەرزدەبنەوە لە حاڵەتەوە دەبنە دیاردە و دیاردەکانیش چارەسەر کردنیان ئاسان نابێت. ئەم هەموو گرفتانەش ڕوو لە هەر کۆمەڵگەیەك بکەن ئەوا ڕاستەوخۆ کۆمەڵگە و وڵات بەرەو دواکەوتووی و نەمانی ئاسایش و ئەمنیەت دەبەن. لە ئێستاشدا زۆرێك لە وڵاتان بە پلانی وردو و دوورمەودا هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی جڵەوی ئەم دیاردە ناشازانەی کۆمەڵگە بگرنەدەست کە کار نەکاتە سەر ئاسایشی گشتیی وڵات و هاوڵاتیان بەئارامی و ئازادی و ئاسودەیی و دادپەروەری تێیدا بژین».

**بێکاری توندوتیژی خێزانی لێدەکەوێتەوە و ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران زۆر دەبێت و لە بەرامبەردا هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە، گرفتەکان بەڕێژەیەک بەرزدەبنەوە لە حاڵەتەوە دەبنە دیاردە و دیاردەکانیش چارەسەر کردنیان ئاسان نابێت**



وەفا ئەحمەد:

# هیوای سەرکەوتن بۆ ئەو خانمانە دەخوازم کە بوێرانە بژێوی ژیان پەیدا دەکەن



له هەزارەی سێیەمدا، ئافرەتی کورد هاوشێوەی ئافرەتانی دونیا لەگەڵ سەختی و ناخۆشییەکانی ژیان کێبڕکێ دەکات و هەوڵ دەدات گرەو لە ڕێگرییەکان بباتەوە، بە کۆڵنەدان بوونی خۆی بۆ هەمووان دەسەلمێنێت و بە هەمووان دەڵێت (منیش هەم(. خۆشبەختانە خانمانی کورد لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی خێرا و بە ئاستێکی سەرسوڕهێنەر تێکەڵ بە دونیای کار و سەرمایەداری بوون. وەفا ئەحمەد ناسراو بە (مینا خاتوون) خانمە شێفێکی ناسراوی شاری سلێمانییە و لە ئێستادا بە هاوکاریی هاوسەر و منداڵەکانی چێشتخانەیەکی گەورە بە ناوی (چێشتخانەی کوردەواری مینا خاتوون) بەڕێوە دەبات، ئەو خانمە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی و خانەوادەکەی لە بەڕێوەبردنی چێشتخانەکەی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

وەفا ئەحمەد ناسراو بە (مینا خاتوون)، لە دایکبووی شاری سلێمانییە و دەرچووی قۆناغی سەرەتاییە و هاوکات دایکی پێنج منداڵە، وەك خۆی باسی دەکات هەم وەکو حەز و خولیایەك بۆ چێشتلێنان و هەمیش بۆ باشترکردنی دۆخی دارایی خێزانەکەی چێشتخانەیەك دەکاتەوە، لەمبارەیەوە وەفا ئەحمەد ئەوەی خستەڕوو: «چێشتخانەکەمان چێشتخانەی کوردەواری مینا خاتوون، کە دەکەوێتە سلێمانی بەرامبەر بازاڕی (شەوکەتی مەلا)، ماوەی سێ ساڵە بە شێوەی خێزانی، من و هاوسەرەکەم و کوڕێکم و بووکێکم بەڕێوەی دەبەین، خواردنەکانمان هەمووی کوردەوارین و بریتین لە ساوەر، قەرەخەرمان، بریانی، کفتە، یاپراخ، کەڵەشێر و مریشکی کوردی، قۆزی، گۆشتی بەرخ، گۆشتی قاز، سەروپێ، گەنمەکوتاو و پەڵپینە».

ئەو خانمە کابانە سەبارەت بە سەرەتای کارکردنی بۆ گوڵان گوتی: «سەرەتا ئێمە لە دوکانێکی بچووکدا کەبابخانەمان هەبوو، دواتر چێشتخانەیەکمان دانا، کاتێك زانیمان خەڵك خواردنەکانی ئێمەیان بەدڵە و لایان بەتام وبە چێژە، بڕیارماندا کەبابخانەکە لابەین و بە تەنیا چێشتخانەکە بهێڵینەوە، ئەمڕۆش زۆر دڵخۆشم بەوەی کە میوانەکانمان زۆر لە کارەکانمان رازین و پێشوازییەکی باشیش لە خواردنەکانمان کراوە، بە حوکمی ئەوەی ئافرەت خواردنەکان ئامادە دەکات، ئەوان بەلایانەوە گونجاو و پاك و خاوێنترە و هەمیشەش پێمان دەڵێن خواردنی دەستی ئافرەت بەتامترە».

سەبارەت بە سەرەتای کارکردنی وەفا ئەحمەد بەمجۆرە باس لە وێستگەکانی کارکردنی دەکات: «هەر لە سەرەتاوە خۆم حەزم لە خواردن دروست کردن بوو، هەمیشە بۆ خێزانەکەم و میوانەکانمان هەموو جۆرە خواردنێکم دروست دەکرد، دواتر بڕیارمدا چێشتخانەیەك بکەینەوە، ئەویش هەم وەکو حەز و خولیایەك بۆ چێشتلێنان و هەمیش بۆ باشتر کردننی دۆخی دارایی خێزانەکەم ئەو بڕیارەمدا، خودای گەورەش هاوکار و یارمەتیدەرم بوو، ئێستاش بە هاوکاریی هاوسەر و منداڵەکانم لە بەڕێوەبردنی چێشتخانەکە بەردەوامین.»

ئەو خانمە کابانە لە درێژەی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات: «بەنیازین لە داهاتوودا چێشتخانەکەمان گەورەتر و فراوانتر بکەین، ئەویش لە پێناو خزمەتی زیاتری هاووڵاتیانی خۆشەویست و رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ گەنجەکانمان لە هەردوو رەگەز، ئەویش بۆ ئەوەی لە رێگەی چێشتخانەکەمان بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان دەستەبەر بکەن، لە ئێستاشدا من لە چێشتخانەکەمان بەڕێوبەرم و هاوسەر و منداڵەکان یارمەتیم دەدەن لە دورست کردنەوە تا فرۆشتن و پاك کردنەوەی چێشتخانەکە. سوپاس بۆ خوای گەورە زۆر زۆر دڵم بەوە خۆشە کە توانیومانە ئەم چێشتخانەیە بکەینەوە و لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بین و شار و ڵاتمان بەرەو پێش ببەین، سوپاس بۆخوا خەڵك زۆر لە خواردنەکانمان ڕازیین و پێشوازییەکی باشیش لە کارەکانمان کراوە، زیاتریش لەبەر ئەوە کڕیارمان زۆرە، چونکە خواردنەکان ئافرەت دروستی دەکات و هەمیشە کڕیارەکانم پێم دەڵێن خواردنی دەستی ئافرەت بەتامتر و پاکوخاوێن ترە، شانازی بەوەوە دەکەم کە وەکو ئافرەتێك چێشتخانەیەك بەڕێوە دەبەم و خوازیارم ببمە پردێك بۆ ئەوەی ئافرەتانی دیکەش بهێنمە ناو بازنەی کار و پارە پەیدا کردن،.»

هاوکات لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ هەوڵ و ماندووبوونتان، سوپاس بۆ خوێنەرانی ئازیز و خۆشەویست هیوای ژیانێکی باشتر بۆ هەموو لایەك دەخوازم، لێرەوە هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ هەموو ئەو خانمانە دەخوازم کە کاردەکەن و لەسەر پێی خۆیان وەستاون و بوێرانە هاتوونەتە نێو مەیدانی کار و بژێوی ژیان پەیدا دەکەن، لێرەوە پێیان دەڵێم دەستتان خۆش بێ».



# هونەرمەند دەڕوات.. هونەر دەمێنێت

ناوەندی هونەر لە بەغدا پایتەختی عیراق، تەنیا بە دوو شێوەکاری کورد ئاشنایە، محەمەد عارف سیامەنسووری و ئیسماعیل خەیات. بە دیوێکدا ئەمە نیشانەی ئەوەیە، ئەم دوو هونەرمەندەی کوردستان لە پێگەیەکی بەرز و بەهێزی هونەردان، بە دیوێکی دیکەشدا، ئەوە بەرەنجامی ئامادە بوونی ئەم دوو هونەرمەندەیە لە ڕووی چالاکی و ئەفراندنەوە لە بەغدا. مەبەستمە بڵێم، نیو سەدە بەر لە ئێستا، خەیات و سیامەنسووری لە یەکێك لە دیارترین شارەکانی جیهانی عەرەب لە ڕووی هونەری شێوەکارییەوە، وەك دوو هونەرمەند بە ناوی کوردەوە ناسرا بوون.


ئا/ تاریق کارێزی



ئیسماعیل خەیات (١٩٤٤- خانەقین) هەر لە منداڵییەوە بە دیمەنی بەردەڵانی نێو چۆمی ئەڵوەن ئاشنا بووە. زۆر جار ماسی یان باڵندەی بینیوە بە مرداری لە نێو بەردەڵانی دەم چۆمەکەدا، بێ گیان وشك بوونەتەوە، تەنیا پێست و پەڕ و ئێسکیان ماوەتەوە. ئەم دیمەنە ئەندێشەی ئیسماعیلی مێردمنداڵی زاخاو داوە، لە تەمەنی زوودا دەستی بۆ قەڵەم بردووە و پەڕەی کاغەزی هێڵ باران کردووە. خەیات دەگێڕێتەوە «هێشتا منداڵ بووم، من و برایەکەم باڵندەیەکمان بە دیاری پێ درا، بەڵام ڕۆژێکیان مردار بووەوە، بە خەمبارییەوە ناشتمان. ئەو باڵندەیە لە نێو زەینمدا ما، حەزم دەکرد بمێنێت و یاوەرم بێت، بەڵام کە کۆچی کرد من لە تابلۆیەکانمدا هەبوونێکی هەمیشەیی پێ دەدەم.» ئەم سەرەتایە زۆر و زوو گەشە دەکات، وەك خولیایەکی هەمیشەیی بەرۆکی بەر نادات، دیمەنی وشك و لە ژیان دابڕاوی بەردەڵانی دەم چۆمی ئەڵوەن، بیردانی ئەوی تەنیوەتەوە، ئیدی بۆ ماوەی یەك چارەکە سەدە، گەنجینەی نێو میشکی خۆی بە زمانی ستاتیکا وەك گوتارێك، داباراندووەتە سەر کاغەز، وەك کەسێك خەریکی بنکۆڵ و شەن و کەو بێت، بواری نەداوە بچووکترین ڕووبەری سەر کاغەزی سپی لە بارانی هێڵ و خاڵ بەدەر بێت. سەرەنجام ئەمە دەبێتە ستایل و تەکنیکی تایبەت بە خۆی. هەر خۆی و بەس.


لەم مانۆرەی نزیکەی ٣٠ ساڵی خایاندووە، خەیاتی هونەرمەند بە ئاڵوگۆڕی نێوان جووتە ڕەنگی ڕەش و سپی (قەڵەمی دار و پەڕەی سپی)، هونەری کردووە، هێندەش تێیدا کارامە بووە، بینەر و کڕیاری هونەر و ڕەخنەگرانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، بە وردەکاریی بەرهەمی خۆی، سەرسامی کردوون. ئەگەرچی تەواوی بەرهەمی ئەو لەو ماوە درێژەدا هەر چەشنی هێڵکاری خۆی دەنوێنێت، بەڵام هێڵکارییەکی بەدەر لە بەدی هێنانی هونەر نییە، بەڵکوو هەر بۆ خۆی کرۆکی هونەرە و هەڵگری ستاتیکا و گوتاری قووڵ و پڕ ئەندێشەی ئەون.

وەرچەرخانێك کە بەسەر هونەری ئەودا دێت، لەو کاتەوە بوو کە دەچێتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە. خاتوو گەزیزە عومەر عەلی وەك هونەرمەندی شانۆ و هاوژینی ئیسماعیل خەیات، نوقڵانەی سەرەتای دەست پێ کردنی ڕەنگسازییە لە لای ئیسماعیل خەیات. ئەم جارەیان ڕۆن ڕەنگ و ئاو ڕەنگ و ئەکریلك (هێندەی من بزانم)، دێنە نێو جیهانی هونەری ئیسماعیل خەیاتەوە، قەڵەم و ڕەنگی ڕەش دەخەنە پەراوێزەوە. لەم وەرچەرخانەدا بەرەو جیهانی ڕەنگ، هونەرمەند لە گەنجینەی یادەوەری و یادگاری ڕۆژانی منداڵیی خۆی لا نادات، بەڵام لە بری تێك ئاڵان و ئاوێزانی نێوان جووتە ڕەنگی ڕەش و سپی، ئەم جارەیان شەبەنگی دنیای ڕەنگستان بە ڕووی تابلۆدا دەکاتەوە. ڕوونتر لە جاران ماسی و باڵندەی نێو ڕووبار و چۆمی ئەڵوەن دەکێشێت. لە پاڵ ئەوەشدا زنجیرە تراژیدیای مێژووی تێکۆشانی کوردیش وەك ناوەرۆك بە چڕی دەخزێنە نێو بەرهەمی ئەوەوە. نەخشی هاوژینەکەی لە ئاراستە کردنی هونەرەکەیدا کاریگەر بووە. دیارە دوو هونەرمەند لە ماڵێکدا بژین، ڕەنگی یەك ناگرن، بەڵام دەچنە نێو جیهانی هونەری یەکدییەوە. دروست ئەوە لە نێوان ئیسماعیل و گەزیزەدا ڕووی دا. دنیای ڕەنگین بە خولیای شانۆی گەزیزە دەبێتە هەوێنی دەیان بەرهەمی ئیسماعیلی نیگارکێش، بۆیە دەبینین خەیات چەند پیشانگایەك بە پۆرترێتی هەمەجۆر کەسایەتیی شانۆ دەکاتەوە. لەم بەرهەمانەشیدا، هونەرمەند هێڵی پێچاوپێچ و هەزار بە هەزاری دیمەنەکانی ڕۆژگاری تەمەنی منداڵی بزر ناکات، بەڵکوو وەك پاشخانێك لە ڕوخساری












پۆرترێتەکانی شانۆیدا خۆ دەنوێنێت.
ئەگەر هونەر هەڵوێست بێت، ئیسماعیل خەیات لە ڕیزی پێشەوەی هونەرمەندانی بە هەڵوێستدا دێت. پیاوێکی سادە، بەڵام هونەرمەندێکی پایە بەرز بوو. هەردەم لە بەرەی گەل و نیشتیمانی خۆیدا بوو. بە ڕەچاو کردنی پێگەی بەرزی هونەرەکەی، لەگەڵ دامەزراندنی حوکمەتی باشووری کوردستان (١٩٩٢) کرا بە یەکەمین بەڕێوەبەری هونەری شێوەکاری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری. بناغەی کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی دانا. لە شەڕی ناوخۆی کوردستاندا (١٩٩٤-١٩٩٨) لە گوندی پیرەر لە نێوانی هەولێر و کۆیە، پرۆژەی (ئاشتی بۆ کوردستان)ی بە بەشداریی چەندین هونەرمەند بە ئاکام گەیاند. ئەو تارماییی سنوورەی لە ئاکامی شەڕی ناوخۆ لەو شوێنەدا دروست بووبوو، خەیاتی هونەرمەند بە نەخشاندنی شاخ و بەردی ئەو شوێنە و نووسینی دروشمی (ئاشتی بۆ کوردستان) بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، بە ئاراستەی سەنگەری پێشمەرگەی هەردوو بەرەی شەڕ، بە زمانی ڕەنگ و گوتاری ستاتیکا، کاری بۆ سڕینەوەی ئەو تارماییەی سنوور کرد. ئەندامانی سەرکردایەتیی هەردوو لایەنی شەڕەکەشی لە کردنەوەی پیشانگا دەگمەن و نموونەییەکەیدا بەشدار کرد.

جگە لە کوردستان و عیراق، لە چەندین وڵاتی عەرەب، ئاسیا، ئەورووپا و ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، (٦٠) پیشانگای تایبەتی کردووەتەوە، لە پاڵ ئەوەشدا، لە دەیان پیشانگای هاوبەش لە وڵاتانی جۆربەجۆری جیهاندا، بەشداریی کردووە. بۆ بەجێ گەیاندنی پرۆژەی هونەری و گوتنەوەی بابەتی هونەر، سەردانی چەندین وڵاتی بیانیی کردووە. بە چەند ڕۆژێك بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، لە شاری شاریقە لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبدا،










پیشانگایەکی تایبەت بە بەرهەمەکانی کرایەوە. ئەوە دوازدەمین پیشانگایە کە بە ناونیشانی (نیشانەیەکی دیار) لە مۆزەخانەی شاریقەدا بۆ گەورە شێوەکارانی جیهانی عەرەب دەکرێتەوە. ئیسماعیل خەیات وەك هونەرمەندێکی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخسا، کە بە شایستەییەوە بۆ کردنەوەی پیشانگایەکەی هەڵبژێردرا. بە هۆی ئەوەی باری تەندروستیی هونەرمەند باش نەبوو، بە ئامادە بوونی خاتوو گەزیزە عومەر عەلیی هاوسەری و هەیاس خەیاتی کوڕی، پیشانگایەکەی شارقە کرایەوە، تا ٢٧/تشرینی دووەم/٢٠٢٢ش بەردەوام دەبێت و ١٣٠ تابلۆی ئەوی تێدا نمایش کرا.

ئیسماعیل خەیات لە بەرهەم هێنانی تابلۆدا کارامەییەکی بێ وێنەی دەنواند. بە درێژایی ٦٠ ساڵ نزیکەی (٧) هەزار تابلۆی دروست کردووە. بۆ ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەك لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا سەرپەرشتیاری هونەر بووە، لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی وانەی هونەری داوەتەوە.

هونەرمەند ڕۆستەم ئاغالە دامەزرێنەری گەلەریی ئاغالە لە کۆیە، لە فێسبووکەکەی خۆیدا نووسیویەتی «هەتا بەو ژمارە کەمەی شاری ڕۆشنبیری لە ڕۆژی ناشتنی هونەرمەندێکی گەورە و ناودار ئامادە بن، نە دەبینە دەوڵەت، نە ڕەوانشاد ئیسماعیل خەیات دەبێتە نیگارکێشێکی جیهانی.» لە بە خاك سپاردنی بیرمەندی گەورە مەسعوود محەمەدیش خەڵکی کەم بەشدار بوون. ئەوە نیشانەی ئەوەیە گەل بە پیاوانی هەڵکەوتووی خۆی نائاشنایە. هونەرمەند و هەموو بەهرەمەندێك دەڕوات، بەڵام هونەر و بەرهەمی بەهرە، هەر دەمێنێت، ئەویش چۆن؟ بە دروست کردنی مۆزەخانەی تایبەت. ئیدی ئاخۆ ئەو دەرفەتە بۆ ئیسماعیل خەیات دەڕەخسێت یان نا؟











# تاپسی جیاوازە

ئەگەرچی شێواز و جۆری خواردن و شوێن بە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی کچە ئەکتەر و مۆدێلەکان دادەنرێت و، هەریەکیان بەرنامە و شێواز و جۆری خواردنی تایبەت بە خۆیان هەیە و بە بەشێکی نەپچڕاوی ژیانیانی دادەنێن، بۆ ئەوەی هەمیشە لەشولاریان رێك و جوان بێت و رۆڵی زیاتر لە فیلمەکان وەربگرن و دڵی دەرهێنەرانیش رازی بکەن و سەرنجیان رابکێشن، بەڵام لە هەمان کاتدا رەنگە هەندێکیان لەم شێوازە لابدەن و گرنگییەکی زۆریشی پێ نەدەن.

لای خۆیەوە کچە ئەکتەر و مۆدێلی هیندی (تاپسی پانۆ) پێچەوانەی ئەم جۆرە کارانەیە و بە ئاشکرا تامەزرۆیی خۆی بۆ خواردنی سەر عارەبانەی شەقامەکانی شاری دەلهی راگەیاند، ئەمەش واتە هیچ بەرنامەیەکی نییە وەك ئەو ئەکتەرانەی دابەزاندنی کێشی لەشیان بە گرفتێکی گەورە دادەنێن، تاپسی لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا دەربارەی خۆشەویستیی خۆی بۆ خواردنی سەرشەقامەکان دەڵێت: «هەر کەسێك بیەوێ بچێتە دەلهی و زانیاریی پێویستی هەبێت دەربارەی باشترین و بەتامترین خواردن لەسەر شەقامەکانی ئەم شارە، پێویستە راوێژ بە من بکات، چونکە من شارەزای هەموویانم، خۆشەویستیی خواردنی سەرشەقامەکان بە توندی خۆی بەسەر بیر و هزری مندا سەپاندووە، زۆر حەز لە شیرینی و هەویرکاری دانیمارکی دەکەم، بەڵام عاشقی خواردنی هیندیم و بەرگەی ئەو خواردنە خۆشانە ناگرم کە لەسەر عارەبانەکان دانراوە و خەڵك دەوری داوە، بۆ ئەوەی بیخوات».



## ڕیبێکا فێرگسۆن:

# فیلمی ترسناک پێویستی بە ئەدای جیاواز و تەکنەلۆژیای بەرزە

لە بەشی شەشەمی زنجیرە فیلمەکانی (Mission Im-possible) خانمە ئەکتەری بە ڕەچەڵەك سویدی (ڕیبیکا فێرگسۆن) ڕۆڵی سیخوڕێکی دەبینی، لەبەر ئەوەی پێشتر ڕۆڵی لەو شێوەیەی بینی بوو، ئەوا توانی زۆر سەرکەوتووانە لەو بەشە نوێیەدا دەربکەوێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

جیا لە فیلمی سیخوڕی، ڕیبیکا بەشداریی لە فیلمی ترسناکیشدا کردووە و سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە، ئەویش لە فیلمی «live» بوو کە لە لیستی سەرکەوتووترین فیلمە ترسناکەکانی ساڵی ٢٠١٧دا بوو، ڕیبیکا خۆشحاڵیی خۆی بۆ سەرکەوتنی فیلمەکە دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم جۆرە کارە پێویستی بە نمایشی جیاواز و تەکنیکی کوالێت بەرز هەیە.

ڕیبیکا سەبارەت بە گرنگیی ڕۆڵەکەی لە (Mission Im-possible) دا بۆ کاروانی هونەری خۆی دەڵێت: «ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم لەو فیلمە، کارکردن بوو لەگەڵ ئەکتەری ناسراوی جیهانی تۆم کروز، هەرچەندە پێیان گوتم کە کارکردن تا ڕادەیەك زەحمەتە لەگەڵ ئەودا، بەڵام من توانیم ئەرکەکەی خۆم بەجێ بگەیەنم، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە (ئافرەتی بەهێز) وەسفم بکەن، هەروەها فیلمەکانی کروز هەمیشە ئەکشن و جووڵەی زۆری تێدایە و زۆربەی ڕۆڵەکان ڕاستەوخۆ خۆی ئەنجامی دەدات، ئەمەش زیاتر هانی دام بۆ ئەوەی بەو ڕۆڵە ڕازی ببم، چونکە خۆیشم حەز بەو ڕۆڵانە دەکەم».

دەربارەی کاریگەریی تۆم کروزیش دەڵێت: «من زۆر حەزم دەکرد لە نزیکەوە کروز ببینم لە کاتی ئەنجامی پرۆڤەکان، بۆیە لە هەموویان ئامادە دەبووم و زۆریش هەوڵم دا سوودیان لێ وەربگرم».



له خولی كوردستاندا

# یانەی زانكۆی جیهان ئامانجی گەورەی هەیە

**تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زانكۆی جیهان كە ئەم وەرزە دوای زیاتر لە دە ساڵ لە دامەزراندنی پلێتی سەركەوتنی لە ریزی یانە پلە دووەكان بۆ پلە یەكەكانی كوردستان بەدەست هێنا، ئەم وەرزەش دەستەی كارگێڕیی یانەكە تیپێكی تۆكمەی پڕ لە یاریزانی لاوی لە یانەكەدا كۆكردووەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە خولی پلە یەكەكانی كوردستان، كە بڕیارە ڕۆژی ١٤ی مانگی ١١ یارییەكانی بە بەشداریی ١٩ یانەی شارەكانی كوردستان دەست پێ دەكات، یانەی زانكۆی جیهانیش وەكو میوانی ئەمساڵی خولەكە نیازی گەورەی هەیە لە خولەكە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێ لە خولێكی گەورەی كوردستان وەكو یەكەم وەرزی بەشداریی كردنی، بۆ ئەم مەبەستەش گۆڤاری گوڵان ڕاپۆرتێكی لەسەر ئامادەكاریی یانەكە ئامادە كردووە، یاریزان و ڕاهێنەری یانەكە قسەی خۆیان هەبوو.**

ڕاپۆرتی: كارزان كانەبی

لە بارەی ئامادەكارییەكانیان بۆ وەرزی ئەمساڵ ئەندازیار بورهان سابیر سكرتێری یانەی وەرزشیی زانكۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەكارییەكانمان ماوەی مانگێكە لەسەر یاریگەی خۆمان دەست پێ كردووە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە خولی یانە پلە یەكەكانی كوردستان، جگە لەوەش گۆڕانكاریمان كردووە لە ریزی پێكهاتەی یانەكەمان و چەند یاریزانێكمان لە ریزی یانەكە هێشتووەتەوە و چەندین یاریزانی تازەشمان لە یانەكانی دیكەی كوردستان هێناوە، سوپاسی پاڵپشتیی سەرۆكی یانەكەمان دەكەین، بۆ ئەو پشتگیرییەی لە یانەكە و لە یاریزانانی دەكات، بۆ درێژە پێدانی كارەكانمان لە خولی پلە یەكی یانەكانی كوردستان، كە ئەمساڵ خولەكە تەواو جیاوازە لەگەڵ وەرزی ڕابردوو، كە ئێمە لە خولی پلە دووی یانەكانی كوردستان سەركەوتووین»، ئەندازیار بورهان گوتیشی: «ئەوەی لە تواناماندا بێت لە خزمەتكردنی وەرزش و یانەكەمان درێغی ناكەین، دەمانەوێت تیپێكی باش و تۆكمەمان هەبێت و ڕكابەری بكەین لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەكە، ئامانجی ئێمە روونە، هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەكی ڕێكوپێك ئامادەكارییەكانمان دەست پێ كردووە و هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئاستێكی شایستە پێشكەش بكەین لە خولەكەدا».

محەمەد عەلی ڕاهێنەری یانەكەش لە بارەی ئامادەكردنی تیپەكە گوتی: «ئەم وەرزە بە شێوەیەكی جیاوازتر لە وەرزی ڕابردوو خۆمان ئامادە كردووە و گۆڕانكاریی تەواومان كردووە لە ریزی پێكهاتەی یانەكەمان، هەرچەندە ماوەی مانگێكە ئامادەكارییەكانمان لەسەر یاریگای خۆمان دەست پێ كردووە و، ژمارەیەك یاریی دۆستانەی



ئامادەکارییشمان لەگەڵ تیپەکانی دیکەی کوردستان و عێراقیش ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی بتوانین پێکهاتەیەکی تۆکمە بۆ ئەم وەرزەی خولی پلە یەکی کوردستان دیاری بکەین، مەشقەکانمان بەردەوام دەکەین، بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی هێڵەکانی یاریکردنمان چارەسەر بکەین و بۆ هەموو هێڵەکانی یاریکردن یاریزانی یەدەگیشمان هەبێت، سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان دەکەین بۆ هاوکاریی بەردەوامیان، دەمانەوێ ئەم وەرزە ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین، چونکە لە خولی پلە یەك ئەمساڵ ١٩ یانەیە هەمووی ڕکابەریی دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، ئێمەش وەکو یانەی زانکۆی جیهان، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولی ئەمساڵ بین».

لای خۆیشیەوە کامەران محەمەدکاپتنی یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەیان گوتی: «وەکو کاپتنی یانەکە وەرزی ڕابردووش لەگەڵ یانەکە توانیمان تیپەکەمان سەر بخەین بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەمساڵیش بە هەمان ڕۆحییەتی وەرزی ڕابردوو یاری دەکەین، هەر چەندە گۆڕانکاری لە تیپەکە کراوە بۆ ئەوەی بتوانین لەم وەرزە ئاست و ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەین لە خولی پلە یەك، لەگەڵ ئەوەشدا خولەکە بە تەواوی جیاوازە و دوور و درێژترە لە وەرزی ڕابردوو، دەمانەوێت ئەوەی لە تواناماندا بێت، پێشکەش بە یانەی زانکۆی جیهانی بکەین، سوپاسی کارگێڕیی یانەکەش دەکەین، ئەوەی لە توانایان دابووە هاوکار و پاڵپشتی ئێمەی یاریزانان بوون، هیوادارم بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان».

هەر سەبارەت بەم بابەتە کارزان ئەحمەد یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەکەش لە بارەی ئامادەکارییەکانی ئەم وەرزیان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەی مانگێکە دەستمان کردووە بە کۆکردنەوەی یاریزانان و مەشقەکانیشمان دەست پێ کردووە، ئەمساڵ تاقیکردنەوەشمان بۆ ئاستی یاریزانان کردووە و جگە لەوەش چەند یارییەکی دۆستانەی ئامادەکارییشمان ئەنجام داوە، دەمانەوێ بگەینە ئەنجامێك، بۆ ئەوەی ژمارەیەك یاریزانی باش دەستنیشان بکەین بۆ پێکهاتەی سەرەکیی تیپەکەمان، لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەریی یانەکەمان کۆمەڵێك یاریزانی لاوو چەند یاریزانێکی بە ئەزموونیشمان هێناوە، بۆ ئەوەی تیپەکە بە تەواوی ئامادە بکەین، تاکە گرفتی ئێمە ئەوە بووە کە دەرنگ دەستمان بە ئامادەکاری کردووە، ئەویش بەهۆی تاقیکردنەوەی یاریزانان بوو، بەڵام ئومێدی زۆرمان بەو یاریزانانە هەیە کە بە ڕۆحییەتێکی بەرزی وەرزشی بتوانن ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین لە خولی پلە یەکی کوردستان، کەمپێکی مەشقیشمان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی پەرە بە تیپەکەمان بدەین، جگە لەوەش کارمان لەسەر لایەنی دەروونی و پەروەردەیی یاریزانەکانمان کردووە، بۆ ئەوەی وەرزشێکی جوان پێشکەش بکەین، بەهیوای ئەوەی بتوانین خولی پلە یەکی کوردستان جوان بکەین، هەوڵ دەدەین ژمارەیەکی قورس بین لە خولی پلە یەکی کوردستان و دەمانەوێت لە هەموو ڕوویەکەوە تیپێکی بەهێز بین، یاریزانەکانمان لە پێناو ناوی یانەی زانکۆی جیهان دەجەنگن لە خولەکەدا، بەهاوکاریی دەستەی کارگێڕیی یانەکە و ئەندامانی یانەکە بتوانین وەرزشێکی جوان لە یەکەم وەرزی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان پێشکەش بکەین، سوپاسی سەرۆکی یانەکەش دەکەین بۆ ئەو پاڵپشتییە بەردەوامەی لە یانەکەمان دەکات».



# لە ساڵی داهاتوو نۆیەمین جامی جیهانیی خانمان

بۆ یەکەمجار بە میوانداریی دوو وڵات بەڕێوەدەچێت، نیوزلەندە و ئوستراليا لە ١٠ یاریگای جیاواز میوانداریی یارییەکان دەکەن.

لە نیوزلەندە، تیروپشکی مۆندیالی ٢٠٢٣ـی خانمان راکێشرا، هەڵبژاردەی ئەمریکا لە هەڵمەتی پارێزگاریکردن لە نازناوەکە لە کۆمەی پێنجەم رووبەڕووی هەڵبژاردەکانی ڤێتنام و هۆڵەندا و هەڵبژاردەیەکی پاشکۆی پاڵاوتنەکان دەبێتەوە، ئەمریکا و هۆڵەندا لەم کۆمەڵەیە یاریی کۆتایی مۆندیالی رابردوو دووبارە دەکەنەوە ئەوکاتەی ئەمریکا یاریی کۆتایی ٢-٠ لە هۆڵەندای بردەوە.

خانمانی ئەمریکا خاوەنی ریکۆردن لە بردنەوەی نازناوی مۆندیال و چوار جار لە ساڵانی ١٩٩١، ١٩٩٩، ٢٠١٥ و ٢٠١٩ بوونەتە پاڵەوان.

لە کۆمەڵەی یەکەمیش هەڵبژاردەکانی نیوزلەندەی میواندار، نەرویج، فلیپین و سویسرا بەیەک دەگەن، هەروەها لە کۆمەڵەی دووەم ئوسترالیای میواندار و کۆماری ئێرلەندا و نێجیریا و کەنەدا رووبەڕوو دەبنەوە، لە کۆمەڵەی سێیەمیش هەڵبژاردەکانی ئیسپانیا، کۆستاریکا، زامبیا و ژاپۆن بەرامبەر یەکتر یاریی دەکەن، لە کۆمەڵەی چوارەمیش هەریەکە لە ئینگلتەرە، دانیمارك و چین رکابەریی دەکەن و چاوەڕێی هەڵبژاردەیەکی دیکەی پاڵاوتنەکانیش دەکەن.

لە کۆمەڵەی شەشەم هەڵبژاردەکانی، فەرەنسا، جامایکا، بەڕازیل و هەڵبژاردەیەکی دیکە رووبەڕوو دەبنەوە. کۆمەڵەی حەوتەم پێکهاتووە لە هەڵبژاردەکانی سوید، باشووری ئەفریقا، ئیتاڵیا و ئەرژەنتین.

هەڵبژاردەی مەغریبیش کە یەکەمجارە بەشداری مۆندیال دەکات لە کۆمەڵەی هەشتەم رووبەڕووی ئەڵمانیای خاوەنی دوو نازناوی مۆندیال و کۆلۆمبیا و کۆریای باشوور دەبێتەوە.





## جیرۆ و بنزیما ئاشتبوونەوە

هێرشبەری فەرەنسی ئۆلیڤیێ جیرۆ، یاریزانی یانەی ئەی سی میلان، بە پیرۆزباییکردن لە کەریم بنزێما بە بۆنەی بردنەوەی بالۆن دۆر، کۆتایی بە کێشەکانی لەگەڵ هاونیشتمانییەکەی هێنا.

جیرۆ، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی ئینستاگرام، ڤیدیۆیەکی لە ستۆری بڵاوکردەوە، کە ئەستێرەی ریال مەدرید کەریم بنزێما خەڵاتی باڵۆن دۆر وەردەگرێت، کە گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ وەك باشترین یاریزانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ پێی بەخشی.

جیرۆ لەسەر ڤیدیۆیەکە نووسیویەتی:

پیرۆزبایی لە کەریم بنزێما دەکەم.

پێشتر گرژی لە نێوان جیرۆ و بنزێمادا هەبوو، ئەویش کاتێک بنزێما گاڵتەی بە جیرۆ کرد لە وەڵامی پرسیارێکدا بۆ یەکێک لە فۆڵۆوەرەکانی لە ڤیدیۆیەکدا لە ئینستاگرام، دەربارەی ئەوەی کێ باشترە، ئەو یان جیرۆ.

بنزیما لە وەڵامدا گوتبووی: ناتوانیت ئۆتۆمبێلی فۆرمۆلا ١ لەگەڵ ئۆتۆمبێلی کارتینگ تێکەڵ بکەیت، من هاوڕێیەتم لەگەڵ جیرۆ هەیە، بەڵام دەزانم کە من ئۆتۆمبێلی فۆرمۆلا ١م.

ئۆلیڤیێر جیرۆیش لە وەڵامی کەریم بنزێمادا گوتبووی: باشە من وەک ئۆتۆمبێلی کارتینگم، بەڵام من مۆندیالم بەدەست هێناوە.

# ئێمپاپێ ریکۆردی میسی شکاند

دوای چەند مانگێك لە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان، رۆژنامەی لۆ پاریسیانی فەرەنسی ناوەڕۆکی گرێبەستی ئەم یاریزانە لەگەڵ یانەکەی ئاشکرا دەکات و بە گشتی ئێمباپێ لە ماوەی گرێبەستەکەی ٦٣٠ ملیۆن یۆرۆ لە سانت جێرمان وەردەگرێت و پێش مێسی و رۆناڵدۆ دەکەوێتەوە، ئەم برە پارەیەش دەکاتە چارێگێک لە بودجەی یانەی پاریس سانت جێرمان.

گەرچی لە هاوینی رابردوو نزیک بوو لە جێهێشتنی ریزەکانی پاریس سانت جێرمان، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر توانرا ئەستێرە فەرەنسیەکە بەزەبری ماددی رازی بکرێت لە پاریس بمێنێتەوە، لە هاوینی رابردوو گرێبەستەکەی ئێمباپێ بۆ سێ ساڵ و تاکو هاوینی ٢٠٢٥ نوێبکرێتەوە.

دوای چەند مانگێک لە نوێکردنەوەی پەیوندی نێوان یانە و یاریزانە فەرەنسیەکە، ئێستا رۆژنامەی لۆ پاریسیان ناوەڕۆکی گرێبەستەکەی ئێمباپێی لەگەڵ سانت جێرمان ئاشکرا کردووە، گرێبەستێکی خەیاڵی و مێژوویی، بە جۆرێک چارێگی بودجەی یانە فەرەنسیەکە دەکەوێتە دەستی کیلیان ئێمباپێ.

بەپێی سەرچاوەکە ئێمباپێ بەپێی گرێبەستەکەی لەگەڵ سانجێرمان ٦٣٠ ملیۆن یۆرۆی دەست دەکەوێت، ئەمەش بە گرانبەهاترین گرێبەست دادەنرێت لە مێژوودا و پێش مێسی و کریستیانۆ دەکەوێتەوە.

مووچەی ساڵانەی ئێمباپێ ٧٢ ملیۆن یۆرۆیە، پاداشتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەشی ١٨٠ ملیۆن یۆرۆیە و بە سێ بەش ئەم برە پارەیە بە تەواوەتی وەردەگرێت، لەلایەکی دیکە ٧٠ ملیۆن یۆرۆ وەکو پاداشتی دڵسۆزی بۆ یانەکەی وەردەگرێت، دەشتوانرێت بۆ هەر بازاڕێکی هاوینەی گواستنەوەی یاریزانان ١٠ ملیۆن یۆرۆی دیکە زیاد بکرێت تا ئەو کاتەی گرێبەستەکەی تەواو دەبێت.

مباپێ ریکۆردی لیۆنێل مێسی دەشکێنێت کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢١ ئەستێرە ئەرژنتینیەکە بەهای گرێبەستەکەی گەیشتووەتە ٥٥٥ ملیۆن یۆرۆ، لە دوای ئەوانیش نێیمار و رۆناڵدۆی پۆرتوگالی و گاریس بەیڵ و پۆل پۆگبا دەبینرێن.



# تیروپشکی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان ڕاکێشرا

لە هۆڵی قوتابخانەی ئیشق بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و نوێنەری یانە پلە یەکەکانی شارەکانی کوردستان، تیروپشکی وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، وەرزی ئەمساڵ خولی یانە پلە یەکەکانی بە بەشداریی (١٩) یانەی شارەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت بە شێوازی خولێکی یەک قۆناغی، یانە بەشداربووەکانی خولەکەش بریتین لە هەریەک لە یانەکانی (زانکۆی جیهان، پیشەسازی،ڕزگاری، بابان، هەولێر، برادۆست، برووسک، سیمێل، ڕەواندوز، شۆریجە، سلێمانی، خانەقین، ڕانیە، بازیان، خاک، کۆیە، هەڵۆ، گارە، قەلادزێ)، بۆ ئەم ساڵیش دوو یانە سەرکەوێت بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و، دوو یانەش دادەبەزێت بۆ ریزی یانە پلە دووەکانی کوردستان، وەرزی نوێی ئەمساڵیش لە ڕۆژی ٢٠٢٢/١١/١٤ یارییەکانی دەست پێ دەکات، تیروپشکی هەفتەی یەکەمی خولەکەش ڕاکێشرا، بەم شێوەی خوارەوە بوو.


- پیشەسازی-ڕزگاری
- بابان-هەولێر
- برادۆست-برووسک
- سیمێل-ڕەواندوز
- شۆریجە-سلێمانی
- خانەقین-ڕانیە
- بازیان-خاک
- کۆیە-هەڵۆ
- گارە-قەڵادزێ
- زانکۆی جیهانیش چاوەڕوانە



# یانەی هەڵۆ بەڵێنی هاوکاریی پێ دراوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان ئەمساڵ بەشداریی یارییەکانی وەرزی نوێی خولەکە دەکات، هەر چەندە هەموو ساڵێك یانەکە دووچاری قەیرانی دارایی دەبێتەوە، بەرپرسانیش بەڵێنی هاوکارییان پێ دەدەن، بەڵام تیپەکە لە کۆتاییدا ناتوانێت سەربکەوێت بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بۆ ئەم وەرزەش یانەکە دەستی بە ئامادەکاری کردووە، لەم بارەشەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەستمان بە ئامادەکارییەکانمان کردووە بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، سوپاس بۆ خودای گەورە ئامادەکاریی زۆر باشمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەمان باش بێت، بەڵێنی ئەوەشمان پێ دراوە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکرێت لە رووی ماددییەوە و ئێمەش چاوەڕوانین، بەڵام تاکو ئێستا بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکردووە، ئەگەر بەم شێوەیەش بڕوات، بۆ ئێمە خراپ دەبێت، هەر چەندە بەڵێنی ئەوەم بە یاریزانانی تیپەکە داوە کە ئەگەر وەکو ساڵانی ڕابردوو پارەمان لە ماڵەوە هێنابێت، ناهێڵم تیپەکە بارودۆخی خراپ بێت، ئێوەش بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن، هیوادارم بتوانین ئەنجامی باش تۆماربکەین لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان سەرکەوین بۆ پلە نایاب».





# جارێکی دیکە هەولێر پەنا بۆ ڕاهێنەری عەرەب دەبات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر سەرەڕای ئەوەی ئەم وەرزە کۆمەڵێك گرێبەستی لەگەڵ یاریزانانی یانەکانی دیکەی عێراقی و دەرەوەی عێراقیش مۆرکرد بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لە سەر دەستی نزار مەحرووسی ڕاهێنەری سووری، نەیتوانی لە دوو یاریی سەرەتادا ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، لە سێ یاریی سەرەتای خولەکەشدا هەولێر هیچ خاڵێکی بەدەست نەهێناوە، بۆ ئەم مەبەستە کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بە فەرمی دەستلەکارکێشانەوەی نزار مەحرووسی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکە پەسند کرد، دوای ئەو پاڵەپەستۆیەی هاندەرانی یانەکەش، یانەی هەولێر پەیوەندی بە چەندین ڕاهێنەروە کرد، بۆ ئەوەی مەشقی یانەکە بداتە ئەو ڕاهێنەرانە، دواجاریش بە کۆی دەنگی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بە فەرمی ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەکەی بە غازی فەهدی ڕاهێنەری عێراقی بەخشی، بۆ ئەوەی یانەکە بباتە قۆناغێکی تازە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بۆ ئەم وەرزە هەریەك لە یانەکانی هەولێر و دهۆك و زاخۆ و نەورۆز نوێنەرایەتی یانەکانی باشووری کوردستان دەکەن لە خولە گەورەکەی عێراق، غازی فەهد لەدایکبووی پارێزگای بەسرەیە و پێشتریش ڕاهێنەرایەتیی هەریەك لە یانەکانی تازەپێگەیشتوانی عەین-ی ئیماراتی و مینا و تیپی یەکەمی یانەی عەین-ی ئیماراتی کردووە، جگە لە ئەزموونی ڕاهێنەرایەتی، بە یەکێك لەو ڕاهێنەرانە هەژمار دەکرێت کە چەندین یاریزانی بەتوانای بۆ یانەکان لە سەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی دروست کردوە، پێشتریش بۆ چەندین یانەی عێراقی و هەڵبژاردەی عێراقی یاریی کردووە، ئێستاش دەیەوێت ئاستی یانەی هەولێر بباتە قۆناغێکی باشتر، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامەکانی بە دڵی دەستەی کارگێڕی و هاندەرانی شارەکەش بێت



# هۆکارەکانی زیـ

هەستکردن بە تینوویّتی واتە پێویستیی لەش بە شلە، بەڵام ئەگەر پاش هەستکردن بە تینووبوون و خواردنەوەی برێکی باشی ئاو و شلەمەنی، هێشتا هەستی تینووبوون هەر مایەوە، واتە هەستکردنی بەردەوام بە تینووبوون Polydipsia، ئەوکاتە بە ئاسایی هەژمار ناکرێت و پێویستی بە پشکنینی پزیشکی هەیە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هۆکارەکان، بۆنموونە نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی گەندە شەکرە Diabetes insipidus کە لە ئەنجامی کەمبوونی هۆرمۆنی ڤاسۆپرێسین Vasopressin روو دەدات. ئەم حاڵەتە جیاوازە لەگەڵ حاڵەتی هەستکردنی توند بە تینووبوون کە هاوکات دەبێت لەگەڵ وشکبوونی دەم، قورگ، لێو، زمان لەگەڵ گرفت لە قووتدانی خۆراك و قسەکردندا، لە ئەنجامی کەمبوونەوەی توندی لیك لەناو بۆشایی دەم و قورگدا، ئەم جۆرەی هەستکردنەی توند بە

# چۆن قەڵەوی ئەژنۆکان تێکدەدات؟

کێشی زیاد و قەڵەوی هۆکارێکی زەق و گەورەیە لەپاڵ گرفتەکانی جومگەی ئەژنۆدا.

کێشی زیاد و قەڵەوی فشار، یان قورسایی زیاد دەخەنە سەر جومگەی ئەژنۆکان، کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە ئەگەری سووان، یان داخوران و دڕانی چینی کڕکڕاگەیی سەر ئێسکەکانی ئەژنۆ، کە شانەیەکی بەستەری توند و زۆر گرنگە بۆ جووڵەی لووسی ئێسکەکان لەسەر یەکتر لە کاتی جووڵە جیاوازەکانی جومگەی ئەژنۆ بە ئاراستەی جیاوازدا.

تەنکبوونی چینی کڕکڕاگە هۆکارە بۆ گرفتی جیاواز لە ئێسك و جومگەدا، هەروەها داڕووشانی جومگە (سەوەفان) Osteoar-thritis کە باوترین گرفتی جومگەی ئەژنۆیە و پەیوەستە بە قەڵەوییەوە و تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکیی نییە.

لە ئامارە پزیشکییە نێودەوڵەتییەکاندا دەرکەوتووە کە زیاتر لە ٨٠٪ی کەسانی کێش زیاد و قەڵەو دوچاری ئازاری جومگە دەبنەوە، بەتایبەتی پاش تەمەنی ٤٠ساڵی، ئەمەش روون کراوەتەوە کە هەتا پاش نەشتەرگەریی گۆڕینی جومگەی ئەژنۆ بە جومگەی دەستکرد TKR هێشتا ئەگەری ئاڵۆزییەکان دێنە پێشەوە.

گرفتەکانی جومگەی ئەژنۆ، بەتایبەتی سەوەفان، کاریگەریی نەرێنی زۆر و هەمیشەیی دەکەنە سەر چالاکییەکانی ژیانی رۆژانە، بۆیە کۆنترۆڵکردن، یان کەمکردنەوەی کێشی زیادی لەش، بە تاکە رێگەی خۆپاراستن هەژمار دەکرێت.





# ـــــــاد تینوویێتی

تینووبوون لە هەندێك حاڵەتی ئاسایی و هەندێك حاڵەتی نەخۆشیدا بەدی دەکرێت، وەکو: مەشقی وەزرشیی توند، کەشی گەرم و زیاد ئارەقەکردن، کەمخواردنەوەی ئاو و شلەمەنییەکان، کەمخوێنی، دووگیانی، سکچوون یان رشانەوە لەبەر ونکردنی شلەی لەش، پەککەوتنی گورچیلەکان، هەروەها جگەرەکێشان کە هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی دەردانی لیکی دەم.



# بەکارهێنانی هاوێنەی لکاو مەترسیی گەورەی هەیە!

بە پێی نوێترین لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی لەندەن، بەکارهێنانی بەردەوامی هاوێنەی لکاو Contact lenses لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری هەوکردنی دەگمەن، کە مەترسیی گەورە دەخاتە سەر بینین و لەوانەیە کە کار بگاتە لەدەستدانی هەمیشەیی بینین. هەروەها ئەو کەسانەی کە جۆری جیاوازی هاوێنەی لکاو بەکاردەهێنن، ئەوا چوار هێندە مەترسیی هەوکردنی چینی کۆرنیای چاویان لێ دەکرێت، کە هۆکارە بۆ لەدەستدانی بینین، هەروەها دانانی هاوێنەی لکاو لەکاتی نووستن و وەرگرتنی دوشدا، ئاستی ئەم مەترسییە زیاتر دەکات. دیسان لە لێکۆڵینەوە نوێیەکەدا هاتووە کە بەکارهێنانی هاوێنەی لکاو هۆکاری یەکەم و سەرەکییە بۆ هەوکردنی چینی کۆرنیای چاو لە دانیشتوانی نیوەی سەرەوەی گۆی زەویدا، هەروەها هۆکارە بۆ لەدەستدانی بینین لە نیوەی بەکارهێنەرانی هاوێنەی لکاودا، لە دواییدا توێژەران جەختیان لەمە کردووەتەوە کە بە دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هاوێنەی لکاوی جۆری چەند جار Re-usable بە جۆری دیسپۆزەبل Disposable ئەوا ئەگەری هەوکردنی چینی کۆرنیا تا رێژەی ٣٠-٦٢٪ کەم دەبێتەوە، هاوکات لەگەڵ دڵنیابوون لە هەڵگرتنی هاوێنەی لکاو لە گیراوەی تایبەت پاش هەر بەکارهێنانێك و دوورکەوتنەوە لە دانانی هاوێنە لەکاتی نووستندا.





# بۆچی زوو شتت بیردەچێتەوە؟

زووبیرچوونەوە حاڵەتێکی زۆر باوە، لەوانەیە کە بەساڵاچوون هۆکار بێت، یان سترێس، یان زەبر بۆ ناوچەی سەر(کۆن یان نوێ)، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، یان لەپاش بەکارهێنانی هەندێك جۆری دەرمان، بەتایبەتی دەرمانی خەوێنەر و دژەخەمۆکی. زووبیرچوونەوە ئەگەر ناوە ناوە روو بدات، ئەوا بە ئاسایی هەژمار دەکرێت، بەڵام کە زیاد لە ئاسایی دووبارە بووەوە، ئەوا پێویست بە بەدواداچوونی پزیشکی دەکات، بەتایبەتی کە هاوکات بێت لەگەڵ لێڵبوونی مێشك Brain fog و نیشانەی دیکەی وەکو نارەحەتی و نەمانی هەستی بۆنکردن، کە لەوانەیە نیشانە بێت بۆ نەخۆشیی ئەلزهایمەر. هۆکارەکانی دیکەی زووبیرچوونەوە بریتین لە: پەستی، خەمۆکی، راهاتن لەسەر خواردنەوە ئەلکهولییەکان، کەمیی ڤیتامین B12 لە لەشدا، سستبوونی گلاندی دەرەقی، هەوکردنی پەردەکانی مێشك Meningitis، گرێی مێشك، هەروەها نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو بەرزبوونەوە پەستانی خوێن و نەخۆشیی شەکرە. هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە زووبیرچوونەوە ئەمانەن: ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، کە هاندەرە بۆ باشترکردنی سووڕی خوێن لە مێشك و هەموو بەشەکانی لەشدا، خەوی دروست، دوورکەوتنەوە لە زیاد سەرقاڵکردنی مێشك بە چەند شتێك لە یەك کاتدا، لەگەڵ گرنگیدان بە خۆراکی هاوسەنگ و جۆراوجۆر.

# خۆراکە پێویستەکان لە ماوەی چلەدا

جگە لە نۆ مانگی سەختی دووگیانی، ماوەی چلەی پاش منداڵبوون لەوانەیە کە هەندێك جار لە خودی دووگیانی سەختتر بێت، چونکە هاوکاتە لەگەڵ گرفت و نیگەرانیدا، بەتایبەتی کە چاودێریی منداڵی تازەبوو کارێکی ئاسان نییە، بۆیە چاودێریکردنی تەندروستیی دایك زۆر گرنگە، سەرەتا بە گرنگیدان بە کوالێتی و جۆری خۆراك، بەتایبەتی کە شیردانی سرووشتی پەیڕەو دەکرێت، لە ماوەی چلەدا ئافرەت دووچاری هەڵبەزین و دابەزینی ئاستی هۆرمۆنەکان دەبێت، هەروەها گۆڕانی فیزیکیی لەش و گۆڕانی ژینگە و دەوروبەر کە زۆر جار ئافرەت تووشی خەمۆکی دەکەن. پێویستە کە خۆراکی دایك لە ماوەی چلەدا خۆراکی پرۆتینی لەخۆ بگرێت، وەك: هێلکە، شیر و بەرهەمەکانی، ماسی، پەلەور، پاقلەمەنییەکان، تۆوەکان، نیسك، کاکڵەکانی گوێز و باوی، هەروەها ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەیەکی باشی ئاسن و یۆد و کالسیۆم لەخۆ دەگرن، وەك: گۆشتی سوور، جگەر، هێلکە، نیسك، نۆك، خوێی یۆددار، خۆراکی دەریایی، پەنیر. لە لایەکی دیکە پێویستە کە خۆراکی ڕۆژانە بڕێکی باشی دانەوێڵەی تەواو Whole grains لەخۆ بگرێت. خۆراکە گرنگەکانی دیکە بریتین لە: ئاوی گوێزی هیندی، سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو بیبەر، برۆکۆلی، سپێناغ، گێزەر، چەوەندەر، تەماتە، کەلەرم، لەگەڵ میوەی جۆراوجۆر بەتایبەتی مانگۆ، ئاڤۆکادۆ، سێو، مۆز، شووتی، لەگەڵ میوە مزرەکان.





# هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە شێرپەنجەی مەمک

لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهاندا هاتووە کە شێرپەنجەی مەمك Breast cancer باوترین جۆری شێرپەنجەی کوشندەیە لە ئافرەتدا، کە لە نزیکەی نیوەی تووشبوواندا هیچ هۆکارێکی هاندەری تووشبوون بەدی ناکرێت جگە لە (ئافرەتبوون). هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك بریتین لە: تەمەنی ٥٠ ساڵ و بەسەرەوە، قەڵەوی، جگەرەکێشان، بوونی مەیلی خێزانی، بەرکەوتن بە تیشکی ئایۆنبوو، دووگیانبوون لە تەمەنی گەورە، هەروەها چارەسەری هۆرمۆنی لەپاش تەمەنی وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانە. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: دوورکەوتنەوە لە جگەرە و ڤەیپ و جگەرەی ئەلیکترۆنی، چونکە دووکەڵی جگەرە گەلێك ماددەی شێرپەنجەیی لەخۆ دەگرێت، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لەوکاتەی کە بڕی زیادی چەوری لە لەشدا هاندەرە بۆ زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین Estrogen کە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەکات، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئینسولین کە ئەویش پەیوەندی بە شێرپەنجەی مەمکەوە هەیە، پەیڕەوکردنی شیردانی سرووشتی کە بۆ دایك و منداڵ سوودبەخشە و، لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە شیردانی سرووشتی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك تا ڕادەیەکی باش کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی لە زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتەدا زۆر گرنگە.

## کامێرایەک بەکارهێنەرەکەی دەخاتە ژێر

وێبکەم واتە کامێرای تایبەت بە وێب و ئینتەرنێت جیاوازی هەیە لەگەڵ کامێرایەکی تایبەت بە وێنە و فیلم گرتن.
وێبکەمەکان بە زۆری جێگیرن و لە شوێنی خۆیان ناجوڵێن! جێگیربوونی وێبکەمەکان وا دەکات کاتێك بەکارهێنەر لەکاتی چاتکردندا دەجووڵێت، دیمەنەکان تێك بچن، یان ئەوکاتەی بەکارهێنەر لە نزیك وێبکەمەکە دووردەکەوێتەوە هەم لەدەنگ و هەم لە رەنگدا کێشە دێتە پێش.
وێبکەمی جۆری Obsbot Tiny 4K PTZ لەگەڵ بەکارهێنەرەکەی دەجوڵێتەوە. تەنیا بە پەنجەی بەکارهێنەر کۆنترۆڵ دەکرێت. کوالیتی نیشاندانی 4Kیە




## کامێرایەک بۆ سەیرکردن و گرتنی وێنە

بۆ وێنەگرتنی سێ رەهەندی واتە 3D پێویستی بە کامێرای تایبەتە، هەروەها بۆ سەیرکردنی وێنەی سێ رەهەندیش پێویستی بە تیڤی یا شاشەی تایبەتە. کامێرای سێ دەوری Qoocam Ego 3D لە یەك کاتدا هەم وێنە سێ رەهەندییەکە دەکرێ و هەم بە شاشەی تایبەت کە بە جیا بە کامێراکە دەلکێندرێ دەکرێ سەیر وێنەکە بکەی.
کامێرای Qoocam Ego 3D کامێرایەکی جۆری VR180یە بە مەودای دیدی ٧٩ پلە. ئەو ڤیدیۆیانەی بەو کامێرایە دەکرێن ٦٠ فرێم لەچرکەیەکدان و کوالیتی فیلمەکان سەرووی فوول ئیچ دییە. شاشەی سێ رەهەندی کامێرای ناوبراو، کامێرا و شاشەیە. کە بە شێوەی موگناتیسی بە کامێراکە پەیوەند دەدرێت، لە

## ئوتووی هەڵمی بەقەد مۆبایلێک

لە گەشتکردندا هیچ شتێك لەوە باشتر نییە کە جلوبەرگت خاوێن بێ و هەمیشە ئوتووکراو بن، دۆزینەوەی ئۆتۆکردن رەنگە لە وڵاتێکیدا ئەوەندە ئاسان نەبێ و رەنگە ئەوکاتەشت نەبێ. لەکاتێکی وادا ئۆتووی بچووکی Steamfast SF-717 کە شەحن دەبێتەوە و قەوارەکەی بەقەد مۆبایلێك دەبێت زۆر گونجاو بێ. لە جانتادا شوێنێکی ئەوتۆ ناگرێ. کارەبا و وەزەیەکی ئەوتۆی ناوێت. تەنیا بە ٤٢٠ وات. کێشی ئۆتووەکە چوارسەدگرامە. قەوارەکەی ٥,٢ ئینجە. لە ١٥ چرکەدا ئاوەکەی ناوی گەرم دەکات. بۆ سێ جۆر پارچە دەبێت. گنج و لۆچەکان بەتەواوی ناهێڵێت. دژە لەرزینە. لە هەموو شوێنێکیش شەحن دەبێتەوە. نیو ئیستکان ئاو دەبات، ئەوەندەش بەسە بۆ ئۆتوکردنی کراس و پانتۆڵێك..






## ـــــــر چاودێری

لەکاتی گەورەکردنیشدا کێشـەیەك نایەتە پێش. بەهۆی هۆشـی دەسـتکردی هەیەتـی لەسـەر بەکارهێنەرەکـەی قفڵ دەبێت و بەکارهێنەر بۆ کوێ بجوڵێتەوە، کامێراکە رووی خـۆی بـۆ ئـەو شـوێنە وەردەگێـڕێ. مایکـی کامێراکـە تایبەتـە و دەنگـە دەنگـی زیـادی ناهێڵێـت. کامێراکە چەند بەرابەر زۆم دەکرێت.

## ـــــــەی سێ ڕەهەندی

**شاشـەکەوە دەکرێت وێنـە و فیلمـە سێ ڕەهەندییـەکان سـەیر بکـەی. شاشـەکە لەمسـییە و پشتەوەشـی شاشـەیە و دەکرێت بەهۆیـەوە گۆڕانـکاری لە مینۆ و ڕێکخستنەکانی کامێراکە بکەی. دەکرێت ڤیدیۆییەکان بەهۆی بلوتوسـەوە هاوبەشـی کامێراکانی دیکە بکەی. دەکرێت هـەر لـە خـودی شاشـەکە وێنـە و فیلمـەکان دەستکاری بکەی و پێویست بە کۆمپیوتەر ناکات.**




## ئامێری چارەسەری پەڵە و زیبکە

رەنگە بۆ چارەسـەری هەر زیبکە و پەڵەیەك یەکسـەر سـەری شـوێنی فرۆشتنی دەرمانی ئارایشـت دابێ، یان چوو بۆ سـەردانی دەرمانخانەیەك و داوای کرێمێکی دژە پەڵـەت کردبێ. زۆر کـەس پێیـوا نییـە کـە لابردنـی پەڵـە و زیبکە بـە ئامێری تەکنەلـۆژی لەنـاو ناچێت. ئامێـری DRx SpotLite کـە وەك چـرا لایتێك دەچێت و لەلایەن پسپۆرانی بواری تەندروستی ڕەزامەندی لەسەردراوە، بەهۆی تیشکی شینیەوە هەرچی باکتری و ڤایرۆسی سەر روخسارە و بۆتە پەڵە لەناو دەبات و پاشان بە تیشکی سـوور ئـازارەکان کـەم دەکاتەوە. باشـترین چارەسـەرە بـۆ ئەو پەڵـە و زیبکانەی کە تازە سەریان وەدەرناوە.

چۆنییەتی بەکارهێنانی بـەم شێوەیە: سـەرەتا پێست خاوێن و وشك دەکەیـەوە، پاشـان ڕاسـتەوخۆ لەسـەر زیبکەکانی ڕادەگرێ و بـۆ مـاوەی ٢ چرکـە دوگمـەی پـاوەر دادەگری تـا هەڵدەبێت و دواتـر بـۆ مـاوەی سێ خولەکی بـەردەوام لەسـەر زیبکەکـە ڕایدەگری. دوای سێ خولـەك ئۆتۆماتیکی ئامێرەکـە دەکوژێتـەوە.

# ئامێرێک بۆ نەهێشتنی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی



ڕەنگە ئەو سەردێڕەی سەرەوە لاتان سەرنج ڕاکێش بێ، ئاخر چۆن دەکرێت ئامێر نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کەم بکاتەوە. بەڵێ ئامێری Apollo Neuroscience کە زیاتر لە شێوەی کاتژمێری دەست دەچێت یەکەمین ئامێرە، کە شەپۆلی دەنگی نەبیستراو بە شەپۆلی زۆر کەم بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و هەروەها هێنانەخواری پاڵەپەستۆی خوێن. کاریگەریدانان لەسەر سیستەمی دەمار بە گۆڕانی لێدانی دڵ.

ئەم ئامێرە لەلایەن زانایانی بواری دەمار لە زانکۆی پیتسبۆرگ بەرهەم هاتووە. ئامانج لە بەرهەمهێنانی کەمکردنەوەی سترێس، زیاترکردنی ڕێژەی وزە، پاراستنی ئارامی و خۆراگری، خەوی باشتر... و چالاکی دەستەی زیاتر.

ئامێری ئاپۆلۆ شەپۆلێکی ئارام بەرێ دەکات کە مرۆ نایبیستێ بەڵام هەستی پێدەکا. ئەم شەپۆلە وا دەکات چالاکی جەستەییت زیاتر بێ و دڵ باشتر کار بکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، مێزی لاپتۆپ چ گرنگییەکی هەیە بۆ لاپتۆپ؟ هەبوونی پێویستە؟**

خوێنەری بەڕێز کەم کەس لە گرنگی مێزی لاپتۆپ دەگات و بۆیە لاپتۆپەکەیان لەسەر مۆبڵ یا مێزێکی ئاسایی دادەنێن و دوای ماوەیەك دەبینی بێ ئەوەی کە کێشەیەکی بۆ هاتبێتە پێش، لاپتۆپەکە تێکچووە. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو گەرمایەی کە لە فەنەکانی لاپتۆپەکە دێتەدەر، مەجالی هاتنە دەرەوەی نییە و دەگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی بۆیە تۆز و خۆڵێکی زۆر بە شوێنی فەنەکاندا دەچێتە ژوور و پاشماوەیەك فەنەکان لەکار دەکەن. بەڵام مێزی تایبەتی لاپتۆپ، چونکە خۆی فەنی تایبەتی لەگەڵدایە و هەمیشە فێنکی دەکاتەوە و ناهێڵێت تۆز و خۆڵ بچێتە ژوورەوە لاپتۆپەکە تەمەنێکی زۆر درێژتری دەبێت و کەمتر تێکدەچێت.

# پرۆگرامێک بۆ ڕووتووش و جوانکاری لە وێنەدا




وێنەگەرەکانی پیشەیی بۆ ئەوەی وێنەکانیان جوان دەربچن، جگە لەوەی کە کامێرای بەهێز و شارەزایی باشیان هەیە، پرۆگرامی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنن. یەکێك لە پرۆگرامەکانی تایبەت بە جوانکاری لە وێنەدا پرۆگرامی ON1 Portrait AI یە. پرۆگرامەکە خۆی زیرەکە و لە سەرەتادا بەشێوەی خۆکار ڕوخسارەکان لە وێنەدا دەناسێتەوە و وا دەکات بەرجەستەتر بن. وەك پرۆگرامەکانی دیکە نییە ڕێك ئەو ڕێژەی پێویستە جوانبکرێت دەستکاری دەکا. بۆ نموونە خۆکار پەڵە بچووکانی سەر ڕوخسار لادەبا، بەڵام بۆ پەڵە گەورەکان ئەو ئیزنە بە بەکارهێنەر دەدا خۆی دەستکاری بکات، بۆ نموونە خاڵێك هەیە دەیەوێ ئەو خاڵە بسڕێتەوە.

ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێدان و چەندین تایبەتمەندی دیکە لە پرۆگرامەکەدا هەیە.





# ماوسێکی گەیمینگ و تایبەتمەندییەکانی

ماوسی تایبەت بەگەیم جیاوازیی زۆرە لەو ماوسەی بۆ کارێکی ئاسایی بەکار دەهێنرێت، ماوسی گەیم دەبێت لە هەموو بوارێکدا بەهێز بێت. ماوسی گەیمینگ Mad Catz RAT AIR یەکێکە لە باشترین ماوسەکان. بێ وایەرە و دیزاینێکی سەرنج راکێشی هەیە. وردبینییەکی یەکجار بەرزی هەیە 12000 DPI یانی بچووکترین جوڵەش دەخوێنێتەوە.

ماوسەکە لەگەڵ پەدێکی تایبەتیدایە و خۆکار و بێ وایەر شەحنی خۆی لە پەدە تایبەتییەکە وەردەگرێ. پەدەکە رەنگاوڕەنگە و بەکارهێنەر بە ویستی خۆی و بە پرۆگرامێکی تایبەت رەنگی گڵۆپەکان دەگۆڕێت. خێراییەکەی ٢,٤ گیگایە. لە هیچ یارییەکدا وەستانی نییە. ماوسەکە بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتییەوە دەکرێت بۆ هەر دوگمەیەك فەرمانێکی تایبەتی دابندرێ. کێشی ماوسەکە تەنیا ٩٦ گرامە. هەتا ٥٠ ملیۆن کلیك هیچ کێشەی بۆ نایەتە پێش. بە گەرما و سەرما تێك ناچێت. ١١ دوگمەی تایبەتی هەیە کە دەکرێت بەهۆیەوە کۆنترۆڵی یارییەکان بکەی.

# خەو و خەونەکانیشتان بەجیهانی دیجیتالی بسپێرن

لەسەر جێگات راکشاوی و ئەگەرچی زۆریش ماندووی بەڵام هەرچەند دەکەی خەوت نایەت، ناتەوێ بە دەرمان و حەبیش خەوت لێبکەوێت! لەکاتێکی وادا ئامێری Banala Sense باشترین رێگا چارەیە و دەتخاتە خەوێکی قووڵ و ئارامەوە.

ئەم ئامێرە پێکهاتووە لە بڵندگۆیەکی بچووك و تەکنەلۆژییەکی نوێ بەهۆی ئەو بڵندگۆ بچووکەوە دەنگی ئیزۆکرۆنیك بڵاودەبێتەوە و ئەم شەپۆلیە دەنگییە وا دەکات بە زوویی خەوت لێبکەوێت. ئەم سیستەمە لەلایەن بەشی تەندروستی جیهانییەو پەسەند کراوە. شەپۆلە دەنگییەکە ئاڵۆزی زەینی کەم دەکاتەوە، پاشان پاشان شەپۆلی تتا وا دەکات بکەویە خەوێکی قووڵەوە.

دیارە ئامێرەکە سێ حاڵەتی دیکەشی هەیە وەك: زاڵبوون بەسەرخۆتدا، دوگمەی فۆکۆس شەپۆلێك بڵاودەکاتەوە وا دەکات هەرکارێك دەیکەی بەبێ شێوان و ئاڵۆزی بیری لێبکەیەوە.

ئارام بوون: دوگمەی ئارام بوون وا دەکات شەپۆلێکی دەنگی تایبەت بڵاوبکرێتەوە بەکارهێنەر هەست بەئارامی بکات.

هەستی باشبوون: کاتێك هەست پێدەکەی تووشی خەمۆکی دەبی، دوگمەی هەست بەباشبوون دابگرە و شەپۆلێك بڵاودەبێتەوە گۆڕانکاری لە شێواز و کردارتدا پێکدێنێت.





## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ئیمێلی ساختە

زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوەی هەژمارێك بکەیەوە پێویستە ئیمێلی خۆت بنووسی. ئەگەر حەزناکەی ئیمێلی خۆت بنووسی دەکرێت لە ماڵپەڕی temp-mail.org ئیمێلی ساختە دروست بکەی. ئیمێلی درۆینە یا ساختە ئەو ئیمێلەیە کە کاتیە و بۆ یەکجارە و بەکارهێنەرەکەی بە نەناسراوی دەهێڵێتەوە.

لە ماڵپەڕیدا دەتوانی بێ سنووری ئیمێل دروست بکەی و ئەو ئیمێلانەی بۆت دێن هەتا زیاتر لە سێساڵیش دەمێننەوە. بۆ دروستکردنی ئیمێلی ساختە پێویستی بەوە نییە ئەکاونت دروست بکەی و ژمارەی مۆبایل و ناوی خۆت بنووسی. هەر ماڵپەڕەکەت کردەوە ئیمێلێکی ساختەت بۆ دروست دەبێ و دەتوانی بۆ هەموو مەبەستێك بەکاری بێنی.



# لێو و گەردنت لە سەرمای پاییز بپارێزە

گەردن و لێو، هەستوەرترین بەشی ڕووخسارن لە ڕووی ناسکییەوە، ساردبوونی کەشوهەوا گەورەترین کێشە و گرفت بۆ پێیست دروست دەکات، کە زۆربەی جار ماوەیەکی زۆر بە هەنگاوەکانی جوانکارییەوە سەرقاڵیت، کەچی بەرکەوتنی سەرمایەك، یان پێکەوتنی هەوای سارد دەبێتە هۆی تێکدانی جوانیی پێست، لێرەدا باس لە دیارترین ئەو شوێنانە دەکەین کە بە سەرماوە کاریگەر دەبن، بەهۆی ناسکیی پێستی لێو، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناکرێت داپۆشرێت، بۆیە بەردەوام بەر هەوای سارد دەکەوێت، دواتر کۆمەڵێکگرفت دروست دەکات وەك: قلێشان، چرچ بوون، وشکبوون، زیپکە، و چەندین کێشەی دیکە کە لەسەر لێودا دروست دەبن. بۆ ڕێگەری لە ڕوودانی ئەو کێشانە پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرینە بەر: دووركەوتنەوە لە تەڕکردنی لێوەکان بە ئاوی دەم لە کاتی دەرچوون و کەشی ساردا، چونکە دەبێتە هۆکاری شەقبوونی پێستی لێو، بەهۆی ئەوەی کارلێککردن لەگەڵ یەکەکانی هەوای ساردا ڕوودەدات. زیادەڕۆیی لە دەست لێدانی دەم، ئەوەش هەنگاوێکی دیکەی نیگەتیڤە بۆ لێوەکان کە هەندێ جار ڕەنگە ئاگادار نەبیت دەستەکانت پاك نین، بەمەش هەرچی بەکتیریا و ڤایرۆسە دەکەونە سەر لێوەکانت لە کاتی دەستکاری لێوتدا. هەوڵ بدە ماوە ماوە بە قوماشێکی پاك، مەساج بۆ لێوت بکەیت، ئەوەش لە کەشێکی گەرمدا بێت باشترە. ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆری ئاو بخۆرەوە، بەر لە دەرچوونت مەرهەمی دژە وشکبوونی لێو بەکار بهێنە، هەروەها کاتێك کە هەست دەکەیت لە کەشێکی زۆر سارددایت، هەوڵ بدە لێوت بە ملپێچ یان کلینیکس داپۆشیت.





# شێوازی ڕەفتار و مامەڵەکردنت لەکاتی گەشتکردندا

گەشتکردن مافێکی هەمووانە و بە ئەنجامدانی ئەو نەریتە کەش و باری دەروونیت تەواو گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بە خەڵکی وڵاتان و نەتەوەی دیکە و کلتووری جیاواز ئاشنا دەبیت، ئەتەکێتی گەشتکردن لەو کاتەی لە ماڵ دەردەچیت تاوەکو دەگەیتە شوێنی مەبەست، پێویستە ئاگاداری ڕەفتار و جووڵە و مامەڵەکردنت بیت، چونکە هەڵەکردن یان نەزانینی شێواز و ئەتەکێتی گەشت و نێو فڕۆکەخانە دەبێتە مایەی شێواندنی جوانیت و لە کاتی هەڵەکانت دەوروبەر گاڵتەت پێ دەکەن، بۆیە پێویستە ئاگاداری ئەو ڕێوشوێنانە بیت کە لە کاتی گەشتدا لەسەرتە جێبەجێیان بکەیت، سەرەتا دوای ئەوەی لە ماڵەوە خۆت ئامادە دەکەیت، پاشان دەچتە فڕۆکەخانە، ئەو کاتەی دەگەیتە فڕۆکەخانە چێك و پشکنین دەکرێت، کەرەستەی زیاد و جێگەی گومان و توند و تیژی لەگەڵ خۆت مەبە، بە تایبەت چەقۆ، دواتر لە ڕێگەی تۆمارکردن پێویستە تێکیت و پاسپۆرتت تەواو بێت، ڕۆژێك پێشتر پشکنین بۆ پێداویستییەکانی گەشتەکەت بکە، پێویستە کەرەستەکانت بدەیت بە کارمەندی گواستنەوە، وەك جانتا و کەرەستەکانی دیکە، دوای ئەوەی چێك دەکرێت لەو لا وەری دەگریتەوە، بە تایبەت ئەگەر کەرەستەکانت زۆر بن، چونکە لە نێو فڕۆکەدا جێگەیان نابێتەوە، دوای پشکنینی ئەمنیی کارتی چوونە نێو فڕۆکەت پێ دەدەرێت، تۆش دەبێت لەو پەڕی ئارامیدا بیت، تەنانەت ئەگەر گرفتێکیش هەبێت، بە هێواشی و بە بێ تووڕە دان بە خۆتدا بگرە، با ناسنامە و پاسپۆرتت لەلای خۆت بێت و مەخەرە نێو جانتاکانت نەوەك ون بێت، دوای ئەوەی سەردەکەویت و پاشان دەگەیتە شوێنی مەبەست، ئەو کاتە چاوەڕوانی کەرەستەکانت لە شوێنی ڕەفەی کەرەستەکان دەکەیت، پاشان بۆ چوونە نێو ئەو شوێنە تاوەکو مۆری چوونە ژوورەوە وەربگریت، جوانترە جلێکی ئاسایی و ناسکت لەبەر بێت، پێویست ناکات جلی فەرمی بپۆشیت، چونکە دەبێتە مایەی بێزار بوونت.

# چات و نامە گۆڕینەوە بەشێکە لە جوانی کەسایەتیت

لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی خانمان لە جیاتی قسەکردنی دەنگ و ڕووبەڕوو، پەنایان بردووەتە بەر نامە گۆڕینەوە و تێکست ناردن و سناب و ستریك و نامەی دەنگی، کە ئەوەش قسەکردنی جارانی بۆ هەمووان ئاسان کردووە، تەنانەت هەندێ جار دوو کچ لە نزیکی یەکن، یان لە ژووری دەوام و ماڵەوەن، بە نامە قسە دەکەن، بۆ گواستنەوەی قسە و مەبەستەکانیان بەبێ ئەوەی کەس هەستیان پێ بکات، ئەمە وەك نەریتێکی باو بووەتە کارێکی خۆشەویست لای زۆربەی خانمان، هەندێ جاریش ئەو نامە و قسانە دەبنە مایەی کێشە و گرفت، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەوە بیت کە پاشماوەی نامە و شتی خراپت نەبێت، نەوەك کەسی بەرامبەر بە مەبەستی ئازاردانت بەکاریان بهێنێت، یان ببێتە ماددەیەکی یاسایی لەسەرت، هەوڵ بدە تەنیا نامەی سڵاو و قسەی ئاسایی بە ڕێگەی نامە بنێریت، دەربارەی نهێنی و قسە لەسەر کەسانی دیکە، وا چاکە بە تیل بێت، ئەوەش لە ئەپەکانی سۆشیاڵ میدیادا بەبێ سڵاو هیچ شتێك مەنێرە، ئەگەر کەسەکە وەڵامی نەبوو پەلە مەکە، چونکە ڕەنگە شوێنەکەی، یان کاتەکەی گونجاو نەبێت تا وەڵامت بداتەوە، گرنگی بەوکەسانە بدە کە نامەت بۆ دەنێرنەوە، نەوەك ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەیت و وەڵامی نەبێت، هەوڵ بدە نامەکان کورت و مانایان هەبێت، نەوەك شتێك بنێریت کەسەکە لێت تێنەگات، بەر لەوەی نامە یان سناپ و شت بنێریت، ئاگاداری کەسەکە بە کە بۆی دەنێریت، نەوەك هەڵە لە ناردنی کەسەکان بکەیت، لە کاتێکدا کۆتایی بە قسە دێت، هەوڵ بدە پێی ڕابگەیەنیت کە قسەکان تەواو بوون، یان خواحافیزی کۆتایی بکە.







# ئۆتۆمبێل بە ئاسمانەوە

لە داهاتوودا هاتووچۆ لەسەر زەوی نامێنێت و هەمووی دەبێتە هێڵی ئاسمانی و خەڵك لە جیاتی بە ئوتۆمبێلەکانی ئێستا کار بکەن، پەنا دەبەنە بەر ئوتۆمبێڵی فڕیوو، واتە ئەو کەرەستانەی بە پەروانە و ئامێری فڕین کار دەکەن، بەم چەشنە هاتووچۆ لەسەر زەوی نامێنێت، لە ئێستادا وەکو دەگوترێت، ئەی ترافیك لایتەکان چۆن لە ئاسمانەوە جێگیر بکرێت، ئەوەش لە داهاتوو بیری لێ دەکرێتەوە،

یەکەم ئۆتۆمبێلی فڕیووی جیهان بە ناوی x2 کە لەلایەن کۆمپانیای ئێکس پینگی چینی دروست کرا، بۆ یەکەمجار لە دوبەی نمایشکرا، تاقیکارییەکە ماوەی ٩٠ خوولەکی خایاند، ئۆتۆمبێلەکە هۆکاری ئەوەی لە دوبەی بۆیەکەم جار نمایشکرا گەڕێنرایەوە بۆ ئەوەی دوبەی نوێگەرترین شارە لە هەموو جیهاندا، بەم چەشنە جیهانی ئوتۆمبێل پێ دەنێتە نێو قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتن و داهێنان.





# گەنجێکی هەولێر نمرەی ٨,٥ لە ئایڵتس دەهێنێت

عەلی سروود ئەحمەد، دەرچووی بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسییە، بەم دواییە بۆ بەدەستهێنانی ئۆفەرەکانی خوێندن پێویستی بە ئەنجامێکی باشی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتیی ئایڵتس هەبوو، دوای ئەوەی چووە نێو تاقیکردنەوەکە پلەی ٨,٥ی هێناوە، کە ئەو نمرەیە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبیدا نەهاتووە، تاقیکردنەوەکە لەسەر نۆ نمرەیە و عەلی تەنیا نیو پۆینت نمرەی لە دەستداوە، وەك خۆی دەڵێت: «یەکەم جارە ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەم و پێشتر تاقیکردنەوەی pte کردووە کە ٩٠ لەسەر ٩٠م هێناوە، هیچ خۆم ئامادەنەکردبوو و لە خۆمەوە و چووم، ئەوجارەیان بچم ڕەنگە نۆ نمرەی تەواو بهێنم، واتە یەکەمی سەر تێستەکە، دەگوترێت بەریتانییەکان ئەو سیستەمەیان داهێناوە وخۆیان کەمتر لە هەشت دەهێنن، منیش دوای ئەوەی ئەنجامەکانم لە نێو زەرفێکدا بۆ هاتەوە، کە لە دڵی خۆمدا دەمگوت ڕەنگە حەوت یان هەشت بهێنم، کەچی ٨,٥ بۆم هاتبووەوە و ئەمەش وای کرد کە یەکەم کەس بم لەسەر ئاستی کوردستان و تەنانەت لەلایەن زانکۆی خۆمەوە پیرۆزبایی تایبەتم لێکرا و خەڵاتی ڕێزلێنانم پێ بەخشرا، ئەو تاقیکردنەوانە ڕاستە زیرەکیی دەوێت بەڵام پێویستە هەندێ لە تەکتیك و لایەنە شاراوەکانی بزانیت، چونکە ئەوان تاقیت دەکەنەوە لەسەر ئاستی شارەزاییت لە زمانی ئینگلیزی و زانیاریی گشتی و ئاستی ڕۆشنبیریت.

# هاوسەرگیری بەسەر شاخەوە

وا باوە کە بووك و زاوا لە ڕۆژی زەماوەند و وێنەگرتندا هەوڵ دەدەن جوانترین شوێن و دیمەن بۆ وێنەی هاوسەرگیرییان هەڵدەبژێرن، زیاتر باخچە و باڵەخانە و شوێنی سرووشتی دەکەن بە باکگراوندی وێنەکانیان، بەڵام ئەو دوو هاوسەرە بەریتانییە شێوازێکی تازەیان لە وێنەی هاوسەرگیریدا هێنایە کایەوە، ئەویش وێنەگرتن لەسەر شاخ و چیایە، هەر یەکە لە (شاین و واینی) بووك و زاوا بەرزترین زنجیرە شاخەکانی وڵاتی چینیان کردە شوێنی وێنەگرتن، کە لە لێواری چیای (چایا)ی لە ناوچەی زومادیانی سەر بە هەرێمی گەنان، بەرزیی شوێنەکە دەگاتە (٣٣٠) مەتر، هەر یەکە لە بووك و زاوا بە گوریس خۆیان بەستووەتەوە لە ترسی کەوتن، بیرۆکەی ئەو کارەیان لە زنجیرە درامانی تەلەفزیۆنی چینی (گەشتێك بەرەو خۆرئاوا - Journey To The West) وەرگرتووە، کە شوێنەکە بەناوبانگترین زنجیرە چیاکانی وڵاتی چینە.



# گەورەترین مۆز لە جیهان دا



میوە و سەوزەکان، قەبارەیان دیارە و بەرچاوە، بەڵام ئەوەی سەیرە هەندێکی دیکە جیاواز دەردەکەون و قەبارەیان لە خۆیان گەورەتر یان بچووکتر دەردەکەوێت، ئەم مۆزە زەبەلاحە لە وڵاتی «چاپیۆ گینیا»ی نوێیە، و پێی دەوترێت (Musa Lngen)، کە خۆی گەورەترین گیای تەختییە لە جیهان دا، یەك دانە مۆزی نیزیکەی شەش کیلۆگرام دەبێت، درێژییەکەی دەگاتە ٣٠سم، درێژیی گەڵاکانی ئەم درەختە دەگاتە پێنج مەتر و پانییەکەی دەگاتە یەك مەتر، بەرزیی ئەم درەختە نیزیکەی ٣٥مەترە.




## کاریکاتێر

باس لە مافی ئافرەت دەکات، ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێت داوای مافی خۆیان بکەن، کەچی دادگاکان چاودێرییان دەکەن و پێیان دەڵێن: ئەو کارە مەکەن چونکە یاساکان هەن.



## میوزیک


**کچێکی ناوازەی سەر شێت**

**Super Freaky Girl**

یەکێکە لە تراکە تازەکانی کچە گۆرانی بێژی ئیسپانی ئۆنیکا تانیا ماراج پیتی، کە بە نیکی میناج ناسراوە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٢ دەستی بە گۆرانی کردووە، گۆرانییە تازەکەی لە ئەلبوومی Queen Radio: Vol-ume 1 بڵاو کردووەتەوە، لە جۆری ئار ئەند بی سۆڵە، هیپ هۆپی راپە.

## فیلم

# بەختەوەرترین کچی رزگاربوو - Luckiest Girl Alive




درامایەکی کۆمەڵایەتی و خێزانییە، یەکێکە لە فیلمە نایابەکانی ئەمساڵ، باس لە خانمە نووسەرێك دەکات کە دەچێتە شاری نیویۆرك تاوەکو لەوێ بژی، لەو کاتەی چەند بەڵگەنامەیەکی دیکۆرمێنتاری تاوانێکی دەست دەکەوێت، وای لێ دەکات بە دواداچوونی بۆ بکات، تاوانەکە دەربارەی هەڵخەڵەتاندانی کچانی ناوەندەکانی خوێندنە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٣ خولەکە، لە دەرهێنانی مایك بارکەر لە مانگی ٩ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و ئێستا لە سینەماکانی جیهان نمایش دەکرێت، ئەکتەرانی فیلمەکە بریتیین لە: میلا کونیس، چیارا ئۆرێلا، فین واترۆك، جینیفەر بیاڵس، جەستن لۆپ، کونی باریتۆن.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە رووی پیشەییەوە کارکردن لەسەر بیرۆکەکانت وا دەکات سەرنجی بەرپرسەکانت راکێشیت، لە رووی سۆزدارییەوە پارێزگاری لە متمانە هۆکارە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندیتان لەگەڵ خۆشەویستەکەت، تەندروستیت بەرەو باشبوون دەچێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە رووی پیشەییەوە تەواوی بەرپرسیارێتییەکان هەڵمەگرە، پێویستت بە پشووەرگرتن هەیە، لە رووی سۆزدارییەوە مەکەوەرە ژێر کاریگەریی وشە نەرێنییەکانی کەسانی چواردەورت، ئەم ماوەیە بڕیاردان بەلاتەوە ئاسان دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

خاڵێکی گرنگ لە رووی پیشەییەوە ئەوەیە کە بە یەك شێوازی کارکردن بەردەوام نەبیت و گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، لە رووی سۆزدارییەوە بیر لەوە بکەرەوە کە گەشتێك لەگەڵ هاوسۆزەکەت ئەنجام بدەیت، تەندروستیت جێگیرە و چالاکیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەهۆی پیشەکەتەوە خەریکە خێزان و هاوڕێکانت پشتگوێ دەخەیت، پێویستت بە پلان و خۆڕێکخستنەوە هەیە بۆئەوەی نەکەویتە هەڵەوە و پاڵپشتی کەسە نزیکەکانت لەدەست نەدەیت، تەندروستیی جەستەت پەیوەستە بە ئارامیی دەروونتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

وا باشترە کێشەکانت بۆ کەسانی دیکە باس نەکەیت، بەتایبەتی لە دەرەوەی شوێنی کارەکەت، باشترە هەر گرفتێك و لە شوێنی دیاریکراوی خۆی چارەسەر بکەیت، لەبیری مەکە کار لەسەر شێوازی ژیانت بکەیت، چونکە ناتەندروست دەژیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە روی پیشەییەوە ئەزموونی نوێ پەیدا دەکەیت، باشترە ئەم ماوەیە لەو رێگەیە پاشگەز نەبیتەوە کە هەڵتبژاردووە، کاربکە بۆئەوەی زیاتر پاڵپشتیی خۆشەویستەکەت بەدەست بهێنیت، ماندووبوونی زۆر زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.

بۆ زانیاریت

## ماری کۆری



یەکەم ئافرەت و کەسایەتیی زانستی لە مێژوودا کە هەردوو خەڵاتی نۆبڵی (فیزیا و کیمیای) وەرگرتبێت، لە (٧ی تشرینی دووەمی ١٨٦٧) لە پۆڵەندا لەدایکبووە، سەرەتای ژیانی لە وارساو بووە ئەمەش تا ئەوکاتەی ماری کوری تەمەنی ٢٤ساڵان بووە، دوایش چووەتە فەرەنسا لەوێ ژیاوە، ماری لەتەمەنی دە ساڵاندا دەبێت کە خوشکەکەی دەمرێت کەناوی زۆفیا بووە، کاتێکیش تەمەنی گەیشتووەتە دوازدە ساڵان دایکیشی دەمریت لە دوای ئەو ڕووداوانە دەچێتە پاریس لای خووشکەکەی بەمەستی تەواوکردنی خوێندن، لەوێ نمرەکانی بەرز بوو لەوانەکانی زانستدا، ماری لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کە ناوی پیری کوری بوو توانیان تووخمی کیمیایی پۆلۆنیۆم و ڕادیۆم بدۆزنەوە، یەکەم ژن بوو کە خەڵاتی نۆبێلی پێ بەخشراوە لە دوو بواری جیاوازدا و، تەنیا کەسێکیشە لە دوو بواری زانستیدا خەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێناوە، خەڵاتەکانیشی: خەڵاتی نۆبڵی فیزیای ساڵی ١٩٠٣بۆ خۆی و مێردەکەی «پێری کۆری» لەسەر دۆزینەوەیان بۆ تیشکدانی ناووکی، خەڵاتی نۆبڵی کیمیای ساڵی ١٩١١ لەسەر دۆزینەوەی دوو توخمی پۆڵۆنیۆم و ڕادیۆم، یەکێکی دیکە لە دەستکەوتەکانی لە بواری توێژینەوەکانیدا زاراوەی ( ڕادیۆئاکتیڤیتە کە ئەو بۆ یەکەمجار بەکاری هێناوە، ماری کوری لە ( ٤ ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٤ ) لە فەرەنسا بە نەخۆشیی شێرپەنجە لەتەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.



## پەند و وتە


سێر سپێنسەر چاپڵن جۆنیۆر، KBE ئەکتەری کۆمێدی و دروستکەری فیلم و داهێنەری فیلمی بێدەنگ، لە ساڵی١٨٨٩ لە لەندەن لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٧ لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە. وەك دەڵێت ببینن تەمەنێکە باس لە هاتنە ناو ژیانی خەڵك دەکرێت، سەرەڕای پێشکەوتن لە هەموو بوارێکدا کەچی قسە و قسەڵۆك و چوونە نێو ژیانی تاکە کەسی هێشتا هەیە، دەربارەی ئەم حاڵەتە دەڵێت: ژیان خۆشتر و باشتر دەبێت، کاتێك کەسانی دیکە واز لە ژیانت دەهێنن و بێزارت ناکەن.

## یاسا



### زیندانیەکان لە کاتی بۆنە و جەژنەکان

زیندانیان لە بۆنەکان وەك جەژن و هەر بۆنەیەکی دیکەدا ئارەزوو دەکەن لەگەڵ خێزان و کەس و کاریان بن، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن داوای مۆڵەتی هاتنە دەرەوە بکەن لە زیندان بۆ چەند ڕۆژێك، بەڵام پێویستە بەندکراو عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، بەم مەرجانەی خوارەوە ئەتوانن داوای مۆڵەت بکەن: پێویستە سزادراو چارەکێکی ماوەی حوکمی لە چاکسازیدا بەسەر بردبێت، کە لە هەموو حاڵەتێکدا لە ساڵێك کەمتر نەبێت، پێکهێنانی لیژنەیەك لە (توێژەری کۆمەڵایەتی و یاسایی وژمێریاری) بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی پێویست و پەسەندکردنی ڕاپۆرتەکە و ڕەزامەندیی بەڕێوەبەر، کە ئەم لیژنەیە بڕی پارەی بارمتە بەپێی جۆر و ماوەی سزاکە دیاری دەکەن، دانانی کەفیلێکی کەسیی (شخصی) پەسەندکراو لەلایەن دادنووسەوە، دانانی بارمتەی دارایی کە بریتی دەبێت لە پارەی کاش لە بانکێك بەناوی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسزایی ئەو شارەی کە چاکسزاییەکەی لێیە، کە لە بڕی پێنج ملیۆندینار کەمتر نەبێت و لە٢٥ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان گلدانەوە (حجز) خستنە سەر خانوویەك کە نرخەکەی کەمتر نەبێت لە بڕی پارەی دیاری کراو، گەڕانەوەی بارمتەکە تەنیا بە واژووی بەڕێوەبەری چاکسازییەکە دەبێت، هەر سزادراوێك بە زیاتر لە سزایەك سزا درابوو، ئەگەر ئەو سزایە ڕێگر بوو لە مۆڵەتوەرگرتن، دەبێت یەکێك لە سزاکان تەواو بکات پاشان مۆڵەتی پێ دەدرێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا پشیلەیەك هەیە، بە جوانی سەرنج بدەن و لە ماوەی یەك خولەکدا بیدۆزەرەوە، بۆ ئاسانکاری، شوێنەکەی دەکەوێتە لای دەستە چەپی خۆت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەیوەندی هاوڕێیەتیت زیاتر قوڵ دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر لایەنی دەروونیت دەبێت، باشترە ئەم ماوەیە زیاتر کاربکەیت بۆ ئەوەی سوود لە کاتەکانت ببینیت، لە رووی سۆزدارییەوە چانسی زۆر هەیە بۆئەوەی خۆشەویستی ژیانت بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

زۆر لە خۆت مەکە بۆ ئەنجامدانی چەند کارێك کە هەست دەکەیت لە توانای تۆدا نییە، هەوڵ مەدە بەو شێوەیە سەرنجی بەرپرسانت رابکێشیت، باشترە لە توانای خۆتدا بە باشترین شێوە کاربکەیت، بەم زووانە بارودۆخی ژیانی تایبەتیت بەرەو باشی دەڕوات.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەمیشە لەبیرت بێت کە لە شووشە دروست نەکراویت و کەسانی دیکە ناتوانن ناخت بخوێننەوە، هەر بۆیە لۆمەی کەسانی دیکە مەکە کاتێك بە هەڵە لێت تێدەگەن، تەنیا بە هێمنی هەڵە تێگەیشتنەکان راست بکەرەوە، پێویستت بە پشوو وەرگرتن هەیە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لەبری لۆمەکردنی هاوپیشەکانت، کاربکە بۆئەوەی زیاتر خۆت بەرەو پێشەوە ببەیت، هاوسەنگییەك رابگرە لە نێوان لایەنی پیشەیی و ژیانی تایبەتیتدا، بەم زووانە کەسێکی خۆشەویستت دەبینیت کە ماوەیەکی زۆرە ئارەزوو دەکەیت بیبینیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کارەکان باش نارۆن بەڕێوە، چونکە ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر خۆت ڕێك بخەیتەوە و دووبارە پلان دابنێیتەوە، لە رووی سۆزدارییەوە پێویستە زیاتر هێمنیت بپارێزیت، دەنا زیان بە پەیوەندیی خۆت و خۆشەویستەکەت دەگات.


### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە یەك کاتدا چەندین پەرپرسیارێتی هەڵمەگرە، چونکە تووشی سەرلێشێوانت دەکات، باشترە سەرنجت لەسەر یەك کار بێت و تەواوی وزەی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت، لە رووی سۆزدارییەوە پەیوەندیی خۆشەویستییت مەخەرە مەترسییەوە بەوەی بەرامبەرەکەت پشتگوێ بخەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan October 31, 2022 Issue,No.1339


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626